پیسبوونی بینین و کاریگەری لەسەر رەفتاری کۆمەڵایەتی

تۆێژینەوەیەکی سۆسیۆسایکۆلۆژیی

مەیدانیە

هەوراز محەمەد

مەکتەبی بیروهۆشیاری (ی.ن.ك)
سلێمانی ـ گەڕەکی سەرچنار ـ ١٢١
کۆلانی ـ ٤٤
ژ.خانوو ـ ١

www.hoshyari.org
govarynovin@yahoo.com

پیسبوونی بینین و کاریگەری لەسەر رەفتاری کۆمەڵایەتی
نووسەر : هەوراز محەمەد
بابەت : کۆمەڵناسی دەروونی (ئیکۆڵینەوە)
دیزاینی بەرگ: (Ville Hermanni Valo)- نەبەز ئەحمەد
دیزاینی ناوەوە: فەهمی جەلال
تیراژ : ١٠٠٠ دانە
ژمارەی سپاردن: (٢٣٢٣) ی وەزارەتی رۆشنبیری ساڵی ٢٠٠٨ی پێدراوە.
ژمارەی زنجیرە: (٢٨١)
ساڵ و شوێنی چاپ: سلێمانی – ٢٠٠٨
چاپ: دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی
بڵاوکراوەکانی مەکتەبی بیروهۆشیاری (ی.ن.ك). ساڵی ٢٠٠٨

پێشکەشە بە:

- هەموو ئەوانەی چاویان جوانی دەبینێ.

- ژینگەپارێزەکانی وڵاتەکەم.

سوپاس و پێزانین:

سوپاس و پێزانینی خۆم ئاڕاستەی سەرجەم ئەو کەسانە دەکەم کەلە بەئەنجامگەیاندنی ئەم توێژینەوەیەدا هاوکاریان کردم، بەتایبەت:

- سەرجەم مامۆستا بەڕێزەکانی بەشی کۆمەڵناسی زانکۆی سلێمانی بەتایبەت هەریەکە لە: (د. نیان نامق - م. جوان ئیحسان - د. عالیە فەرەج - م. سەرنج عەزیز - م. پەیمان عەبدولقادر - م. کەژاڵ حسێن.).
- برای نوسەر حەسەن یاسین.
- برای رۆژنامەنووس حەمید ئەبوبەکر.
- هەریەکە لەهاوڕێیانم (نەبەز ئەحمەد - ئاسۆ عوسمان - ئەکبەر حەسەن) .

پێرستی بابەتەکان

ناوەڕۆك	لاپەڕە
١- پێشکەشە	٣
٢- سوپاس و پێزانین	٤
٣- دەروازەی یەکەم: لایەنی تیۆری	٩
٤- پێشەکی	١٠
٥- بەشی یەکەم: باسی یەکەم	١٩
کێشەی توێژینەوە	٢٠
گرنگی توێژینەوە	٢٢
ئامانجی توێژینەوە	٢٤
٦- باسی دووەم: چەمکە سەرەکیەکان	٢٥
کاریگەری	٢٦
ژینگە	٢٧
ژینگەی بینراو	٢٩
پیسبوونی ژینگە	٣٠
پیسبوونی ژینگەی بینراو	٣٢
ڕەفتاری کۆمەڵایەتی	٣٥
٧- بەشی دووەم: ژینگەو ژیانی مرۆڤ	٣٩
٨- باسی یەکەم: پەیوەندی مرۆڤ و ژینگە	٤٤
٩- باسی دووەم: پیسبوونی ژینگە	٥٩
١٠- باسی سێیەم: فاکتەرەکانی پیسبوونی ژینگەی بینراو	٨٠
١١- بەشی سێیەم: پیسبوونی بینین و ڕەفتاری کۆمەڵایەتی	٨٩
١٢- باسی یەکەم: بینین و پیسبوونی بینین	٩٠
١٣- باسی دووەم: پیسبوونی بینین و ڕەفتاری کۆمەڵایەتی	١٠١
١٤- باسی سێیەم: دیاردەکانی پیسبوونی بینین لەشاری سلێمانیدا	١١١
١٥- دەروازەی دووەم: لایەنی مەیدانی	١٢٩
١٦- بەشی چوارەم: ستراتیژی توێژینەوە مەیدانیەکە	١٢٩
گریمانەکانی توێژینەوەکە	١٣٠
ڕێبازی توێژینەوە	١٣١
کۆمەڵگەی توێژینەوە	١٣٣
نمونەی توێژینەوە	١٣٥
بوارەکانی توێژینەوە	١٣٦
تەنگ و چەڵەمەی توێژینەوە	١٣٧
١٧- بەشی پێنجەم: دەرخستن و شیکردنەوی زانیاریەکان	١٣٩
١٨- باسی یەکەم: سیماگشتییەکان	١٤٠
١٩- باسی دووەم: شیکردنەوەی زانیاریە سەرەکیەکان	١٥٤
٢٠- باسی سێیەم: ئەنجامی گریمانەکان	١٩٦
٢١- باسی چوارەم: ئاکامە گشتییەکان	٢٠٠

۲۲- بەشی شەشەم: دەرەنجام و پێشنیارەکان..... ۲۰۷
۲۳- سەرچاوەکان..... ۲۱۳

پێڕستی خشتەکان

خشتە		لاپەڕە
۱-	خشتەی ژمارە (۱).....	۱٤۰
۲-	خشتەی ژمارە (۲).....	۱٤۱
۳-	خشتەی ژمارە (۳)	۱٤۳
٤-	خشتەی ژمارە (٤)	۱٤٥
٥-	خشتەی ژمارە (٥)	۱٤۷
٦-	خشتەی ژمارە (٦)	۱٤۸
۷-	خشتەی ژمارە (۷)	۱٥۰
۸-	خشتەی ژمارە (۸)	۱٥۱
۹-	خشتەی ژمارە (۹)	۱٥٥
۱۰-	خشتەی ژمارە (۱۰)	۱٥۷
۱۱-	خشتەی ژمارە (۱۱)	۱٥۹
۱۲-	خشتەی ژمارە (۱۲)	۱٦۱
۱۳-	خشتەی ژمارە (۱۳)	۱٦۳
۱٤-	خشتەی ژمارە (۱٤)	۱٦٥
۱٥-	خشتەی ژمارە (۱٥)	۱٦۷

۱٦- خشتەی ژمارە (۱٦) ۱٦۹
۱۷- خشتەی ژمارە (۱۷) ۱۷۱
۱۸- خشتەی ژمارە (۱۸) ۱۷۲
۱۹- خشتەی ژمارە (۱۹) ۱۷٤
۲۰- خشتەی ژمارە (۲۰) ۱۷٦
۲۱- خشتەی ژمارە (۲۱) ۱۷۸
۲۲- خشتەی ژمارە (۲۲) ۱۸۰
۲۳- خشتەی ژمارە (۲۳) ۱۸۳
۲٤- خشتەی ژمارە (۲٤) ۱۸٤
۲٥- خشتەی ژمارە (۲٥) ۱۸٦
۲٦- خشتەی ژمارە (۲٦) ۱۸۷
۲۷- خشتەی ژمارە (۲۷) ۱۸۹
۲۸- دەرئەنجامی پرسیاری (۲۸) ۱۹۱
۲۹- دەرئەنجامی پرسیاری (۲۹) ۱۹٤

پێڕستی پاشکۆکان

پاشکۆ		لاپەڕە
۱-	فۆرمی زانیاری.....	۲۱۸
۲-	چەند فۆتۆیەك.....	۲۲۱

دەروازەی یەکەم

لایەنی تیۆری

پێشەکی:

ژیانی شارستانی و شارنشینی یەکێکە لە سیماکانی پێشکەوتنی رەوتی ژیانی مرۆیی، کە باشی و بەرهەمی سەمەرەی بۆ مرۆڤایەتی دەستەبەرکردوە و دنیایەك دیاردەی تازەی بە مرۆڤ بەخشی و بیرکردنەوە و ڕامانی مرۆیی بەرامبەر زۆر لە پرسیارە گەورەو بچوکەکان گۆڕی. پێشکەوتنی بەردەوام و خێرایی داهێنان، دەرکەوتنی پیشەسازی و گەشەکردنی، قاڵبوون لە بواری تەکنەلۆژیاو بە ئامێربوونی مرۆڤ و ساردبوونەوەی پەیوەندییە کۆمەلایەتییەکان و گۆڕان لەئاوێتەبوونی کۆمەلایەتی و هاتنەناوەوەی بەرژەوەندی تایبەت لەجێگەی بەرژەوەندی گشتی و

بەرکەمالّبوونی تاکایەتی، سەرجەمی ئەو دەردە دەروونیانەی کە بەدوای خۆیدا هێنای، ئەمە جگە لەوەی مرۆڤی دەرهەق بەزۆر مەسەلە ئازادو سەربەستکرد. شێوەی ژیان و خێزان و کار و سەرجەمی ئەو شتانەی پەیوەندییان بە بوونی مرۆڤەوە هەبوو گۆڕانی بەسەرداهات، ژینگەش بەر ئەو گۆڕانە بنەڕەتییانە کەوت.

ئاشکرایە مرۆڤ یەکێکە لەبەرهەمەکانی سروشت و دواجاریش بە سەرجەمی ئەو پێشکەوتنە و تەنانەت بالاّدەست بوونی مرۆڤ بەسەر شتەکانی تریشدا، نەیتوانیوە هیچ لە ملکەچی مرۆڤ بۆ سروشت و ژینگەکەی کەم بکاتەوە.

بەلاّم ئەوەی کەوەك یەکێکی تر لە داهێنانەکانی پەرەسەندنی ژیانی کۆمەلاّیەتی بەرهەمهات، شارە. شار بریتییە لە پێگەیەکی دەستکرد کە مرۆڤەکان بەویستی خۆیان و بەپێی پێویستییە ژیارییەکانیان لەهەناوی ژینگە سروشتییەکەدا دروستیدەکەن، ئەمە بەو مانایەی، شار، کە لەم توێژینەوەیەدا زۆرجار بەژینگەی دروستکراو ناوی هاتووە بەشێکی جیانەکراوەیە لە ژینگەی سروشتی، بگرە درێژکراوەیەتی.

پێشکەوتن و پەرەسەندن پێویستی دروستکردنی ژینگەیەکیان بۆ مرۆڤ هێنایە کایەوە، کە ملکەچبێت بۆ مرۆڤ. بەپێچەوانەی قۆناغی سەرەتاوە، تا ئەو شوێنەی مرۆڤ بە ویستی خۆی لە ژینگەی دروستکراودا شتەکان رێکدەخات و پێویستییە سەردەمییەکان دەکاتە بنەمای گەشەپێکردنی ژینگەکە، بەلاّم دواجار نەیتوانیوە خۆی لە ژێر رکێفی ژینگەی سروشتی دەربهێنێت، گەر شارە زەبەلاحەکانی ئەمریکا وەك نموونەی ژینگەی دروستکراو وەربگرین کە پێگەیەکن جگە لەدەستکردی مرۆڤ دەستکردی تریان پێوە نابینرێت، تەنانەت باخچەو شێوەی پەرژین و چیمەنەکانیشیان لە سروشتیبوون دەرچوون و جێدەستی مرۆڤیان پێوە دیارە، کەچی بەردەوام لەژێر هەڕشەی تۆفان وگیژەلّوکەو لافاودان.

ئەگەر وادابنرێت کە ژینگە سەرجەمی ئەو چوارچێوە سروشتی و ژیاری و کۆمەلاّیەتییەیە کە دەوری مرۆڤی گرتوە، ئەوا ئەوەی لەم توێژینەوەیەدا قسەی لەبارەوە کراوە چوارچێوە ژیارییەکەیە، کەخۆی لە پێناسەی شاردا بەرجەستە دەکات.

چوارچێوەی ژیاری یان ژینگە مادییەکەی ناو ژینگەی دروستکراو وەك بەرهەمی خودی مرۆڤ، جارێکی تر بوەتە یەکێك لەو

کاریگەریانەی کە کار لەسەر دەروونی مرۆڤ دەکات و بەئاڕاستەیەك ڕەفتار بە مرۆڤ دەکات کە سیمبول و هێماکانی ئەو چوارچێوە ماددییە دەیبەخشن بەدەرەوەی خۆیان. لەم توێژینەوەیەدا زیاتر قسە لەبارەی فۆرمی شت (شێوە)ەوە ئەکرێت، جارێکی تر کۆدەکانی ئەم شێوەیە چۆن کاردەکاتە سەر خودی دروستکەری ئەو شتەو بەچ ئاڕاستەیەکدا ڕەفتاری پێدەکات.

واتا شار بەمانا ماددییەکەی هەرلە (باڵەخانە و شەقام و ڕێگاوبان و پارك و شوێنی نیشەجێبوون و بازاڕەکان و شوێنە گشتی و تایبەتەکانەوە تادەگاتە هەموو ئەو فۆرمانەی تر، کە مرۆڤ دەتوانێت لە ڕێگەی چاوەوە بیانبینێت).

ئەوەی دەبێتە کلیلی کردنەوەی ئەو کۆدانە لەم توێژینەوەیەدا هەستی جوانییە، هەستکردن بە جوانی و ناشیرینی فۆرمی شتەکان و بەرەنجامەکانی ئەو هەستانە لەسەر دەروون و بیرکردنەوە و ڕەفتارە دیاردەکانی مرۆڤ لە ئاڵۆزترین شێوەیدا کە ڕەفتاری کۆمەڵایەتییە. ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکە بۆ دەرخستن و ئاشکراکردنی پەیوەندیی جوانی بە ڕەفتارەوە (ئەو جوانییەی لە ڕێگەی چاوەوە هەست پێدەکرێت).

ژینگەی سروشتی گوزارشتە لە یەکەیەکی ئەواو و هاڕمۆنی کە شتەکان هەموویان لە جێگەی خۆیاندان، بەڵام دیارترین دیاردەی ژینگەی دروستکراو ناهارمۆنیبوون و نەگونجاوییە لەنێوان شتەکاندا کەلەم توێژینەوەیەدا بەپیسبوونی ژینگەی بینراو یان پیسبوونی بینین ناوی دەبرێت، ئەگەر چوارچێوە ماددییەکەی دەوری مرۆڤ ژینگەی بینراوبێت، ئەوا هەر ناڕێکی و نەبوونی گونجان و نەبوونی هارمۆنیەتێك، دەبێتە مایەی پیسبوونی ژینگەی بینراو.

هەندێك لەو توێژەرانەی لەم بارەیەوە کاریان کردوە پێیان وایە کە پیسبوونی ژینگەی بینراو، بریتییە لەتێکچونی هەر بینراوێك کەچاوی مرۆڤ دەچێتە سەری و هەستی پێدەکات و لەکاتی سەیرکردنیدا هەست بە نائارامی دەکات. هەروەها دەتوانرێت بەوشێوەیە باس بکرێت کە جۆرێکە لە جۆرەکانی بێ زەوقی هونەری یان ون بوونی ڕووکارە جوانکارییەکان، لە سەرجەم ئەو شتانەی کەدەکەونە چواردەورمانەوە لەباڵەخانەکان و ڕێگاوبان و شۆستەکان و زۆر شتی تریش.

لێرەوە ئەم توێژینەوەیە کاری لەسەر ئەوە کردوە، کە ئایا مرۆڤ بە بینینی ناشیرینی، توشی نائارامی دەروونی دەبێت؟ ئایا پیسوونی

بینین وەك زەقترین شێوەی ناشیرینی بینین، چۆن کاریگەریی لەسەر هەست و دواتر بیرکردنەوەو دواجاریش رەفتاری مرۆڤ دادەنێت.

توێژینەوەکە خۆی لە دوو دەروازەی تیۆری و مەیدانیدا دەبینێتەوە، کە دەروازەی یەکەمی، لایەنی تیۆری، لە سێ بەش پێکهاتوە:

بەشی یەکەم تەرخانکراوە بۆ چوارچێوەی گشتی توێژینەوەکە هەر لە کێشەو گرنگی وئامانجەوە لەباسی یەکەمدا، تا دەگاتە پێناسەی چەمك و زاراوە زانستیەکان لەباسی دووەمیدا، بەشی دووەم لەژێر ناونیشانی ژینگەو ژیانی مرۆڤ، پێکهاتووە لە سێ باس کە هەولّدەدەن پەیوەندی و کاریگەریەکانی نێوانیان دەربخەن و شیبکەنەوە، لەباسی یەکەمدا "پەیوەندی مرۆڤ و ژینگە" ئەو تیۆرانە خراونەتە ڕوو کە هەر لە کۆنەوە فەیلەسوفان و کۆمەلّناسان گوزارشتیان لەو پەیوەندییە پێکردوە، لە باسی دووەمدا "پیسبوونی ژینگەو هۆشیاریی ژینگەیی" قسەلەبارەی پیسبوونی ژینگە کراوە لەپەیوەندیدا بە هۆشیاری ژینگەییەوە، تاچەند لاوازی ئەو هۆشیارییە پیسبوون بەرهەم دەهێنێت. باسی سێیەم "فاکتەرەکانی

پیسبوونی ژینگەی بینراو" ئەو هۆکارانە خراونەتە ڕوو کە دەبنە هۆی پیسبوونی بینین.

لەبەشی سێیەمدا "پیسبوونی بینین و رەفتاری کۆمەلّایەتی" باس لەپەیوەندی ئەم دوو چەمکە کراوە بە سێ باس، باسی یەکەم "بینین و پیسبوونی بینین" باس لەکردەی بینین وەك کردەیەکی فسیۆلۆژی تا بەکۆمەلّایەتی بوونی ئەم کردەیە و هەروەها چەمکی پیسبوونی بینین شیکراوەتەوە، کە چۆن بینین پیس دەبێت لە روانگەی جوانی بینییەوە، باسی دووەم "پیسبوونی بینین و رەفتاری کۆمەلّایەتی" بەووردی باس لە پەیوەندی نێوانیان کراوە، کە ئەم پیسبوونە چۆن کاریگەری لەسەر رەفتاری کۆمەلّایەتی دروست دەکات. توشبوون بەم پیسبوونە چ جۆرە رەفتارێك بەرهەمدەهێنێت، لەباسی سێیەمدا "دیاردەکانی پیسبوونی بینین لەشاری سلێمانیدا" هەولّدراوە بەشێوازێکی چڕو وورد رووکار و دیاردەکانی ئەم پیسبوونە لەشاری سلێمانیدا دەربخرێت.

دەروازەی دووەم لایەنی مەیدانی پێکدێت لە سێ بەش، کە گوازرشتن لە کارە مەیدانییەکانی توێژینەوەکە هەر لە بەکارهێنانی تیۆرو ڕێباز و ئامڕازەکانی توێژینەوەوە، تادەگاتە گریمانە و

دواجاریش شیکردنەوەی زانیارییەکان و سەلماندنی گریمانەکان و لە کۆتایی توێژینەوەکەشدا ئەو ئاکام و دەرەنجام و پێشنیارانە دەبینرێت کە توێژەر خستونیەتە ڕوو.

بەشی یەکەم..

باسی یەکەم:

- کێشەی توێژینەوەکە
- گرنگی توێژینەوەکە
- ئامانجی توێژینەوەکە

کێشەی توێژینەوە:

هەر بابەتێك كە توێژینەوەی لە بارەوە دەكرێت كێشەی تایبەتیی خۆی هەیە، كێشە بە مانای ئەو پاڵنەرانەی كەوا لە توێژەر دەكەن ئەو بابەتە بكاتە بابەتی توێژینەوەیەكی زانستی بە ئامانجی دەرخستن و رووڕكردنەوەی لایەنە نادیارەكانی بابەتەكەو خستنە رووبان بەشێوەیەكی زانستی، هەروەها پرسیارکردن لەبارەی ئەوەی بۆچی ئەم توێژینەوەیە دەكرێت؟ لەم توێژینەیەدا كێشەكەمان خۆی لەویستی دەرخستنی ڕادەی كاریگەیی پیسبوونی ژینگەی بینراو لەسەر رەفتاری كومەڵایەتی دەبینێتەوە.

ئایا مرۆڤ بە پیسبوونی ژینگەكەی و بەتایبەت ژینگەی بینراو رەفتاری چۆن دەگۆڕێت ؟

ئایا پیسبوونی ژینگەی بینراو چییەو هۆكارەكانی كامانەن؟ هۆشیاری ژینگەیی تاچەند لەكۆمەڵگەی كوردیدا لەلای تاك و گروپەكان هەیە؟ ئایا مرۆڤی ئێمە تاچەند هۆشیاری بەرامبەر بەخۆپاراستن لەپیسبوونی ژینگەی بینراو هەیە؟ پیسبوونی بەشەكانی تری ژینگە چ پەیوەندییەك وكاریگەرییەكیان بەژینگەی بینراوەوە هەیە.

هەرکارێك مرۆڤ دەیکات پێی دەوترێت رەفتار، هۆکارەکانی دروستبوونی رەفتار چین و تاچەند کاردەکرێتە سەری، هەوڵدان بۆ دۆزینەوەی پەیوندی لە نێوان ژینگەی بینراوو رەفتاری کۆمەڵایەتی و کاریگەریان لە سەریەکتر.

دواجاریش یەکێکی تر لە کێشەکانی ئەم توێژینەوەیە کەمی یان نەبوونی توێژینەوە لەسەر ژینگەی بینراو، لە کاتێکدا ئەم هەرێمە جەنجاڵی و قەرەباڵغی و دەنگەدەنگ و ناشیرینی دیمەنەکان بونەتە خەسڵەتی، ئەمانە هەموویان کاریگەری خۆیان هەیە لەسەر لایەنی دەروونیی تاك و لە رەفتارەکانیدا رەنگدەداتەوە، کە بە جۆرێك لە جۆرەکان نادروستی لە رەفتاری کۆمەڵایەتیدا دروستدەکەن.

گرنگی توێژینەوەکە:

هەربابەتێك کەبوونی هەبێت لەژیانی مرۆڤداو لەکۆمەڵگەدا بتوانین ببینین، دەکرێت توێژینەوەی لە بارەوە بکرێت و هەربابەتێکیش بۆخۆی گرنگیی تایبەتی هەیەو بەپێی واقعی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەکان بابەت و دیاردە کۆمەڵایەتییەکانیش دەگۆڕێن. کاتێك توێژەر کار لەسەر ناونیشانێك دەکات بەمانای ئەوە نیە، کە ئەوبابەتە گرنگی لەبابەتە کۆمەڵایەتییەکانی تر زیاترە، بەقەد ئەوەی ئەوە ویستی توێژەرە بۆ ئەنجامدانی توێژینەوە لەو بارەیەوە، هەر لەم سۆنگەیەوە بابەتی توێژینەوەکە بابەتێکی نوێ و هەستیارەو کەمترین قسەو باسی لەسەرکراوە. هەربۆیە توێژەر بەگرنگی زانی دەربارەی ئەم بابەتە توێژینەوە ئەنجامبدات و گرنگییەکانی لەم چەند خاڵەی خوارەوەدا خۆی دەبینێتەوە:

١- هەوڵدان بۆ بەئەنجام گەیاندنی توێژینەوەیەکی زانستی و خوێندنەوەیەکی کۆمەڵناسییانە بۆی و دۆزینەوەی پەیوەندی لە نێوان ژینگەی بینراوو رەفتاردا، هەروەها ئەم بابەتە بەشێوەیەکی گشتی تازەیەو کەمترین قسەی لەسەرکراوە ، بۆیە زەرورەتی قسە لەبارەوەکردن ئەم بابەتەی هێناوەتە پێشەوە.

٢- لەلایەنی مەیدانی توێژینەوەکەدا، هەوڵدەدرێت کە بەشێوەیەکی ورد ئەوکاریگەریانە دەربخرێن، کە ژینگەی بینراو لە سەر رەفتاری کۆمەڵایەتی دروستی دەکەن. توێژەر هەوڵی دەرخستنی زانیاری ئەوە دەدات کە بزانێت کۆمەڵگەی کوردی تا چەند ئەم حاڵەتە تیایدا بوونی هەیەو تاکەکانی تا چەند هۆشیاریان لە بارەوە هەیەو هەستی پێدەکەن.

٣- لەمڕۆی جیهاندا قسەکردنێکی بێشومار دەربارەی پیسبوونی ژینگە بوونی هەیە، چەندین ناوەندی توێژینەوەی زانستی لەبوارە جیاوازەکانی ژینگەدا سەرقاڵی کارکردنن. بۆیە توێژەر بەلایەوە گرنگ بوو، کەئێمەش هێندەی پێمان دەکرێت لەروانگەی کۆمەڵناسییەوە قسەیەکمان هەبێت لەسەر ژینگەو بەتایبەتیش ژینگەی بینراو .

ئامانجی توێژینەوەکە:

لەبەئەنجامگەیاندنی ئەم توێژینەوەیەدا چەند حاڵێکی سەرەکی هەیە، وەك ئامانجی توێژینەوەکە، کەخۆی لەهەریەکە لەم خاڵانەدا دەبینێتەوە:

١- **دۆزینەوەی دەرخستنی پەیوەندی لەنێوان ژینگەی بینراو و رەفتاری کۆمەڵایەتیدا.**

٢- **هۆکارەکانی دروستبوونی پیسبوونی ژینگەی بینراو چین و لە چ کات و شوێنێکدا دروست دەبێت.**

٣- **دەرخستنی رەهەندە جیاوازەکانی ژینگەی بینراو** و:

أ- دۆزینەوەی پەیوەندی لەگەڵ کرداره بیرییەکاندا.

ب- پاشانیش کرداره جەستەییەکان، بەمانایەکی تر پەیوەندی پیسبوونی ژینگەی بینراو، لەسەر بیرکردنەوەی مرۆڤ و هەروەها کاریگەری لەسەر بیرکردنەوەی کۆمەڵایەتی.

ت- دواجاریش کاریگەری لەسەر رەفتار .

٤- **دەرخستنی ئاستی هۆشیاری ژینگەیی لای تاکی کوردی و دەستنیشانکردنی گرنگی هۆشیاری ژینگەیی و بەشداری کردنمان لەو پرۆسە جیهانییەی ئەمڕۆدا.**

باسی دووەم:

چەمکە سەرەکیەکانی تویژینەوەکە

-کاریگەری

- ژینگە

- ژینگەی بینراو

- پیسبوونی ژینگە

- پیسبوونی ژینگەی بینراو

- رەفتاری کۆمەلایەتی

باسی دووەم : چەمکە سەرەکیەکانی تویژینەوە

کاریگەری(Effect): ئەوەی کارتێکەرو کارلێکراو یەیەکەوە دەبەستێتەوە کاریگەرییە، بەم پێیە کاریگەری (دەتوانین وا پێناسەی بکەین، کە وەك هەرشێوەیەکی کردار لە لایەن (أ) کارتێکەرەوە مومارەسە دەکرێت بە رێگەیەکی کاریگەر لە سەر (ب) کارتێکراو)[1].

بێگومان لەکاتی دروستبوونی کاریگەریدا شوێنەواری ئەو کاریگەرییە دەردەکەوێت، بۆیە دەتوانین بەم شێوەیەش پێناسەی بکەین، کە:

(بریتییە لەو شوێنەوارانەی کە هۆکارەکان و دەرەنجامەکانی بەجێی دەهێڵن لەسەر شتێکی تر ئەم کاریگەریەش هەندێك جار شێوەیەکی پۆزەتیف و هەندێك جاریش شێوەیەکی نێگەتیف وەردەگرن)[2].

---

[1] ر.بودون- و.ف یوریکو، المعجم النقدی لعلم الأجتماع ، ترجمة: د. سلیم حداد المؤسسة الجامعیة للدراسات و النشر والتوزیع – بیروت ص ١١٦

[2] بەروین سازگارا، ئاوڕدانەوەیەك لە کۆمەڵناسی، وەرگێڕانی: جەواد مستەفا ، چاپخانەی ڕۆشنبیری هەولێر ، ٢٠٠٣، لا ٢٢

یەکێك لە خەسڵەتەکانی کاریگەری، بەخشینی دەسەڵاتە بە لایەك و خستنە ژێر رکێفی لایەکەی ترەوە، (کاریگەری دەچێتە پاڵ دەستەی پەیوەندییەکانی دەسەڵاتەوە، کەکارتێکەر(وەك ئەوەی دەسەڵاتی هەبێت، بەواتای توانای گۆڕینی کرداری(چالاکی) کارتێکراوی هەیە، بەو ئاڕاستەیەی کەکارتێکەر دەیەوێت و مەبەستیەتی)[1]. بەشێوەیەکی گشتی دەتوانین بڵێین کە کاریگەری هێزی رووداندی کردارە، ئەوەی وادەکات کارتێکراو رەفتارێك بنوێنێت کاریگەرییە، کەکارتێکەر ئاڕاستەی کردوە[2].

ژینگە(Environment): ئەو چوارچێوەیەی کەمرۆڤ لەناویدا دەژی، پێی دەوترێت ژینگە. بەپێی زانستە جیاوازەکان پێناسەی جیاوازیش بۆ ژینگە کراوە. ژینگە (یەکەیەکی سروشتییە، لە ئاوێتە بوونی پێکهاتەی زیندوو و نازیندوەوە بەرهەمدێت)[3].

(1) ر.بودون- و.ف یوریکو ، سەرچاوەی پێشوو، ص ١١٦

(2) پێناسەی تایبەتی توێژەر

(3) د. صالح بن علي ابو عواد، التنمية الوعي البيئي، مكتب التربية العربي لدول الخليج، الرياض ، ٢٠٠٥، ص١٦

هەندێکی تر پێیان وایەکە، ژینگە (ئەو چوار چێوە سروشتی و کۆمەڵایەتی و هۆکارانەیە کە لەچواردەوری مرۆڤن و کاردەکەنە سەرتاکەکان وەك مەرجەکانی نیشتەجێبوون و فاکتەرە سروشتییە جیاوازەکان) [1].

لە دەرئەنجامی ئەو دوو پێناسەیەی سەرەوە دەردەکەوێت، کە هەندێك پێیان وایە ژینگە تەنها چوارچێوە سروشتییەکە دەگرێتەوە، کە مرۆڤ و بونەوەرانی تر تیایدا دەژین. هەندێکی تریش پێیان وایە چوارچێوە ژیاری و کۆمەڵایەتییەکەشی دەگرێتەوە.

لە پەیوەندی و کاریگەری نێوان ژینگەو مرۆڤدا ڕای جیاواز هەیە، بۆ نمونە زانا (وینیك) دەڵێت: (ژینگە بریتییە لە کۆمەڵێك بارودۆخ و کارتێکەری دەرەکی کەکاریگەری لەسەر مرۆڤ دروست دەکەن)[2]، بەڵام زانا (بیتس) بە پێچەوانەوە پێی وایە کە: (نابێت جیاکاری لە نێوان ژینگە و مرۆڤدا بکرێت، بەو پێیەی مرۆڤ بەشێکە لەژینگەو ناتوانرێت هێڵی جیاکەرەوە لە نێوانیاندا

(1) د. خالد الجابري و مجموعة من الباحثين ، العوامل و الاثار الاجتماعية للتلوث البيئة ، بيت الحكمة، بغداد، ٢٠٠١، ص ٣٩

(2) أ. د. احسان محمد الحسن، موسوعة علم الاجتماع، الدار العربية للموسوعات،الطبعة الاولى ، بيروت ١٩٩٩ ، ص ١٤٠

دابنرێت، هەروەها هەردوو بوونەوەری زیندوو و ژینگە لە حاڵەتی ئاوێتەبوونی بەردەوامدان، بەشێوەیەك ژینگە بەبوونەوەری زیندوو کاریگەر دەبێت و کاریگەریشی لە سەردادەنێت)[1]. لە ئەنجامی کۆتایی کۆنگرەی ستۆکهۆڵم سالّی (١٩٧٢) دا کەلەسەر ژینگە بەسترا، بەم شێوەیە پێناسەی ژینگە کرا کە: (ئەو چوارچێوەیەی کەدەوری مرۆڤی داوە پێی دەوترێت ژینگە)[2]

بۆیە لێرەوە دەکرێت بەشێوەیەکی گشتی بوترێت (سەرجەم رەگەزە پێکهێنەرەکانی دروستبوون و بەردەوامبوونی ژیانی مرۆڤ، لە چوارچێوەی سروشتی و ژیاری و کۆمەڵایەتی، کەکاریگەری لەسەر مرۆڤ دادەنێت و مرۆڤیش کاریگەریی لەسەر دادەنێت پێی دەوترێت ژینگە)[3].

ژینگەی بینراو(Visual Environment)**:** مرۆڤ یەکێك لەو هۆکارانەی کە لەڕێگەیەوە پەیوەندی لەگەڵ ژینگەدا دەبەستێت،

(١) هەمان سەرچاوە، ص ١٤٠

(٢) سعيد محمد الحفار، نحوبيئة افضل، دار الثقافة، الطبعة الاولى، الدوحة، ١٩٨٥، ص ٤٦

(٣) پێناسەی تایبەتی توێژەر

بینینە. بۆیە دەتوانین هەرشتێك کە چاوی مرۆڤی دەکەوێتە سەربەژینگەی بینراوی بزانین، هەڵبەت ئەم تویژینەوەیە زیاتر جەخت لە سەر ژینگەی دروستکراو، یان ژینگەی شارستانی دەکاتەوە، کە مەبەست لێی (ئەو ژینگەیەیە، کە مرۆڤ خۆی دروستی کردوە، لەئەنجامی پەیوەندی و کارلێکی مرۆڤ و سروشتەوە پێکهاتوە)[1].

دروستکراوەکانی مرۆڤ و ژینگە فیزیاییەکەی بۆی دەبن بەژینگەی بینراو، چونکە چەندین ڕەگەزی بینراو و نەبینراویش دەگرێتەوە، لێرەدا مەبەست لە ژینگەی بینراو ڕەگەزە بینراوەکانە، بۆیە دەتوانرێت بوترێت کەژینگەی بینراو: (یەکەیەکە کەمرۆڤ لە ڕێگەی بینینەوە لەگەڵیدا دەکەوێتە پەیوەندییەوە یان بەمانایەکی تر سەرجەمی ڕەگەزە ماددییەکانی شارستانی کە دەوری مرۆڤیان گرتوەو دەتوانرێت ببینرێن، پێیان دەوترێت ژینگەی بینراو)[2].

پیسبوونی ژینگە(Environment pollution)**:** پسپۆڕانی بواری ژینگەناسی هەموو گۆڕانێك لەڕەگەزە

(1) سعيد محمدالحفار، سەرچاوەی پێشوو، ص ٤٦

(2) پێناسەی تایبەتی توێژەر .

پێکهێنەرەکانی ژینگەدا، کە ببێتە هۆی تێکدانی سیستەمی سروشتی ئەو ڕەگەزە بەپیسبوون ناو دەبەن.

(پیسبوون، بریتییە لە هەرشتێك بە هۆی تێکەڵبوونی بەکارهاتووەوە ببێتە هۆی دروستبوونی مادەیەکی نامۆ لە هەواو ئاو و ڕووپۆشی زەویدا، کە بەشێوەیەکی بەرچاو کاریگەری دەبێت لەسەر جۆری بەرهەم و لە دەستدانی گونجاوی و نەمانی تایبەتمەندییەکانیان، یان کاریگەری دەبێت لەسەر مانەوەی ئەوبەرهەمانە)[1].

زۆرینەی پێناسەکان جەخت دەکەن لەسەر هاتنە ناوەوەی ڕەگەزێکی نامۆ، یاخود نارێکی دروستبوون بەهۆی شتێکی تازەوە، ئەو پیسبوونە دروست دەکات (هاتنە ناوەوەی مادەیەکی نەناسراو بۆ ناو هەریەکێك لە ناوەندەکانی ژینگە، کەئەم مادە نامۆیە لە کاتی گەیشتنیەوە ببێتە هۆی ڕوودانی گۆڕانێك لە جۆرو تایبەتمەندی ئەو ناوەندەدا، پێی دەوترێت پیسبوون)[2].

[1] د. داود عبدالرزاق الباز، الاساس الدستوري لحماية البيئة من التلوث ، دار الفكر الجامعي، الاسكندرية، ٢٠٠٦ - ص ٤٩

[2] علي زين العابدين، د. محمد بن عبد المرضي، تلوث البيئة، مكتبة الاكاديمية القاهرة، ١٩٩٢ ص١٢

گۆڕان لە پێکهاتەکەدا پیسبوون دروست دەکات، بۆیە وا پێناسەکراوە کە: (بریتییە لە هەموو گۆڕانێکی چەندێتی یان چۆنیەتی لە پێکهاتەکانی ژینگەی زیندوو یا نازیندوو کە سیستەمی ژینگەیی نەتوانێت وەریبگرێت و هاوسەنگی پێ لە دەستبدات)[1].

بۆیە دەکرێت بڵێین (هەموو نارێکی و تێکچونێك لە سیستەمی کارکردنی ڕەگەزە پێکهێنەرەکانی ژینگە، یان هاتنە ناوەوەی ڕەگەزێکی نامۆ بۆ ناو سیستەمەکەو دروست بوونی نارێکی تیایدا پیسبوونی لێدەکەوێتەوە) [2].

پیسبوونی ژینگەی بینراو Environment Visual pollution)**:** ئەگەر چوارچێوە ماددییەکەی دەوری مرۆڤ ژینگەی بینراوبێت، ئەوا هەر نارێکی و نەبوونی گونجان و نەبوونی هارمۆنیەتێك، دەبێتەهۆی پیسبوونی ژینگەی بینراو.

[1] رشيدالحمد - سعيد صباريني، البيئة و مشكلاتها، سلسلة عالم المعرفة، الكويت، ١٩٧٧، ص٩

[2] پێناسەی تایبەتی توێژەر

(پیسبوونی بینین واتە نەشیاویی دیەن و رەنگ و نارێکی ئەندازەیی و تەسکبونەوەی ئاسۆی بینین، وەك نارێکیی شەقام و خراپ تێکەڵبوونی رەنگەکان و کەمیی پانتایی سەوزایی)[1].

زۆرجاریش لەپێناسەکردنی ئەم چەمکەدا جەخت لەسەر ناجوانی و ناهونەری دەکرێتەوە. لەمبارەیەوە دەگوترێ: (پیسبوونی ژینگەی بینراو، بریتییە لەتێکچونی هەر بینراوێك کەچاوی مرۆڤ دەچێتە سەری و هەستی پێدەکات و لەکاتی سەیرکردنیدا هەست بە نائارامی دەکات. هەروەها دەتوانرێت بەوشێوەیە باس بکرێت کە جۆرێکە لە جۆرەکانی بێ زەوقیی هونەری، یان ونبوونی رووکارە جوانکارییەکان، لە سەرجەم ئەو شتانەی کەدەکەونە چواردەورمانەوە لەباڵەخانەکان و رێگاوبان و شۆستەکان و زۆر شتی تریش)[2].

ئاشکرایەکە پیسبوونی ژینگەی بینراو لەناو ژینگەی دروستکراو و شارەکاندا رووەدات و لە بەرهەمهاتنیدا مرۆڤ رۆڵی بەرچاوی هەیە، بۆیە دەکرێت بڵێین: (پیسبوونی بینین سەرجەم ئەو

(1) ئەندازیار جەمال بکر قەساب، سلێمانی دوچاری زۆرترین پیس بوونی بینین بوە، رۆژنامەی رۆژنامە، ژمارە (٧٦)، ٢٠٠٧/١٠/٨، لا ١٦

(2) مجموعة الحوار المدني في البصرة، الامن البيئي ، مؤتمر شقلاوه . ٢٠٠٧، ص٢

دروستکراوانەی بەرهەمی مرۆڤ دەگرێتەوە، کەزیان بەبینەر دەگەیەنن لەکاتی سەیرکردن و دووبارە بونەوەیدا بەپێی کات هەستی بەهای جوانی و وێنەی ناسك ون دەکات)[1].

د. محمدنعيم الجابى، مامۆستای کۆلێژی هونەرەجوانەکانی زانکۆی دیمەشق، بەم شێوەیە پێناسەی پیسبوونی ژینگەی بینراو دەکات کە: (بریتییە لەنەمانی وێنەی جوانیی و زیان گەیشتن بە چێژی گشتی، چونکە شتێکی سروشتییە کاتێك مرۆڤ لەماڵەکەی دێتەدەرەوە هەست بەجوانیی دەکات لەو بۆشاییەدا، کەبۆی بوەتە چوارچێوە، ئەگەر سروشتی بێت یان دروستکراوبێت، ژینگەی دەرەکی دەبێت هەڵگری خەسڵەتی جوانی و سەرنج ڕاکێشی بێت، بەڵام کاتێك زیانی پێ دەگەیەنرێت، ئەوە رووەدات کە پێی دەوترێت پیسبوونی بینین)[2].

لە ئەنجامی ئەم پێناسانەوە دەگەینە ئەوەی،کە ژینگەی بینراو (بریتییە لەهەست نەکردن بەجوانی ژینگەی چواردەوری مرۆڤ بەهۆی

(1) د. خالد بن عبدالعزيز الطياش، التلوث البصري في المدينة، جريدة الرياض ، عدد(1426)www.sabraeng.com

(2) البيئة البصرية، مقابلة مع د. محمد نعيم الجابي، موقع جريدة الثورة، ٢٠٠٧ .

گۆڕین یان دەستکاریکردنی ئەو چوارچێوە مادییەوە. راهاتن لەسەر ئەوەی بەردەوام ناشیرینی بێت و ئاسایی بێت، کە ئەمەش کار لەسەر لاوازکردنی چێژ دەکات، کەوا دەکات مرۆڤ چێژ لەجوانی نەبینێت بەهۆی بینینی بەردەوامی ناشیرینیەوە)[1].

رەفتاری کۆمەلایەتی(Social behavior)*:* ئاشکرایە هەموو کردارێك کەمرۆڤ دەیکات پێی دەوترێت رەفتاری مرۆیی. لەبەرئەوەی مرۆڤ بونەوەرێکی کۆمەلایەتییە کردارەکانیشی بەتایبەت ئەوانەی لە ناوگروپ و پەیوەندییە کۆمەلایەتییەکاندا دەیکات پێی دەوترێت رەفتاری کۆمەلایەتی، کە (پەیوەندی نێوان تاك و گروپ هەروەها نێوان تاك و ژینگە کۆمەلایەتییەکەی دەگرێتەوە پێویستی بەبەکارهێنانی ناوەندە عەقڵییە بالاکان هەیە، ئەم رەفتارە مرۆڤ لەڕێگەی پێگەیاندنی کۆمەلایەتییەوە فێری دەبێت، کەپەیوەندییەکی کۆمەلایەتی دەگرێتەوە، ئەم رەفتارە ویستراو(ارادی)ە،ودەست نیشانکراوە بەشێوەیەکی کۆمەلایەتی)[2].

[1] پێناسەی تایبەتی توێژەر

[2] د. حامد عبد السلام زهران، علم النفس الاجتماعي ، كلية التربية ، جامعة عين شمس، ١٩٨٤، ص ٩

بەڵام لەدۆخی ئاسایی و پێناسەیەکی سادەی رەفتاردا دەکرێت بوترێت، کەرەفتار بریتییە لە(هەر چالاکییەکی جەستەیی بیری و کۆمەلایەتی و هەڵچوونی)[1].

مرۆڤ هەر رەفتارێك کەدەیکات بە هۆی پاڵنەرێکەوەیە، وەك وتراوە کە (رەفتاری مرۆیی سەرجەم جولّە جەستەیی و هەڵچونە پەرچەکرداریەکان و چالاکییە زهنییەکان دەگرێتەوە، هەرچەندە رەفتاری مرۆیی لەسەر بۆچونی هۆکاری وەستاوە، کە رەفتارێکی ئاڵۆزەو پشت دەبەستێت بە روانین بۆ داهاتوو، لە ئەزمونەکانی رابردوویەوەو لەو رەوشەی ئێستایدا و پاڵپێوەنراوە، هەر هەڵسوکەوتێکی مرۆیی دەبێت پاڵنەرێکی هەبێت، رەفتاریش پاڵنەرەکان دەجوڵێنێت، وەك پاڵنەری مانەوە ، پاڵنەری تینوێتی..)[2].

رەفتاری کۆمەلایەتی توانای گۆڕانی هەیە بەپێی جیاوازی کات و ئەو رۆڵەی تاك دەیبینێت، (رەفتاری تاك لە کاتێکەوە بۆ کاتێکی

[1] هەمان سەرچاوە ، ص ٩

[2] د. نبيهة صالح السامرائى، العلوم السلوكية في التطبيقات الادارية ، دار زهران للنشر، الاردن، ص ١٩

تر، بەگوێرەی سروشت و گرنگی رۆڵە کۆمەڵایەتییەکان، کە لەگەڵ رۆڵە وەزیفیەکەیدا کارلێک دەکەن ، دەگوترێت: رەفتاری منداڵ گەشەو جوڵەو، هەڵسوکەوتی کە لەگەڵ برا منداڵەکەیدا دەیکات، جیاوازە لەو رەفتارەی کە لەگەڵ دایك و باوکیدا دەیکات..، کەواتە رەفتاری کۆمەڵایەتی تاك پشت بەو رۆڵە وەزیفیانە دەبەستێت کەدەیانگێڕێت، دەتوانین پێشبینی رەفتاری کۆمەڵایەتی تاك بکەین، لەڕێگەی ناسینی رۆڵە کۆمەڵایەتییەکانیەوە)[1].

لێرەوە دەتوانین باس لە ڕەهەندێکی تری رەفتاری کۆمەڵایەتی بکەین، کە هەر رەفتارێك دەکرێت رەفتارێکی کاتی نیە وبەرهەمی ئەو چرکە ساتە نیە کە تیایدا رەفتارەکە دەکرێت،

(رەفتاری بونەوەران کاتی نیە بگرە بەرهەمی سەرجەم ئەو گۆڕانانەیە کە بەسەریدا هاتوە لەسکی دایکییەوە بۆ لەدایك بوونی و شیرە خۆری و منداڵی و مێردمنداڵی و گەنجێتی، ئاشکرایە کەئەم گۆڕانانە بەچەندین فاکتەر کاریگەر دەبن)[2].

---

[1] د. احسان محمد الحسن، سەرچاوەی پێشوو ،ص ٣٣٢ - ٣٣٣

[2] جمال حسين الالوسي ، مصطفى محمد عيسى – حسن حطاب صخي، مبادئ علم النفس ، مديرية مطبعة وزارة التربية ، الطبعة الخامسة، بغداد ، ١٩٨٥، ص٢٧

بەم شێوەیە دەکرێت بوترێت کە رەفتاری کۆمەڵایەتی (سەرجەم ئەو کرداره کۆمەڵایەتییانەی تاك دەگرێتەوە کە لەناو گروپ و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا دەیانکات یاخود بەهۆی پالنەرێکی کۆمەڵایەتییەوە ئەنجامیان دەدات، بە پێی گۆڕانی کات و شوێن و ژینگەو بارودۆخەکەی گۆڕانیان بەسەردا دێت)[1].

---

[1] پێناسەی تایبەتی توێژەر

بەشی دووەم..

ژینگە و ژیانی مرۆڤ

بەشی دووەم: ژینگەو ژیانی مرۆڤ

مرۆڤ وەك بونەوەرێکی کۆمەڵایەتی هەمیشە لەپەیوەندیدایە لەگەڵ ئەوانی دیدا، بەشێوەیەکی گشتی مرۆڤ لەناو کۆمەڵگەدا ژیان بەسەر دەبات. ئاشکرایە کەکۆمەڵگە لەناو سیستەمێکی ژینگەییدایەو کۆمەڵگە لەدەرەوەی ژینگەی سروشتیدا دروست نابێت.

چونکە مرۆڤ لە ناو ژینگەدا خولقاوە، هەرواش دەتوانێت وەك یەکێك لە پێکهێنەرەکانی ژینگە سەیری بکەین، کە دواجارئەم بونەوەرە هۆشمەندە خاوەن پێداویستی کەمالی و جوانکارییە بەچەندین شێوە لە گەڵ ئەو چوار چێوەیەدا دەکەوێتە پەیوەندییەوە کە خۆی تیایدا دەژی، مرۆڤ بە تەنها پێکهاتەیەکی سروشتیی ناو ژینگە نیە کە بەحوکمی یاسا سروشتییەکان بجوڵێتەوە، بەقەد ئەوەی ئەم بونەوەرە هەر لەسەرەتاوە بەچەندین شێواز کەوتۆتە پەیوەندییەوە لە گەڵ ژینگەدا، بەمەبەستی تیگەیشتن لێی و دواجار هەوڵدان بۆ ئەوەی بیخاتە ژێر رکێفی خۆیەوە و لە خزمەتی بەرژەوەندیەکانیدا بەکاری بهێنێت.

ژینگەی سروشتی هەر لەسەرەتاوە بۆ مرۆڤ جێگەی تێڕامان و بیرکردنەوە بووە. رامان لە دیاردە سروشتییەکان مەعریفەی بۆ مرۆڤەکان بەرهەمهێناوە، زانین بەرهەمی ئەو پرسیارە ئەزەلی و سەرەتاییانەی مرۆڤە کە لەئەنجامی پەیوەندی لەگەڵ ژینگەی سروشتیدا بەرهەم هاتوە، ئەم بونەوەرە پرسیارکەرە لەبەرئەنجامی تێرامانی زۆری لە دیاردە سروشتییەکان توانی بگاتە حەقیقەتی دۆزینەوەی یاسا سروشتییەکان کە ئەم دیاردانە دروست دەکەن.

گەیشتن بە حەقیقەتی یاسا سروشتییەکان مرۆڤی دەست کراوە کرد لە بەرامبەر ئەو ژینگەیەدا کە تیایدا دەژی و، هەمیشە لەگەڵیدا لە کارلێکدایە. بەم شێوەیە مرۆڤ توانی ژینگە رام بکات و بیخاتە خزمەتی بەرژەوەندییەکانی خۆیەوە و تەنانەت بە شێوەیەك زیادە ڕۆیی کرد کەگەیشتە دەستکاریکردنی سروشت، کە ئەمڕۆ گەورەترین کێشەی بۆ خودی مرۆڤ بەرهەم هێناوە ئەویش (پیسبوونی ژینگەیە).

لەم بەشەدا بە شێوەیەکی گشتی تووێژەر باس لە پەیوەندی نێوان ژینگەو کۆمەڵگە و مرۆڤ دەکات، باس لەسەرەتای ژیان لە سەر ئەم هەسارەیەوە هەتا ژیانی ئەمڕۆی مرۆڤایەتی و لەو کاریگەرییانەی

ژینگە دەکرێت، کە ژیانی مرۆڤی بەئەمڕۆ گەیاندوە، هەروەها بە پێچەوانەشەوە باس لە کاریگەری مرۆڤ دەکرێت لەسەرژینگەو ئەو گۆڕانانەی کە بەسەر ژینگەیدا هێناون و مەترسی پیسبوونی ژینگەیان هێناوەتە کایەوە، هەر لەم بەشەدا تیشك دەخرێتە سەر بیرکردنەوەی مرۆیی بەرامبەر بە ژینگەو ئەو ئاڕاستەو قوتابخانانە دەخرێنە روو کە بەپێی قۆناغە جیاوازەکانی ژیانی مرۆیی مرۆڤ تەعبیری لە پەیوەندی خۆی و ژینگە پێکردون.

پاشان هەوڵ دەدرێت کە چەمکی پیسبوونی ژینگە بخرێتە بەرباس و لێکۆڵینەوە و هۆکارو دەرئەنجامەکانی بەیان بکرێت و مەترسی بۆ سەر ژیانی مرۆیی روونبکرێتەوە، و دواجاریش تیشك بخرێتە سەر ئەو هەوڵانەی مرۆڤ کە بۆ پارێزگاری لە ژینگەدا دەیدات، هۆشیاری ژینگەیی و گەشەپێکردنی ئەم هۆشیارییە، تا چەند کاریگەری لەسەر کەمکردنەوەی مەترسییەکانی پیسبوون هەیە.

لە باسێکی تردا باس لەجۆرەکانی پیسبوون دەکرێت، بە گشتی و بەتایبەتیش دەربارەی پیسبوونی ژینگەی بینراو تووێژینەوەکە ئاڕاستە دەکرێت، ئایا پیسبوونی ژینگەی بینراو چییەو هۆکارەکانی

دروستبوونی چین و ئاکام و دەرئەنجامەکانی بۆسەر کۆمەڵگە چی دەبن؟

باسی یەکەم: پەیوەندی مرۆڤ و ژینگە

پەیوەندی مرۆڤ بەژینگەوە، پەیوەندییەکی یەکگرتەواوکەرو بەهێزەو بەهیچ شێوەك ناتوانرێت مرۆڤ وەك بەشێکی جیاواز لە ژینگە تەماشابکرێت، بەڵام ئەوەی دەمێنێتەوە بۆ گونجان و قبوڵکردن یان ململانێ و یەکتر خستنە ژێر رکێفەوە، ئەوەیان مەسەلەیەکی ترەو لەم باسەدا دەبێتە تەوەری قسە لەسەرکردن. لەسەرەتای ئەم باسەدا تۆێژەر وای بەباشزانی، کە جیاکارییەك لەنێوان ژینگەی سروشتی و ژینگەی دروستکراودا بکات، کەئەم دوو ژینگەیە دوو ژینگەی لێکدابڕاونین، بەقەد ئەوەی دوو ژینگەی پەیوەندیدار و کاریگەرن بەیەکترو ژینگەی دروستکراو بەرهەمی مرۆڤ و ژینگەی سروشتیش بەرهەمی سروشت خۆیەتی. لێرەوە دەکرێت بوترێت لەسەروەختی دەستبردنی مرۆڤ بۆ ژینگەی سروشتی و ویستی بۆ گۆڕانکاری و خستنە ژێر رکێفیەوە، بەمەبەستی باشترکردنی دۆخی ژیان ژینگەی دروستکراو بەرهەمهات، بەمانایەکی دی ژینگەی دروستکراو لە هەناوی ژینگەی سروشتییەوە دروستبووە و هەر لەژێر کاریگەرەکانی ژینگەی سروشتیدایە. د.ئیحسان محمد ئەحمەسەن لە کتێبی (ئینسکلۆپیدیای

کۆمەڵناسیدا) دەڵێت (ژینگەی سروشتی کە مرۆڤ تیایدا دەژی، خەسڵەتە سروشتی و فیزیاییەکانی ئەو هەرێمانە دەگرێتەوە، کە تیایدا دەژی و بەرهەمە سروشتییەکان و دیاردەکانی گەش وهەوا و بەرزی لەسەر ئاستی رووی دەریاو پێگەکەی بە پێی هێڵی ئیستوا دەگرێتەوە)[1]. بەم پێیە ژینگەی سروشتی ئەو ژینگەیەیە کە مرۆقی تیا خوڵقاوە، بەڵام ویستی مرۆڤ بۆ ژیانێکی باشتر، ژینگەی دروستکراوی هێنایە کایەوە. زۆر لە پسپۆڕانی بواری ژینگە، ژینگەی دروستکراو بە ژینگەی شارستانی ناودەبەن.

(مەبەست لە ژینگەی شارستانی، سەرجەم ئەو زیادەو خستنە سەرانەیە کەمرۆڤ کردی لەرەگەزو بەخشراوەکانی ژینگەدا، لە ئەنجامی کارلێك و بەکارهێنانی بەرهەمەکانی ژینگەی سروشتی. ئەمانەش لە پێکهاتەکانی بیناسازی و رێگاکانی گواستنەوەو کێڵگەکان وکارگەکان و سەرجەم پێکهاتەکانی تری چالاکییەکانی مرۆڤدا رەنگ دەدەنەوە)[2].

(1) ا. د. احسان محمد الحسن، سەرچاوەی پێشوو، ص١٤١

(2) د. حسين عبد الحميد احمد رشوان، البيئة والمجتمع ، المكتب الجامعي الحديث، ٢٠٠٦، ص٩

بەم شێوەیە ژینگەی دروستکراو ژینگەیەکی بەرهەمهاتوە لە بەرهەمە سروشتییەکان، بەڵام بە پێی ویست و ئەندازیاری مرۆڤ، نەك سروشت. شارە کۆنکرێتییە گەورەکان و نوێترین تەکنەلۆژیاکانی مرۆڤ، لە بونیادنانیاندا پێکهاتەی سروشتین، بەدیوێکی تردا لەئەنجامی پەیوەندی مرۆڤ بە چوارچێوەی ژیانییەوە لەسەرەتاکانی ژیانی مرۆییدا، مرۆڤ لەژینگەی سروشتیدا ژیاوە، ئەشکەوتی کردوەتە لانەو راستەوخۆ لەبەرهەمی سروشتی خواردوە. بەڵام دواجار ئەم بونەوەرە، کەهەمیشە بەدوای باشترینداً دەگەڕێت، سودی لەو بەرهەمانە وەرگرت، بۆ بونیادنانی جۆرێکی تر لەژیان لەناو ژینگەیەکی تردا، ئەویش ژیانی شارستانی و ژیارییە لە ژینگەی دروستکراودا. بەم پێیە ژینگەی دروستکراو لە دیوێکی تردا بەرهەمهاتوی پێشکەوتنی ژیانی مرۆییەو قۆناغی دواتری ژینگەی سروشتییە. ئەگەر بڕیارە مرۆڤ هەمیشە هەوڵی بۆ باشترکردنی ژیان دابێت، ئایا خوڵقاندنی ژینگەی دروستکراو پێداویستییەکانی مرۆڤی پڕکردەوە؟

ئەگەر بەم ئاڕاستەیە بڕوانین کە پێداویستییەکانی مرۆڤ بە تەواوەتی پڕدەبێتەوە، وەك ئەوەی مرۆڤ بۆ خۆی هەمیشە لە رێگەی

داهێنانەوە بە دوای چارەسەری ئەم کێشەیەوەیە، ئەوا دەکەوینە هەڵەوە، چونکە ژینگەی دروستکراو نەك بەتەنها پێداویستییەکانی مرۆڤی پڕنەکردەوە بگرە پێداویستییەکانی زیاتر کرد لەچاو رابردوودا.

بۆ باشترکردنی ژیانی مرۆڤ ژینگەی دروستکراو نەك ژیانی باشتر نەکرد، بگرە دەردەکانی ژینگەی دروستکراو زۆر زیاترن لە دەردەکانی ژینگەی سروشتی، مرۆڤ بونەوەرێکی ماندووترە تیایدا کەمتر چێژی شتەکان دەکات، مەترسییەکانی سەر ژیانی زیاترە. دواجار بەهۆی دەستکاریکردنی زۆری یاساسروشتییەکانەوە ژینگەی سروشتیش لە مەترسییەکی گەورەدایە، چونکە ژینگەی دروستکراو لە هەناوی سروشتدایە. لەمڕۆی ژیانی مرۆییدا گەورەترین مەترسی لەسەر ژیانی مرۆڤ مەترسی پیسبوونی ژینگەیە، کەبەرئەنجامی تێرنەبوونی پێداویستییەکان و بێ وەڵام بوونی پرسیارەکانیەتی، کەهەمیشە بۆ گەیشتن پێیان لەهەوڵدایەو دەستکاریی زۆری یاسا سروشتییەکانی کردوە، بەمەش ژیانی خۆی خستۆتە مەترسییەکی گەورەوە، (بەرهەم هێنانی ژینگەی دروستکراو لەلایەن مرۆڤەوە

زیانی بە ژینگەی سروشتی گەیاندوە ، واقیع شاهیدی ئەم حاڵەیە، کە زەویە کشتوکاڵییەکان کران بە شار..) [1]

ئەگەر چی قسەکردن لەبارەی گێڕانەوەی دۆخەکە بۆ سەردەمی پێشتر کارێکی نەکردەیە، چونکە گۆڕان و پێشکەوتن دوو خەسڵەتی بەردەوامی ژیانی کۆمەڵایەتی مرۆڤن، بەڵام دەکرێت کۆمەڵگەی مرۆیی بەگشتی لەوەتێبگات، کە ئەوەی تا ئێستا کردویەتی بەمەبەستی گەیشتن بە ژیانێکی باشتر، بە هۆی دەستکاریکردنی سروشت و ژینگەوە کارێکی زیانبەخش بوە بە ژیانی مرۆڤ خۆی. هەر بۆیە لە ئێستادا چەندین رێکخراو و گروپ و دەوڵەت بۆ پارێزگاریکردن لە چیتر پیسنەبوونی ژینگەدا سەرقاڵی کارکردنن.

لێرەوە تۆێژەر دەگاتە ئەو راستییەی کە مرۆڤ و ژینگە دووشتی پێکەوە بەستراون لەسەر یەکتر، پەیوەست و کاریگەرن، وەك چۆن (بیتس) رەخنەی لەوانە گرتوە کە جیاوازی دەکەن لە نێوان ژینگەو ژیانی مرۆڤدا، بەو پێیەی مرۆڤ بەشێکە لە ژینگەو ناتوانرێت هێڵی جیاکەرەوە لە نێوانیاندا دابنرێت، هەروەها بونەوەری زیندوو و ژینگە هەردووکیان لەحاڵەتی ئاوێتەبوونی بەردەوامدان، بەشێوەیەك

[1] د. حسین عبدالرحمن احمد رشوان، سەرچاوەی پێشوو، ص ٧٤

ژینگە بە بونەوەری زیندوو کاریگەر دەبێت و کاریگەریشی لەسەر دادەنێت)[1].

لەوەتەی مرۆڤ بوونی هەیە دەیەوێت لە ژینگە تێبگات، هەر بۆیە بە پێی قۆناغەکانی ژیاری مرۆیی، بەجۆرێك لە جۆرەکان مرۆڤ رای هەبوە دەربارەی ژینگە. لەکۆنەوە ژینگەو پێکهاتەکانی بونەتە جێگای بیرکردنەوەو تێڕامان، لە ئەفسانەوە تادەگاتە زانست. لەکۆنەوە ئەوەی دەبێتە تەوتەم رەگەزێکی ژینگەیە، لە زۆرێك لەشارستانیەتە کۆنەکاندا بەپێی دیاردە سروشتییەکان خواوەندەکان دروستکراون، ژینگە بوەتە بابەتی سەرەکی داستانەکان. لەمڕۆی شارستانی مرۆییشدا ژینگە و پەیوەندی بە ژیانی مرۆڤەوە قوڵتر لێی دەڕوانرێت.

پڕۆسەی ناسینی ژینگە بەشێك بووە لەپڕۆسەی ناسینی مرۆڤ خۆی، مرۆڤ بۆئەوەی خۆی بناسێت پێویستی بەوەبووە، کە ئەو چوارچێوەیە بناسێت و تێی بگات کە تیایدا دەژی.

هەربۆیە لێرەوە بەشێوەیەکی گشتی وەك بیرهێنانەوەیەك رای بەشێك لە بیرمەندان وفەیلەسوفان دەربارەی ژینگە باس دەکەین.

[1] د.احسان محمد الحسن، سەرچاوەی پێشوو، ، ص ١٤٠

هەوڵدان بۆ ڕاڤەکردنی پەیوەندی نێوان کۆمەڵگە و ژینگە، یان مرۆڤ و ژینگە جێگەی گرنگی زانایان بووە. هەربۆیەش ئاڕاستەی فیکری و قوتابخانەی جیاواز هاتونەتە گۆڕێ بۆ لێکدانەوەی ئەو پەیوەندییە. لێرەوە بەپێی قۆناغەکانی میژوویی رای هەندێك لە بیرمەندان دەخەینە روو.

هیپۆکرات (Hippocrates) لە (٤٢٠)پ.ز دا باسی لە جیاوازی خەڵکانی چیانشین و دەشت نشین کردوە، بەوەی کە چیانشینەکان بالآبەرزترو بونیادی جەستەییان پتەو تەرەو ئازاو لەپێشترن لە دەشت نشینەکان.

لەکتێبی (کۆمار)دا (ئەفلاتون) چەند یاسایەکی داناوە سەبارەت بە ژینگەو بەیەکەم کەسیش دادەنرێت کە باسی لەپیسبوونی ژینگە کردوەو پێیوابووە، کەئاو زۆر بەئاسانی دەتوانرێت پیس بکرێت، بۆیە بەیاسا ئەم کێشەیەی چارەسەر کردوە، بەوەی ئەو کەسەی کەئاوەکەی پیسکردوە دەبێت پاکی بکاتەوەو قەرەبووی زیان لێکەوتوەکانی پیسبوونەکە بکاتەوە.

(ئایان جی سیمۆن) دانەری کتێبی (میژووی ژینگە) باسی لەوە کردوە کەپادشای بودی (ئاسۆکا) چەند مەرسومێکی دەرکردوە

سەبارەت بە پاراستنی ژینگەو قەدەغەکردنی چەند جۆرێك لە ئاژەڵ.

مەنوچێهر موحسینی لە کتێبەکەیدا (دەروازەکانی کۆمەڵناسی) باس لەوە دەکات کە (بایەخدان بەکاریگەری هۆکارە ژینگەییەکان لەسەر کۆمەڵگە مرۆییەکان رەگ و ریشەی کۆنی هەیە، لەوانەیە ئەرستۆ یەکەم کەس بێت کە ئاماژەی بەکاریگەری هۆکارە جوگرافییەکان لەسەر ژیانی کۆمەڵایەتی مرۆڤ کردوە)[1].

(پاشانیش "سترابۆن" لەسەدەی یەکەمی زایینیدا هەوڵیدا پەیوەندی دروست بکات لەنێوان کەش و هەوا لەلایەك و دەرکەوتنی هێزی رۆما لەلایەکی تردوە)[2].

بەم شێوەیە بیریاران گوزارشتیان لە رای خۆیان دەکرد سەبارەت بە پەیوەندی ژیانی مرۆیی و ژینگە، ئەم دۆخە لەو بارە سادەیەیدا نەمایەوە و لەسەدەکانی ناوەڕاست بەدواوە و بەدەرکەوتنی بیریارانی

[1] دەروازەکانی کۆمەڵناسی، مەنوچێهر موحسنی ، وەرێبوار سیوەیلی، موسڵح ئیروانی، مراد حەکیم...،چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریانی، هەولێر،٢٠٠٢، لا ٩٠

[2] د.حسین عبدالحمید احمد رشوان، سەرچاوەی پێشوو ، ص ٨٨

چەرخی ڕۆشنگەری، بۆچونی تازە هاتە گۆڕێ سەبارەت بەو پەیوەندییە.

(مۆنتسکیۆ) لە کتێبی (رۆحی یاساکان)دا پابەندنەبوونی رەفتاری مرۆیی بۆ ژینگەی سروشتی دەگێڕێتەوە، کە پێی وابوو دانیشتوانی ناوچە ساردەکان لەرووی بونیادی جەستەییەوە بەهێزن و ئازاتر و راستگۆترن لەچاو دانیشتوانی ناوچەکانی باشورو ناوچە وشکەکاندا.

ئەم تێروانینە تاسەدەی بیستەمیش درێژەی هەیە و (ئالێن سمبل) لە کتێبەکەیدا (کاریگەرییەکانی ژینگەی جوگرافی) باس لە حەتمیەتی پەیوەندی رەفتاری مرۆڤ بە ژینگەوە دەکات و پێی وایە مرۆڤ رەفتارەکانی بەرهەمی زەوین.

بەناوبانگترین وتەش لەم بوارەدا بۆ (ڤیکتۆر کزن) دەگەڕێتەوە کەدەڵێت (نەخشەی ژینگە و زانیاری تەواوم لە بارەی پێگەو کەش و بەرهەمە سروشتییەکانەوە، بەدرێ دەتوانم پێت بڵێم چ جۆرە

مرۆڤێك دەتوانێت لەم ژینگەیەدا بژی و چالاکییە مادییەکانی چۆن دەبێت)[1].

(د.حسین عبدالحمید احمد رشوان) لەکتێبە بەناو بانگەکەیدا (ژینگەو کۆمەڵگا) باسی لە چوار قوتابخانەی فیکری ژینگەیی کردوە کە بریتین لە :

١- قوتابخانەی حەتمی: ئەم قوتابخانەیە لەسەر بنەمای کاریگەربونی رەفتارەکانی مرۆڤ بە ژینگەی سروشتی دامەزراوەو جەخت دەکاتە سەر ئەوەی سیستەمی ژینگەیی تاکە هۆکاری دروست بوون و گەشەکردنی کلتورو سیستەمە کۆمەڵایەتییەکانە و جیاوازبوونی کۆمەڵگە بۆ جیاوازی ژینگەکانیان دەگەڕێتەوە.

٢- قوتابخانەی توانایی: ئەم قوتابخانەیە تەواو بەپێچەوانەی قوتابخانەی حەتمیەوەیە و پێی وانیە مرۆڤ ئەو بونەوەرە نێگەتیڤ و بیرنەکەرەوەیەبێت کەتەنها پابەندی ژینگەبێت، بەڵکو مرۆڤ خاوەنی هێزێکی کارایەو بونەوەرێکی بیرکەرەوەیە، توانای پەرەسەندن و گۆڕانی هەیە. ئەم قوتابخانەیە جەخت دەکاتە سەر بنەمای ئازادی

[1] د.زین الدین عبدالمقصود، البیئة و الانسان، دراسة فی مشکلات الانسان مع البیئة، منشأة المعارف ، الاسکندریة، ١٩٩٧ ، ص٢٧

هەڵبژاردن، بەمەش ژینگە پاڵنەرێکی حەتمی نیە بۆ ئەنجامدانی کارێك یان نواندنی رەفتارێك بەقەد ئەوەی ئەگەڕێ هەڵبژاردن لەبەردەم مرۆڤدا زیاد دەکات و، مرۆڤ هەمیشە ئەوە دەکات کە بۆی دەگونجێت، هەر بەم شێوەیە مرۆڤ خاوەندارو دەسەڵاتدارە بە سەر ژینگەدا نەك بە پێچەوانەوە.

٣- قوتابخانەی رێککەوتن یان ئەگەری: ئەم قوتابخانەیە ویستی هەردوو قوتابخانەی پێشتر ڕێکبخات، بڕوای رەهای بەهیچ یەکێك لەڕاکانی ئەوانی پێش خۆی نەبوو، بەڵکو پێی وابوو ژینگەی هەندێك ناوچە دەتوانێت کاریگەربێت لەسەر مرۆڤ و تواناکانی، لە هەندێك ژینگەی تریشدا مرۆڤ زاڵدەبێت بەسەر ژینگەداو ناتوانێت کاریگەری لەسەری دروست بکات.

ئەم قوتابخانەیە تاڕادەیەك واقیع بین تربوو لەسەیرکردنی پەیوەندی مرۆڤ و ژینگە، ئەو جیاکارییەی لەسەر بنەمای کاریگەری وەلاّم دانەوەی ژینگەکان لە لایەکەوە و تواناو لێهاتوییەکانی مرۆڤی لە لایەکی ترەوە دەکرد.

٤- قوتابخانەی کارلێکی: ئەم قوتابخانەیە لە دیدێکی کارلێکەوە پەیوەندی نێوان ژینگەو مرۆڤ دەبینێت، ئەم قوتابخانەیە واقیعیترین

قوتابخانەی شیکاری پەیوەندییەکانی ئەم نێوانەیە، کەبەشێوەی کارلێکی هاوشێوە لەنێوان ژینگەو مرۆڤدا ڕێڕەوی تیۆری خۆی ئاڕاستەکردوە.

هەر بەپێی ئەو پۆلێن بەندییەی کە تۆێژەر بۆ ژینگە کردی (ژینگەی سروشتی و ژینگەی دروستکراو یان شارستانی) دەبێت ئەوە ڕوونبکەینەوە، کە لەم تۆێژینەوەیەدا زیاتر باس لە ژینگەی شارستانی دەکرێت و بۆچون و ڕێکخستنی زانیارییەکان و گرێمانەکان بەو شێوەیە ئاڕاستە دەکرێن .

وەك (سعيد محمد الحفار) لە کتێبی (نحوبيئة افضل) دا سودی لە وتەی ژینگەناسێکی بەڕازیلی وەرگرتوە، کە دەڵێت (ژینگە تەنها کۆمەڵێك بارودۆخی مادی و دیمەنی سروشتی لادێ (دەرەوەی شار) نیە، کە بەبەردەوامی کارلێك دەکەن لە ناو خۆیاندا بگرە ژینگە زۆر لەوە گەورەترەو پێکهاتەیەکە لە بارودۆخی ئابوریو بیروبۆچون ونەریتە باوەکانی گەلان لەسەرتاسەری جیهاندا)[1].

هەربەم پێیە دەتوانین بڵێین لەئێستادا بینینی ژینگە، گەر بینینێکی سروشتیانەبێت هەڵەیەکی میتۆدیە، چونکە ئەگەر

[1] سعيد محمد الحفار، سەرچاوەی پێشوو، ص٤١

لەڕابردوودا ژینگە بەوە بینراوبێت شتێکی ئاسایی بووە چونکە ژینگەی شارستانی بەو شێوەیە گەشەی نەکردبوو، هەروەها بەو شێوەیە جێگەی ژینگەی سروشتی نەگرتبوەوە، بەڵام وەك ئەوەی زانایانی دیموگرافیاو ژینگەیی پێشبینی دەکەن، لەداهاتویەکی نزیکدا سەرجەم مرۆڤایەتی لە ژینگەی شارستانیدا دەژین و مرۆڤی ناو ژینگەی سروشتی نامێنێت، بۆیە گەر سیستەمی ژینگەیی بریتی بێت لە (یەکەیەکی ژینگەیی تەواو کەپێکهاتووە لە بونەوەری زیندوو و پێکهاتەی نازیندوو لە شوێنێکی دیاریکراودا، کە بە پێی سیستەمێکی وردو هاوسەنگ ئاوێتە دەبن لەگەڵ یەکتردا، لە داینەمیکیەتی خۆیدا بۆ دریژەدان بەو ڕۆڵەی دەیبینێت بۆ باشترکردنی ژیان)[1]، ئەوا لێرەدا باس لە سیستەمی ژینگەی شارستانی دەکرێت بەوپێیەی ئەم سیستەمە لە پەیوەندی نێوان ڕەگەزەکانی ژینگەی شارستانی دەکۆڵێتەوە لەگەڵ مرۆڤی شارستانیدا. ئەگەر لە قۆناغی یەکەمدا پێکهاتەکانی ژینگە ڕۆڵی کاریگەریان هەبوبێت لە ئاڕاستەکردنی ژیانی مرۆڤدا و سروشتی هەژمونی تەواوی بەسەر ڕەفتاری مرۆیدا کردبێت و خستبێتیە ژێر

[1] د. صالح بن علي ابو عراد ، سەرچاوە پێشوو، ص١٦

رکێفی کاریگەرییەکانی خۆیەوە، ئەوا لە قۆناغی دووەمدا ژینگە دەکەوێتە ژێرکاریگەری رەفتاری مرۆڤەوە مرۆڤ هەژمونی خۆی بەسەر ڕەگەزەکانی ژینگەدا دەکات، ئایا لە ژینگەی شارستانیدا (کە مرۆڤ بەرهەمهێنەریەتی) کاریگەر دەبێت بەڕەگەزەکانی ژینگە؟ (ڕەنگ و ڕووناکی و بەرزی و نزمی و شوێنی نیشتەجێبوون ودەنگە دەنگی شار) چ کاریگەرییەك لەسەر رەفتاری مرۆڤ دروست دەکەن ؟

رەفتاری توندوتیژی کۆچبەرەکانی بیابان ئەوانەی (ابن خەلدون) لە کتێبی (المقدمە)دا باسیان دەکات بەهۆی جەوری بێ بەزەییانەی سروشتی وشکی بێ ئاو و روتەن و کەم خۆراکی بیابانەوەبووە، کەمی سەرچاوەکانی بەردەوامی ژیان وای کردوە ئەم کۆچەریانە لە هەر شوێنێك ئەم سەرچاوانەیان شك بردبێت، بەشێوەکی زۆر توندو تیژانە هەوڵی بەدەستهێنان و داگیرکردنیان داوە، ئەی مرۆڤی شارستانی کەبەشی زۆری پێویستییە سەرەکییەکانی ژیانی دابینبووە، رەفتارەکانی لەژێر کاریگەری چ ژینگەیەکدایە؟

لە قۆناغی یەکەمدا مرۆڤ ئەو ژینگەیەی بۆخۆی هەڵنەبژاردوەو بێ ویست کەوتۆتە ژێر کاریگەرییەوە، بەڵام لە قۆناغی دواتردا

مرۆڤ بەویستی خۆی ئەم ژینگەیەی هەڵبژاردوەو دروستیکردوە، ئایا هەر دەکەوێتە ژێر کاریگەرییەوە؟ ئایا وەك چۆن (سروشتی گەرم وکەم ئاوو سەرچاوەی ژیانی بیابان) کاریگەری هەبووە لەسەر رەفتاری مرۆڤ، (شەقام و بەرزی بالەخانەو ستونی ڕووناکی شەقامەکان و ڕەنگی شوشەی پەنجەرەکان و ریکلامە هەڵواسراوەکانی ڕێگاوبان ...هتد) هەروەها کاریگەری دەخەنە سەر رەفتاری مرۆڤ؟

باسی دووەم : پیسبوونی ژینگە

لەئەنجامی دەستکاری زۆری یاسا سروشتییەکانەوە بۆ بەرهەمهێنانی ژینگەیەکی گونجاو تر بۆ ژیانی مرۆڤ، مەترسیەك لەسەر ژیانی مرۆڤ دروستبوو، ئەویش پیسبوونی ژینگەیە.

لە دروستکردنی ژینگە شارستانییەکاندا مرۆڤ سودی لە رەگەزە سروشتییەکان وەرگرتوە و ئەم جارەیان بە ویستی خۆی و جیاوازتر رێکیخستەوە، هەروەها بەهۆی پێشکەوتنی زانستەوە مرۆڤ کاری زۆری کرد لە تێکەڵکردن و ئاوێتەکردنی چەندین مادەی جیاواز بۆ بەرهەمهێنانی مادەی تازە، لە پێناو پڕکردنەوەی پێداویستییەکانیدا، دەرکەوتنی پیشەسازی بەمانا فراوانەکەی ئەم راستییە دەسەلمێنێت، دواجاریش خودی پێشکەوتنی پیشەسازی هۆکاری سەرەکی پیسبوونی ژینگەیە.

ئەمرۆ گەورەترین و پرمەترسیترین کێشە،کە رووبەڕووی مرۆڤ و زەویش بوەتەوە پیسبوونی ژینگەیە. هەر گۆڕانێکی چەندێتی و چۆنێتی لەژینگەدا کە رووبدات پێی دەوترێت پیسبوون.

بەشێوەیەکی گشتی مرۆڤایەتی هەستی بە مەترسی ئەم کێشەیە کردوە، لە نیوەی کۆتایی سەدەی رابردوەوە نەتەوەیەکگرتوەکان و

سەرجەم رێکخراوەکانی و زۆر لەکەسایەتییە دیارەکانی جیهان و رێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی نێودەوڵەتی هەوڵیان داوە، کەمرۆڤ بەئاگا بهێننەوە لەبەرامبەر ئەوکێشەیەداو قەبارەی راستەقینەی کێشەکە دەربخەن. ئەنجومەنی وڵاتانی ئەوروپا لە ساڵی (١٩٧٠)دا کۆنگرەیەکی بەست بە ناونیشانی (مرۆڤایەتی لە مەترسی دایە) بۆ مەبەستی پارێزگاری کردنی زیاتر لە ژینگە.

بەناونیشانی (هەسارەکەمان لە مەترسی پیسبووندایە) رێکخراوی پەروەردەو زانست و کلتور(یونسکۆ) داوایەکی بۆکۆبونەوەی وڵاتان پێشکەش کرد لەساڵی (١٩٧٠)دا. دواتر باسی مرۆڤ و گۆڕانکاریەکانی ژینگە کرا، دواجاریش بە گشتی بڕیاری گەشەپێکردنی هۆشیاری ژینگەیی درا بۆ ئەوەی مرۆڤ رێزی زیاتر لە ژینگەکەی بگرێت.

(جیهانمان بەرەو لەناوچونێکی بەردەوام دەچێت، بە هۆی پیسبوونەوە، باسنورێکی بۆ دیاری بکەین) ئەمە سەرەتای ئەو داوا بەپەلەیەی سەرۆکی گشتی نەتەوە یەکگرتوەکان بوو لەساڵی (١٩٧٢)دا، کەکۆنگرەیەکی جیهانی لێکەوتەوەو لەستۆکهۆڵم بەسترا، تەرخان کرا بۆ باسکردن لە پێکەوە ژیانی مرۆڤ و ژینگە،

هەروەها لە سالّی (١٩٩٢)دا کۆنگرەیەکی تر لە (رۆدێـۆ جـانیرۆ)ی بەڕازیلی بۆ ئەم مەبەستە بەسترا بەئامادەبوونی بەشی زۆری سەرۆک و دەسەلاّتدارانی ولاّتانی جیهان، کـە ئـەم کۆنگرەیـە لـە ئـەنجامی داوایەکی (بیّل کلینتۆن)ی سەرۆکی پیّشووتری ئەمریکاوە هات کە هەر خۆشی کۆنگرەکەی بەڕێوە برد.

لە دەرئەنجامی سەرجەم ئەو لێکۆڵینەوەو بەدواداچـونانەی کەلـەم بارەیەوە کراوە چەندین هۆکار دەست نیشان کراون.

(سعيد محمد الحفار)لە کتێبی (نحوبيئة افضل)دا بەکورتی سـێ هۆکاری دەست نیشان کردوە ئەوانیش [1]

١- پیّشکەوتنی زانستەکان.

٢- تەکنەلۆژیای پیّشکەوتوو.

٣- زیادبونی ژمارەی دانیشتوانی جیهان.

بـەلاّم (د.حـسین عبدالحمیـد احمـد رشـوان)، پیّـنج هۆکـاری دەستنیشان کردوە کەبریتین لە:

١- تەقینەوەی دانیشتوان و فراوان بوونی شارەکان.

٢- کەموکوڕی زانیاری دەربارەی ژینگە.

[1] سعيد محمد الحفار، سەرچاوەی پێشوو ، ص١٥٧

٣- خراپ بەکارهێنانی تەکنەلۆژیا لەناو ژینگەدا.

٤- ناڕێکی لە بەهاو ئاڕاستەکاندا.

٥- ناڕێکی لە ژینگەی کۆمەلاّیەتیدا.[1]

هـەرکۆڕانێك یـان کـەموکوڕی و ناڕێکییـەك لـە سیـستەمی ئیکۆلـۆجی ژینگـەدا پیـسبوونی لێدەکەوێتـەوە. پێکهێنـەرەکانی ژینگە لە رەگەزی سود بەخشەوە دەگۆڕدرێتـە سـەر رەگـەزی زیـان بەخش،ئەو رۆلّە سروشـتییەی خـۆی لەدەسـت دەدات کـەژیان پێـی بەخشیوە.

(ئـەو بارودۆخـە نێگەتیڤانـەی کـەکار لەژینگـە دەکـەن و کاریگەردەبن لەکاری مرۆڤەکاندا، کاریگەری دروست دەکەن، لەسەر کەشی کۆمەلاّیەتی لەپێگەکانی کارکردنداو دەبێتە هۆی زیـادبوونی ڕادەی گـرژی و خراپبـوونی میـزاج و دروسـت بـوونی دوودلّـی و نادلّنیایی لەپەیوەندییەکاندا)[2].

[1] د. حسين عبدالحميد احمد رشوان، سەرچاوەی پێشوو ، ص٢١-٢٢

[2] ئیم.هولی - جی. رجیها- جی.سلادك، الانسان والبيئة، ترجمة:عصام عبداللطيف، منشورات وزارة الثقافة والفنون، دار الحرية للطباعة، بغداد، ١٩٧٩، ص٢٥.

هەرچەندە ئاشکرایە، کەپیسبوونی ژینگە مەترسی راستەوخۆی لەسەر ژیانی مرۆڤ هەیە، بەڵام دەشێت هەر ئەو ڕەگەزانەی کەدەبنە هۆی پیسبوونی ژینگە جارێکی تر لە خزمەتی ژینگەو ژیانی مرۆڤ بەکار بهێنرێنەوە، بۆنموونە پاشەڕۆ گەر لەڕادەی خۆی زیادیکرد بەفڕێدانی یان بە سووتانی زیان دروست دەکات و دەبێتە هۆی پیس کردنی ئاووهەوا و بینین و ..هتد، بەڵام هەر هەمان پاشەڕۆ دەکرێت جیا بکرێتەوە و جارێکیتر بەکاربهێنرێتەوە لە پیشەسازیدا یان مادەئەندامییەکان وەك (پەین) سودیان لێوەربگیرێت بۆ کشتوکاڵ.

کاتێك باس لە پیسبوونی ژینگە دەکرێت، ئەمە بەکارهێنانێکی گشتییە. ئاشکرایە، کە ژینگە بەرهەمهاتووی چەندین ڕەگەزو پێکهاتەی لەیەك جیاوازو یەکتر تەواو کەرە، هەریەکێك لەو ڕەگەزە پێکهێنەرانە ڕووبەڕووی گۆڕانی هاوسەنگی پیسبوون بوونەتەوە، لێرەدا بە کورتی جۆرەکانی پیسبوونی ژینگە باس دەکەین:

١- پیسبوونی هەوا:

یەکێك لە گرنگترین هۆکارەکانی دروست بوونی ژیان لەسەر زەوی، بوونی ڕوپۆشێك لەهەوایە بەدەوری ئەم هەسارەیەدا، کە تێکەڵەیەکە لە چەندین جۆری گاز بەم شێوەیە لە(٧٨٪)ی گازی

نایترۆجین و (٢١٪) گازی ئۆکسجین و(٠,٠٣٪)ی دووەم ئۆکسیدی کاربۆن و ئەو ڕێژەیەی تریش کە دەمێنێتەوە بۆ سەرجەم گازەکانی تری ناو ڕوپۆشەکەیە.

ئەم ڕوپۆشە هەواییە بەچینە گازێك داپۆشراوە کە پێی دەوترێت (ئۆزۆن). ئۆزۆن بریتییە لە ئۆکسجینی سیانی کە ڕێگرێکی بەهێزە لە تیشکی سەرو وەنەوشەیی کەلەگەڵ تیشکی خۆردا دێت وگەر ئۆزۆن نەبوایە بەهۆی ئەم تیشکەوە، ژیان نەدەبوو. هەروەها بەرگریکەرێکی بەهێزە بۆ ئەو نەیزەکانەی لەبۆشایی ئاسمانەوە بەرەو زەوی دێن، کاتێك بەرئەم چینە گازیە دەکەون دەسوتێن و پارچە پارچە دەبن.

هەروەها بونەوەران یەکێك لە خەسڵەتە هاوبەشەکانیان هەناسەدان و هەوا گۆڕکێیە. بەم مانایە بەرگی هەوایی دەوری گۆی زەوی، نهێنی بوون و ژیانی زیندەوەرانە، بەڵام هەوا توشی پیسبوونێکی ئێجگار زۆر بووە و ئەم پیسبوونەش مەترسی گەورەی لەسەر ژیانی مرۆڤ دروست کردوە، لەگرنگترین هۆکارەکانی ئەم پیسبوونەش:

- دوکەڵی ئۆتۆمبیل و فڕۆکە.

- سەرچاوە ئەتۆمی و تیشکییەکان.
- بەرزبونەوەی پلەی گەرماو ئاگر کەوتنەوە.
- بەکارهێنانی ماددە کیمیاییەکان لەکشتوکاڵدا و بەکارهێنانی چەکە کیمیاییەکان لەجەنگدا.

٢- پیسبوونی ئاو:

زۆرجار کەباسی زەوی دەکرێت دەوترێت هەسارە شینەکە، ئەم خەسڵەتە رەنگییەی زەوی بۆ ئەو پانتاییە زۆرەی ئاو دەگەرێتەوە، کە گۆی زەوی داگیرکردووە. ئاو یەکێکە لەپێکهاتەکانی ژینگەو سەرچاوەی سەرەکی دروستبوونی ژیانە لەسەر ئەم هەسارەیە، کە ڕێژەی لە(٧٥٪)ی ئاوە، دابەزینی (١٠٪ بۆ ٢٠٪)ی ئەم ڕێژەیە دەبێتە هۆی نەمان و مردنی ئەو بوونەوەرە. لە ئایینەکانەوە تادەگاتە سەلماندنی زانستی ئەوە دوپات دەکەنەوە، کە بوونەوەران بەهۆی ئاوەوە دروستبوون و لە ئاو دروستبوون، ئەگەرچی ئاوەکان بۆخۆیان ژینگەیەکی تایبەتییان هەیەو جۆرەها زیندەوەری، جیاوازی لەزیندەوەرانی وشکانی، تیادا دەژی. بەڵام لەهەمان کاتدا ئاوەکان سەرچاوەی هەرە گرنگی بەردەوام بوونی ژیانی مرۆڤن، بەپیسبوونی ژیانی مرۆڤیش دەکەوێتە مەترسییەوە.

دروستبوون و گەشەکردن و سەرجەم چالاکییە کشتوکاڵییەکان و پیشەسازییەکانی مرۆڤ بەندە بە ئاوەوە، بەڵام ئەم ڕەگەزەی ژینگەش بەهۆی مرۆڤەوە توشی پیسبوون بووە کە هۆکارەکانی بریتین لە:

- پاشەڕۆ ئادەمییەکان.
- پاشەڕۆ پیشەسازییەکان.
- نەوت، کەهەندێك جار بە پاپۆر دەگوێزرێتەوەو پاپۆرەکە دەشکێت و نەوتەکە لە ئاوەکەدا بلاو دەبێتەوە.
- زێراب کە دەخرێتە سەر ئاو.
- ئاوی ناوچە کشتوکاڵییەکان بەهۆی بەکارهاتنی مادەی کیمیاییەوە.
- زۆری بەکارهێنانی مادەی کیمیایی و چەکە کیمیاییەکان لە زەریاکاندا.
- بارانی دروستکراو (پیتێنراو)
- تیشکە زیان بەخشەکان و مادە تیشك دەرەکان.

٣- پیسبوونی خاك:

ئەگەرچی ئاووهەوا دووپێکهینەرو رەگەزی سەرەکی ژیان و بەردەوامی مرۆڤن، بەڵام دواجار زەویە وشکانییەکان، یان خاك شوێنی ژیانی مرۆڤە. خاك گرنگییەکی تایبەتی بۆ مرۆڤ هەیە و سەرچاوەی خۆراك و پڕکردنەوەی پێویستییەکانیەتی. خاك پێکهاتەیەکی گرنگی مادە ئەندامییەکانە. مرۆڤیش بونەوەرێکی ئەندامییە، تەفسیرە ئایینییەکان جەخت لەسەر دروستبوونی یەکەمین مرۆڤ لە خاکەوە دەکەنەوە و زانستیش سەلماندویەتی مرۆڤ و خاك لە پەیوەندییەکی یەکتر تەواوکەرو راستەوخۆدان. مرۆڤ بەشێکە لە خاك و خاکیش دروستکەری جەستەی مرۆڤە، وەك بونەوەرێکی ئەندامی.

دەشتە بەپیت وناوچە لەبارەکان لە رووی پلەی گەرمی و ڕادەی شێ و باران بارین و بەرزو نزمی لە ئاستی رووی دەریاوە، شوێنی نیشتەجێبوونی مرۆڤ و سەرهەڵدانی شارستانییەکان بووە هەر لەکۆنەوە تائێستا، هەرچەندە مرۆڤ لە قۆناغەکانی سەرەتادا زیاتر لە دەشتەکاندا دەژیا، بەڵام بە هۆی پێشکەوتن و زیادبوونی ژمارەی مرۆڤەوە ئێستا جەمسەرە بەستوەکانی گۆی زەویش مرۆڤی تیادا

دەژی. مرۆڤ لە پێناوی زیادکرنی بەرهەمدا هەزاران هێکتار زەوی دارستانی و سروشتی لە ناو بردو کردی بە کشتوکاڵ و پیشەسازی، کە ئەمەش تێکدانی پێکهاتەی ژینگەیە، ناوچە سەوزەکانی لەناو بردو درەختەکانی بڕیەوە، لە جێگەیدا چیمەنتۆی چاندو باڵەخانەی بڵندی رواند.

بەم شێوەیە خاکیش رووبەڕووی مەترسی پیسبوون بوەتەوە هۆکارەکانیشی بریتین لە:

١- زیادەڕۆیی لە بەکارهێنانی ماددە کیمیاییەکان لەکشتوکاڵدا.

٢- فراوانبوونی شارەکان و زیادبوونی شوێنی نیشتەجێبوون .

٣- زیادبوون و فرێدانی پاشەڕۆی مرۆڤ و پیشەسازییەکان.

٤- بەکارهێنانی مادەکانی لەناوبردنی جانەوەران(حشرات)ی زەوییە کشتوکاڵییەکان.

٥- بەکارهێنانی چەکە کیمیاییەکان.

٤- پیسبوون به هۆی دەنگەدەنگەوە:

مرۆڤ لەڕێگەی هەستەوەرەکانییەوە توانای تێگەیشتن و تێڕامانی لە ژیانی خۆی و ژینگەکەی هەیە. هەستی بیستن لە گرنگترین هەستەوەرەکانی مرۆڤە. گوێ ئامرازێکی گرنگی وەرگرتنی زانیارییە، لەدۆخی سروشتیدا مرۆڤ لە ڕێگەی بیستنەوە هەست بە ئاسودەیی دەکات، دەنگی باڵندەو خورەی ئاوو شنەی با و لەرینەوەی درەختەکان..

ئەندامی بیستنی مرۆڤ ڕاستەوخۆ بەستراوە بە میشکەوە و کاریگەری زۆرە لە سەری، دەنگە دەنگ و دەنگی ناڕێك و بەرزونزم و نەشاز، بەردەوام بونەتە خەسڵەتی ناسینەوەی شار. شارەکان پڕن لە دەنگە دەنگ، هاووڵاتیانی شارەکان توشی پیسبوونی دەنگە دەنگ دەبن، کەکاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر کرداره عەصەبی و چالاکییە هزرییەکان هەیە.

مرۆڤی شار، میشکێکی هیلاك و دەروونێکی ماندووی هەیە بە هۆی دەنگە دەنگەوە. دەنگی ئۆتومبیل وماشێنە تەکنەلۆژییەکان و ئامێرە کارەباییەکانی ناو ماڵ و قەرەباڵغی شەقامەکان لە گرنگترین هۆکارەکانی ئەم پیسبوونەن.

٥- پیسبوونی تیشکی:

ئەوەی ژیانی بەخشیوە بەم هەسارەیە ڕادەی دووری شیاویەتی لە خۆرەوە، کە رادەی گەیشتنی تیشکی خۆر بۆ گۆی زەوی رادەیەکی گونجاوە و ژیانی تیادا دروستکردوە و وزەی لێوە بەرهەم هاتووە، لەگەڵ ئەوەشدا تیشکی خۆر تیشکی سەرو وەنەوشەیی دەنێرێت کە زیانبەخشە بۆ ژیانی مرۆڤ، بەڵام چینە گازی ئۆزۆن بەرگریکەری ئەم تیشکەیە.

بەڵام بەهۆی کون بوونی چینی ئۆزۆنەوە بەشێك لەم تیشکە دەگات و کاری خۆی دەکات، هەروەها بەهۆی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیاوە توانراوە سود لە پیتاندنی ئەتۆمی وەربگیرێت، هەروەها لە جەنگدا تیشکی (X)بەکار بهێنرێت کە سەرجەم ئەمانە کێشەی پیسبوونی ژینگەیان لێ دەکەوێتەوە.

٦- پیسبوونی بینین:

هەستی بینین لە چاو هەستەکانی تردا وردترو بە هێزترە و مرۆڤ لە ڕێگەیەوە دەتوانێت بەشێوەیەکی باش زانیاری وەربگرێت و هەر لە ڕێگەشیەوە چێژ وەربگرێت، بۆ سەلماندنێکی ئاسایی گرنگی بینین لە چاو بیستندا، کە بیستن هەستەوەرێکی گرنگی مرۆڤە، دەبینین

مرۆڤ بۆ وەرگرتنی زانیاری زیاتر تەلەفزیۆن بەکاردەهێنێت وەك لە رادیۆ، چونکە لەتەلەفزیۆندا مرۆڤ بە چاوی خۆی حەقیقەتی شتەکان دەبینێت، راستەوخۆ هەستی پێ دەکات. مرۆڤ لە رێگەی چاوەوە لە ژیان راماو ئاشنایی لە گەڵ ژینگەکەیدا پەیداکرد، مرۆڤ ماهیەتی (شەو و رۆژ ، جوان و ناشیرین هتد..)ی لە رێگەی چاوەوە دەزانێت، زۆرجار مرۆڤ بینین دەکاتە مەحەکی دروست کردنی پەیوەندی لەگەڵ ئەوانی دیکەدا، لە دۆخی سروشتیدا زیاتر هەست بە هارمۆنیەت و جوانی سروشت دەکرێت. واهەست دەکەین هەموو شتەکان لە جێگای خۆیاندان تائەو شوێنەی مرۆڤ دەستکاری نەکردوە، بەڵام لە دۆخی شارستانی و ژینگەی دروستکراودا مەرج نیە هەموو جارێك هەست بە هارمۆنیەت و جوانی دیزاینی شار بکرێت و شتەکان لەجێگەی خۆیاندا بن. لەم دۆخەدا مرۆڤ لە پەیوەندیدا بەدەرەوەی خۆیەوە سروشتی نیە، بەقەد ئەوەی هەوڵی خۆگونجان دەدات و بەم ژینگەیە نامۆیە.

لەبەرئەوەی مرۆڤ بە هۆی چاوەوە بە شێوەکی راستەوخۆ پەیوەندی لەگەڵ ژینگەدا دەکات و بینین دەبێتە مەحەکی جۆری ئەو پەیوەندییە، بۆیە جێگەیەکی گرنگی لەم هاوکێشەیەدا هەیە، جوانی

بینین دەبێتە فاکتەری جوانی رەفتاری، چونکە دواجار پالنەرەکان دەبینرێن و رەفتار بە مرۆڤ دەکەن، مرۆڤ لە ئاست بینینی گوڵێکی جواندا بزە دەیگرێت، لە بەرامبەر بینینی تەنەکەیەکی خۆڵدا روگرژدەکات (بزەو روگرژکردن دوو جۆری رەفتارن).

شارەکان دەنالێنن بە دەردی ناهارمۆنیەتەوە، پڕن لە دیمەنی نەشازو ناشیرین کەدەبنە هۆی دروستکردنی جۆرێکی تر لە پیسبوون، کەئەویش پیسبوونی ژینگەی بینراوە.

ئەمانە لەگرنگترین ئەو پیسبوونانەبوون، کە ژینگە توشیان بووە. دەکرێت چەندین شتی تر وەك وشکە سالّی و بە بیابان بوون و داخورانی چینی ئۆزۆن و گرفتی وزە و.. هتد، وەك بەشی جیاوازو پیسبوون ببینرێن و لێکۆڵینەوە لە بارەیانەوە بکرێت، بەڵام ئەوەی بەشێوەیەکی گشتی لەم باسەوە دەردەکەوێت پێشکەوتن و پەرەسەندنی شارستانی و تەکنەلۆژیا سەرەکیترین هۆکاری پیسبوون بوون.

(ئەوەی ناهەوسەنگی لە نێوان مرۆڤ و سەرجەم فاکتەرە سروشتییەکاندا دروستدەکات، بە هۆی بەکارهێنانەوە، لەئەنجامی بەشارستانی بوون و پیشەسازی و گەشەکردنی ئابوورییەوەیە)[1].

ئەگەرچی ئەوە راستە، کەمرۆڤ ویستی دەستەبەری ژیانێکی گونجاوتر بکات، بەڵام دەرەنجامەکان پێچەوانەکەیان سەلماند. ئەوەی کۆمەڵناسەکان دەیکەنە راقەی خۆیان لەم بارەیەوە ئەوەیە، کە(مرۆڤ هەوڵی داوە بۆ داگیرکردنی سروشت، زیاتر لەوەی هەوڵی دابێت بۆ ئەوەی لێی تێبگات و لەگەڵیدا بژی)[2].

سەرەڕای ئەمانەش ئەوەی گرنگە لەم شوێنەدا مرۆڤ هەستی بەو تێکدان و خراپکردنەی خۆی کردوەکە دەرهەق بە ژینگە کردوویەتی، لێرەوە چەمکێك هاتوەتە پێشەوە کە لە ئێستادا زۆر قسەی لەبارەوە دەکرێت و کاری بۆ دەکرێت ئەویش (هۆشیاری ژینگەیی)ە، رێکخراوەکانی پارێزگاری لە ژینگەو پارتە سەوزەکان و لە بەرنامەی

(1) ا.د. عبداللطيف عبدالحميد العانى، ا.مديحة عونى، د.معن خليل عمر، مدخل الى علم الاجتماع، وزارة التعليم العالى والبحث العلمى، جامعة بغداد، بغداد، ١٩٨١، ص ٢٥٢

(2) هەمان سەرچاوە، ص٢٥٢

کاری نەتەوە یەکگرتوەکانیشدا هۆشیاری ژینگەیی گرنگی پێدراوە و هەوڵدەدرێت مرۆڤ لەبارەی ئەم چەمکەوە ئاگادار بکرێتەوە.

ئەگەر بڕیاربێت هۆشیاری درك و ئاگایی و زانیاریان بێت بەرامبەر بەشتێك، ئەوا هۆشیاری ژینگەیی بریتی دەبێت لە (درککردنی مرۆڤ بەگرنگی پاراستنی ژینگە، ئەنجامدانی رەفتاری پۆزەتیڤانە لەمامەڵەکردن لە گەڵیداو تێگەیشتن لە پەیوەندییە ئالۆگۆڕەکانی رەگەزە پێکهێنەرەکانی ژینگە)[1].

لەخاڵی یەکەمدا دەبێت مەعریفە هەبێت بەرامبەر ماهیەت و گرنگی و پێویستی ژینگە، کە دواجار ئەم مەعریفەیە دەبێتە هاوکار لە خاڵی دووەمدا، کەمرۆڤ چۆن پارێزگاری لە ژینگە بکات و نەبێتە هۆی پیسکردنی و هەوڵبدات، کەئەو بەشانەی توشی پیسبوونیش بوون بیانگێڕێتەوە دۆخی ئاسایی خۆی. بەگشتی هۆشیاری ژینگەیی ئیرادەی مرۆڤە بۆ بەردەوام بوونی ژیان، چرکەساتی داننانە بەو هەوڵانەدا کە مرۆڤایەتی لە مێژووی ژیانیدا دەرهەق بە ژینگە کردونی. مرۆڤ لە پرۆسەی بەکۆمەڵایەتیبوونداو

(1) (رمضان الشراح ، مفهوم البيئى)، د.صالح بن على ابو عراد، سەرچاوەی پێشوو ص ٩٠

هۆشیاری وەردەگرێت، بۆیە دەبینین لە ولاتانی پێشکەوتوی جیهاندا هەر لەقۆناغەکانی سەرەتای منداڵیەوە ئاگاداری دەکەنەوە لە ڕێزگرتنی ژینگەو پاك وخاوێنی وخۆشەویستی ژینگە، بەئاگادەهێنرێتەوە لە مەترسی پیسبوونی ژینگە، ئەمەش لە ڕێگەی چالاکی قوتابخانەیی و وانەی تایبەت و کەناڵەکانی ڕاگەیاندن و خێزان و ...هتد.

بەڵام لەولاتانی جیهانی سێ و تازە پێشکەوتوەکاندا هۆشیاری ژینگەیی وەك سەرجەم هۆشیارییەکانی تری ژیان لاوازەو تاکەکان و گروپ و کۆمەڵگەش کەمتر هەست بەگرنگی دەکەن. ئەگەرچی ولاتانی پێشکەوتوی جیهان زیاتر دەستیان هەبووە لەپیسکردنی ژینگەدا، بەڵام لەمڕۆدا ئەوان زیاتر کار لەسەر چەمکی هۆشیاری ژینگەیی دەکەن و ولاتانی تازە پێشکەوتووش زیاتر بەدەردی پیسبوونەوە دەنالێنن، چونکە هۆشیاری پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی لەگەڵ پێشکەوتن و پەرەسەندندا هەیە بەتایبەت لە ڕووی فیکری و ڕۆشنبیریەوە، ئەگەر شارە گەورەکانی ئەمریکاو ئەورووپا و چین و ژاپۆن بەهۆی پیشەسازی و قەرەباڵغی زۆرەوە توشی پیسبوون

بوبێتن، ئەوا شارەکان و ژینگەی ولاتانی خۆرهەڵات بەهۆی ناهۆشیاری ژینگەوە توشی پیسبوون دەبن.

ئەو دەرەنجامە نێگەتیف و نەخۆشیانەی لە ڕۆژهەڵات بەهۆی پیسبوونی ژینگەوە دروست دەبن ئێجگار زیاترو ترسناکترن لەوانەی ڕۆژئاوا، چونکە لەوێ چەمکی پارێزگاری ژینگە لە دۆخی تاکە کەسی تێپەڕیوەو بوەتە دەستوری، بەپێی یاسا ژینگە دەپارێزرێت، بەڵام لێرە پاراستنی ژینگە لە دۆخی تاکە کەسی تێپەڕی نەکردوە، تەنانەت هەوڵدان بۆ پاکڕاگرتنی ژینگە لە نەریتی ئەم کۆمەڵگایانەدا بە چاوێکی نزم سەیر دەکرێت، بەپێی پۆلێن و پلەبەندی چینە کۆمەڵایەتییەکان ژینگەپارێزەکان (کناس) لەنزمترین چینەکانی کۆمەڵگان، گەرکەسێك قوتوی کۆلاکەی هەڵگرێت بۆ ماوەیەك تابیەوێت لە شوێنێکی شیاودا فڕێی بدات دەبێتە مایەی گاڵتەپێکردن و بە گێل زانین. ئەم حاڵەتە بەتەنها دۆخێکی کۆمەڵایەتی پەتی نیەو بۆکاروباری کارگێریشی گرتۆتەوە. گرنگی نەدان بەژینگە بووە بەبەشێك لە کارەکتەری کارگێڕی و بەڕێوبەری ولات، بۆنموونە شارێکی وەك سلێمانی بەدەست پیسبوونی ژینگەوە دەنالێنێت ئەمەش زیاتر بۆ دەسەلاتی کارگێری

دەگەڕێتەوە، سەرجەم زبڵ و پاشەڕۆی ئەم شارە لە شوێنێکی نزیکدا کەلە ئێستادا بەهۆی گەشەی شارەوە خاڵی جیاکاری نەماوە، بەناوی (چەمی تانجەرۆ) کۆدەکرێتەوە و دەسوتێنرێت، بەهۆی پیسبوونی ئاوی خواردنەوەوە ساڵی (٢٠٠٧) نەخۆشی (کۆلێرا)، بووە گەورەترین هەڕەشە لەژیانی هاوواڵتیان، بەهۆی بچوکی شارەکەوە و قەرەباڵغی زۆر و ژمارەی ئێجگار زۆری ئۆتۆمبێلەوە هەوای ئەم شارە زۆر پیسەو زۆر تۆزاویە جگەلەوەی هیچ ناوچەیەکی کشتوکاڵی لەم شارەدا نەماوەو سەرجەمی ئیفرازکراوە و دابەش کراوە بەسەر هاوواڵتیاندا بەمەبەستی نیشتەجێبوون، ناوچە سەوزە سروشتییەکانی شارەکەش رۆژانە لە کەمبونەوەدان.

شەقامی مەولەوی لە شەقامە دێرینەکانی ئەم شارەیە و چەندین درەخت بەئەمبەرو ئەوبەری شەقامەکەوەبوون، ساڵی (٢٠٠٨) بە بیانوی چاککردنی شەقامەکەوە سەرجەمی ئەودرەختانە بڕانەوە!!

بەهەرحاڵ ئەمە نمونەیەکی بچوکی پیسبوونی ژینگەی ئەم شارەیە کەئەم توێژینەوەیە هەوڵ دەدات زیاتر لە بواری پیسبوونی بینین لەم شارەدا خۆی ئاڕاستە بکات.

بۆیە بۆ پارێزگاری لە ژینگەو ژیانێکی کامەران پێویستە گرنگی بە چەمکی هۆشیاری ژینگەیی بدرێت کەلێرەدا توێژەر هەوڵدەدات چەند پێشنیارێك بۆ هێنانەکایەی ئەم هۆشیاریە بدات :

١- خێزانەکان هۆشیار بکرێنەوە لەسەر ئەوەی منداڵەکانیان لەسەر پاك و خاوێنی و ڕێزگرتنی ژینگە رابهێنن.

٢- لە هەموو قۆناغەکانی خوێندندا وانەی ژینگە بە پێی ئاستی تێگەیشتن بخوێنرێت و چالاکی هونەری لەوبارەیەوە پیشکەش بکرێت.

٣- دەسەڵاتی کارگێری زیاتر خۆی هۆشیار بکاتەوە و سود لە کەسانی پسپۆڕ وەربگرن بۆ هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگە.

٤- کەناڵەکانی ڕاگەیاندن زیاتر هەوڵبدەن گرنگی ژینگەو پارێزگاری لێکردنی ڕوون بکەنەوە.

٥- لەسەرجەم سێکتەرەکانی پەروەردەو فێرکردندا ژینگەناسی ببێتە بابەتی سەرەکی خوێندن و توێژینەوە.

ئاشکرایە کە باشترین ڕێگە بۆ بەرهەم هێنانی هۆشیاری ژینگەیی کرداری پەروەردەیی و بەکارهێنانی سێکتەری پەروەردەیە، چونکە (پەروەردەی ژینگەیی، کرداری ئامادەکردنی تاکە بۆ ئاوێتە

بونێکی سەرکەوتوانە لەگەڵ ژینگەدا)[1]، چونکە (هەر چۆن مـرۆڤ بوەتە سەرچاوەی ماندوکردن و لەناوبردنی ژینگە هەروەش دەتوانێت چاودێری بکات و تیایدا بژی و سودی لێوەربگرێت بێ ئـەوەی هـیچ زیانێکی لێبدات)[2].

بۆیە دەکرێت مەبەست وگرنگی گەشەکردنی هۆشیاری ژینگەیی، خۆی گێڕانەوەی کامەرانی و ژیان و بەرگرتن بێـت لـە دەسـتدرێژی زیاتری مرۆڤ بۆ سەر ژینگە، بەمەبەستی دورکەوتنەوە لە گرفتەکان و پێکەوە ژیان.

[1] د. حسين عبدالحميد احمد رشوان، سەرچاوەی پێشوو ، ص ١٦١

[2] ا.د.اللطيف عبدالحميد العانى واخرون، سەرچاوەی پێشوو، ص ٥١

باسی سێیەم: فاکتەرەکانی پیسبوونی ژینگەی بینراو

وەك وتراوە، کە (کۆمەڵگا هـەرگیز لەبۆشـاییدا نـاژی، بـەڵکو هـەموو کۆمەڵگـەکان هـەرێمێکی تایبـەتییان هەیـە، کـە پێـوەی دەبەسـترێنەوە لـەو جێگـە تایبەتییـەی زەویـدا کاردەکـات، کـە چواردەوری دراوە بـە کۆمـەڵێك بـارودۆخی جـوگرافی و ژینگـەیی دیاری کراو، کاریگەری دەخەنە سەر ژیانە کۆمەڵایەتی و ئـابوری و کلتوریەکان بە شێوەیەکی راستەوخۆ یان ناراستەوخۆ)[1]، بۆیە ئـەو راستییە دەچەسپێت، کـە هـەرگیز کۆمەڵگـە بـێ شـوێن دروسـت نابێـت. شـوێن ئـەو پانتاییەیـە، کـە مـرۆڤ بـە هۆیـەوە بونیـادی کۆمەڵایەتی لەسەر دادەمەزرێنێت. لەکۆمەڵگەی گوندنشیندا مرۆڤ لە ناو ژینگەی سروشتیدایە، بەڵام لەکۆمەڵگەی شارسـتانیدا مـرۆڤ لـە نـاو ژینگـەی دروسـتکراودایە، ژینگـەی دروسـتکراو شـوێنی نیشتەجێبوونی مرۆڤی شارستانییە. ژینگەی دروستکراو بەرهـەمی گۆڕانـە لـە ژینگـەی سروشـتیدا، لـە دۆخـی یەکەمـدا (ژینگـەی سروشتی) قسەکردن لەبارەی (پیـسبوونی بینینـەوە) قـسەکردنێکی

[1] د. احمد ابو زيد، البناء الاجتماعي مدخل لدراسة المجتمع ، دار الكاتب العربي، ١٩٦٧ ص٩

راست نیە، چونکە لەو شوێنەدا سروشت لەدۆخی هارمۆنی دایەو هەموو شتەکان لە شوێنی خۆیاندان، بەڵام لە دۆخی دوەمدا (ژینگەی دروستکراو) دەکرێت قسە لەبارەی چەمکی (پێسبوونی بینین)ەوە بکەین، چونکە لە ئەنجامی گۆڕان و دەستکاریکردنی سروشتەوە ژینگەی شارستانی پێکهاتوە، لەزۆر شوێندا شتەکان لەشوینی خۆیان نین دەتوانین بە ئاسانترین شێوە نارێکخراوی و نەگونجان هەست پێبکەین و ببینین، کەئەمە بۆخۆی پیسبوونی بینینە.

مرۆڤ لە رێگەی چاوەوە دەکەوێتە پەیوەندی لەگەڵ ژینگەکەی و ئەوانی دیکەوە (ئەمە لە حاڵەتی گشتیدا)، لەرێگەی چاویەوە شوناسی چواردەوری دەکات. چاو شوێنی بەیەکگەیشتنی جیهانی دەرەکی و جیهانی ناوەکی مرۆڤە، چاوی مرۆڤ بەتەنها ئامرازێکی پاسیف نیە، کە لە رێگەی دەمارەکانەوە وێنەکان دەگوێزێتەوە بۆ دەماغ، دواتریش بە هۆی کۆمەڵێك کرداری دەماری و هزریەوە مرۆڤ درك بەو شتانە دەکات، کە دەیانبینێت، بەڵکو چاو شوێنی هەستکردنی ئێمەیە بەجیهانی دەرەوە.

بینین و نەبینینی ئێمە بۆشتەکان پەیوەندی بەحوکمێکی پێش وەختی وەك کرداری بەکۆمەڵایەتیکردن و راهێنانی پەوەردەیی جوان بینی و..هتد هەیە، دواجاریش خودی شتەکان، کە مرۆڤ دەیانبینێت و کاریگەری لە سەری دروستدەکەن هەر لە چرکەساتی تەماشاکردنەوە پەرچەکرداری بینینە، کە لەنیگاو دەموچاوماندا دەردەکەوێت. راهاتن بەناشیرینی بینی پیسبوونی بینینە، بوونی شتێکی ناشیرین لە ناو کۆمەڵێك شتی جواندا پیسبوونی بینینە، لێرەوە گەیشتینە ئەو راستییەی کە پیسبوونی بینین پەیوەندی بە شارەوە هەیە بۆیە گرنگە هۆکارەکانی ئەم پیسبوونە دیاری بکەین:

یەکەم: هۆکاری سیاسی، ئاشکرایە بەجیاوازی گرنگی سەرجەم دامەزراوەکانی ناوبونیادی کۆمەڵایەتی هەرکۆمەڵگەیەك، دامەزراوەی سیاسی گرنگی تایبەتی هەیە و رولّی هەیە لە جێگیربوون و پێشکەوتنی ئەو کۆمەڵگەیە، بۆیە زۆر لە بیریاران پێیان وایە کە ناجێگیری سیاسی دەبێتە هۆی پێشنەکەوتن و پەرەنەسەندنی کۆمەڵایەتی، هەر لەم روانگەیەوە فاکتەری سیاسی رۆڵی بەرچاوی لە چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ ژینگەدا هەیە. بەشی زۆری پیسبوونی ژینگە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو هەڵە سیاسیانەی

که له مێژوو و ئێستادا رویان داوه و رودەدەن، جەنگی داگیرکاری و بەکارهێنانی چەکی کۆمەڵکوژ و تاقیکردنەوە سەربازییەکان ئەو راستییە دەسەلمێنن. فاکتەری سیاسی لەم رەهەندانەی خوارەوەدا کار لە پیسبوونی ژینگەی بینراو دەکەن:

١- **جەنگ:** جەنگەکان وەک کردەیەکی سیاسی نێوان دەوڵەتان و گروپە جیاوازەکانی جیهان رۆڵی زۆریان لەپیسکردنی ژینگەدا هەبووە و هەیە، ئەوە وێڕای پیسبوونی سەرجەم لایەنەکانی تری ژینگە، ئەو وێرانکارییە کەدەبینرێت و دواتریش وەک پاشماوەی جەنگ دەمێنێتەوە، پیسبوونی ژینگەی بینراوی لێدەکەوێتەوە لە روخانی باڵەخانەو تێکچونی سەرجەم دیاردە بینراوەکانی شاردا.

٢- **پلاندانان:** هەڵبەت یەکێك لە گرنگترین کرداره سیاسی و مەدەنیەکانی حزب و حکوموت و پارتە سیاسییەکان، بوونی پلانە هەر لەبانگەشەی هەڵبژاردنەوە، کەتیایدا پارتە سیاسییەکان باس لە پلانی خۆیان دەکەن تادەگاتە سەرۆکی حکومەتەکە ئەجێندای کاری خۆی پێشکەش دەکات و تیایدا باس لە پلانی خۆی دەکات سەبارەت بەبەرێوەبردنی وڵات و ئیش وکارەکان، زۆربەی حکومەتەکانی جیهان وەزارەتی پلاندانان یان دەستەی پلاندانانیان

هەیە، گەر پلان دانان ئەرکی گۆڕینی باری ژیان بێت بەرەو باشتر ئەوادەبێت لەدوای جێبەجێکردنی پلانەکە دەرئەنجامەکان بەو شێوەیەبن، بەڵام زۆرجار پلانەکە بەمەبەستێك دادەنرێت و ئاکامی جیاواز لەو مەبەستەی لێدەکەوێتەوە، ئەمەش زۆر لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست رووەدات بەهۆی باش دانەنانی پلانەکەو نەبونی کەسانی پسپۆڕو بەتواناو شارەزا، کەباش سەرجەم لایەنەکان هەڵبسەنگێنێت. هەروەها زاڵبونی کەس بەسەر دەسەلاتداو خستنە پێشەوەی بەرژەوەندی کەسی ..هتد، ئەمەش ئاکامی خراپی لێ دەکەوێتەوە سەبارەت بە شێوازی دروستکردن و گەشەپێکردنی شار لە رووی بیناسازیی و ئاوەدانکردنەوەو دروستکردنی شوێنی حەوانەوەی گشتییەوە، کە زۆرجار دەبێتە هۆی دروستبوونی پیسبوونی بینین، دووخاڵی گرنگ هەیە لە پلان و جێبەجێ کردنی هەرکارێکدا لە دوای داڕشتنی پلانی پڕۆژەکەوە:

١- **جێ بەجێکردن:** زۆرجار پلانێکی باش داڕێژراوە، بەڵام لەکاتی جێبەجێکردندا کارەکە خراپ دەکرێت.

٢- چاودێری: ئەرکی حکومەتە کەلە کاتی جێبەجێ کردن و دوای تەواوبوونداو، چاودێری پرۆژەکە بکات زۆرجار لیژنەی چاودێری کەم تەرخەمی یان چاپۆشی دەکەن لە کاتی چاودێریەکەدا.

دووەم: هۆکاری ئابوری، باری ئابوری هەر ولاتێک کاریگەری زۆری لەسەر پەرەسەندن و گەشەکردن و پێشکەوتنەوە هەیە. بەشێك لەهۆکاری دروستبوونی گۆڕان دەگەڕێتەوە بۆ لایەنی مادی و باری ئابوری. ولاتە دەولەمەندەکانی جیهان خاوەنی شاری جوان و ڕێکوپێکن بەپێچەوانەی ولاتە هەژارەکانەوە شارەکانیان نوقمی ناڕێکی و پیسبوون بووە بۆیە گەر سەرنج بدەین دەبینین ئابوری رۆلێکی گرنگ دەبینێت لە سەرهەلدان و نەهێشتنی پیسبوونی بینین لە شارەکاندا بە شێوەیەك، کە ناتوانین دوو شاری دوو ولاتی جیاواز لە ڕووی ئابوریەوە بەراورد بکەین .

سێیەم: هۆکاری هونەری، لەدوای ژیانەوە هونەر کۆنترین دیاردەی سەر زەوییە، هونەر یەکەمین داهێنراوی مرۆڤە بۆ مامەلە کردن و دروستکردنی پەیوەندی لەگەلّ چوارچێوە کۆمەلایەتی و ژینگەییەکەیدا، نیگاری ناو ئەشکەوتەکان و هەلکۆلینی چیاکان و دروستکردنی پەیکەرەکان لەسەرەتایی ترین کارە هونەرییەکانی

مرۆڤن، کەچی ئێستاش ئەوەی چێژ بەژیان دەبەخشێت هونەرە، مرۆڤ ئەو بونەوەرەیە بەداهێنان لە بونەوەرانیتر جیادەکرێتەوە، بەردەوام داهێنانی تازە دەکات لە هونەرداو جوانی تازە بەرهەم دێنێت، جوانی بۆ مرۆڤ پایەیەکی تایبەتی هەیەو بۆ گەیشتن بەجوانی مرۆڤ هونەری کردۆتە کەرەستەی ئەو گەیشتنە، شارەکان لە سەر بنەمای هونەری بیناسازییی دادەمەزرێن. خانووکردن یەکێکە لە داهێنراوە هونەرییەکانی مرۆڤ کە تا ئێستاش بەردەوام بۆ جوان کردنی سەرقالّی داهێنانە. هونەر قەرزاری خەیالّە، خەیالّیش لە تایبەتمەندییەکانی مرۆڤە، ئەو دەمەی مرۆڤ خەیالّ ناکاتەوە ئەو دەمە ناتوانێت داهێنان بکات و هونەر بەرهەمبهێنێت. بەم شێوەیە شارەکان بنەمایەکی هونەرییان هەیە لەشێوەی دروستکردنی بیناو شەقام و شۆستە و شوێنەگشتی و تایبەتییەکاندا.

هەر شارێك گرنگی زیاتر بەهونەر بدات ئەوشارە کەمتر توشی پیسبوونی بینین دەبێت، چونکە ئەگەر پیسبوونی ژینگەی بیناو تێکچوونی زەوقی جوانی بێت، ئەوا ئەوە هونەرە کە بەرگری لە زەوقی جوانی مرۆڤ دەکات و ناهێلّێت هەستی جوانی بینی

لاوازیێت، بەپێچەوانەشەوە ئەو شارانەی کەکەمترین گرنگی بەهونەر دەدەن توشی زۆرترین پیسبوونی بینین دەبن، گەر سەیرێکی شارەگەورەو جوانەکانی جیهان بکەین چەندین کاری هونەری لەو شارانەدا دەبینین هەرلە رووکاری بیناکانەوە تادەگاتە نەخشەی باخچەو دەریاچە بچوکەکان و پەیکەرەکان و ..هتد. ئەوەی دەبێت شار گرنگی پێ بدات لەلایەنی هونەریەوە بۆ بەهێزکردنی جوانی بینین و زاڵبوون بەسەر پیسبوونی ژینگەی بینراودا، جوان بەکارهێنانی ڕەنگ و ڕووناکییە، چونکە لێکۆڵینەوەکان دەریان خستوە کە ڕەنگ و ڕووناکی کاریگەری زۆریان لە سەر باری دەروونی تاك هەیە.

چوارەم: هۆکاری کۆمەڵایەتی، تاك بە پێی داب و نەریت و بەها کۆمەڵایەتییەکان گۆش و پەروەردە دەکرێت، کە ئەم باردۆخە کۆمەڵایەتییانەش وابەستەی سەرجەم بارودۆخە سیاسی و ئابوری و تەندروستی و هتد... کۆمەڵگەیە. بۆیە تاك بەشێوەیەکی گشتی یەکەیەکی بچوککراوەی کۆمەڵگەیەو گوزارشتە لە کۆمەڵگە، لێرەوە دەکرێت هۆشیاری تاك بچوککراوەی هۆشیاری کۆمەڵگەبێت و ڕەفتاری تاك بەرهەمی کۆمەڵگە بێت، ئەگەر لە کۆمەڵگەیەکدا

هۆشیاری ژینگەیی هۆشیارییەکی لاوازبێت ئەوا هۆشیاری تاکیش سەبارەت بەژینگە لاوازدەبێت. بەشێوەیەکی ئاسایی ناتوانێت ڕێز لەژینگە بگرێت و دەبێتە هۆی پیسکردنی، بۆیە ڕەفتاری تاك لە بەرامبەر ژینگەدا ڕەفتارێکی دوژمنکارانە دەبێت، کە ئەمەش پیسبوونی ژینگەی لێ دەکەوێتەوە، بەپیسبوونی ژینگەی بینراویشەوە.

بەشی سیَیەم ..

پیسبوونی بینین و رەفتاری کۆمەڵایەتی

باسی یەکەم: بینین و پیسبوونی بینین

هیچ وەختێك ناتوانین مرۆڤ وەك بونەوەرێکی رووپێوراو (ئەبستراکت) لە پەیوەندی وەربگرین، چونکە ئەوەی مرۆڤبوونی

مرۆڤ بەرجەستەدەکات کرداره بیری و هزرییەکانن، کە رەنگدەدەنەوە لە بیرکردنەوەو رەفتاریدا. ئەمانەش بۆخۆیان بەرهەمی پەیوەندی مرۆڤن بە دونیای دەرەوەی خۆیەوە.

کەنالّەکانی دروستکردنی پەیوەندی لە نێوان مرۆڤ و دونیای دەرەوەدا هەستەوەرەکانن. مرۆڤ لە رێگەی (بینین- بیستن- تامکردن- بۆنکردن-بەریەککەوتن "دەست لێدان")ەوە پەیوەندی دروستدەکات.

هەستەوەرەکانی مرۆڤ شوێنی بەیەکگەیشتنی دونیای ناوەوەو دونیای دەرەوەی مرۆڤن، لێرەدا زیاتر چاو وەك هەستەوەری بینین دەبێتە مایەی توێژینەوەو قسەلەسەرکردن. ئەرکی چاو بینینە. ئەگەرچی چاو بەتەنها ئۆرگانێکی پاسیف نییە کە وێنەکان بگوازێتەوە، بەڵکو ئەندامێکی چالاکە بۆ گەڕان و کەشف کردن و بینینی ئەودیو شتەکان، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی چاو وێنەی شتەکانی دەوروبەر دەگرێت و رەوانەی میَشکی دەکات و لەوێوە مرۆڤ ئەو شتە دەناسێت و درکی پێ دەکات و دەکەوێتە پەیوەندییەوە لە گەڵیدا، بۆیە درککردن پڕۆسەیەکە لەئەنجامی

بینینـــەوە بەرهـــەم دێـــت. ئـــەوەی لـــەدوای درککردنـــەوە رووەدات وەڵامدانەوەیە بۆجۆری تێگەشتن لەو بینراوە کە دەبێتە (کارتێکەر).

(وەرگرتنی جۆرێك لـە کارتێکـەرەکانی ژینگـە، دوای ڕۆیـشتنی بەچەند پرۆسەیەکی مەرکەزیدا وەڵامدانەوەی لێ بەرهەم دێت)[1].

لە ڕێگەی بینینەوە هەست بە ژینگەکەمان دەکـەین هەسـت بـە بونەوەران و دیاردە سروشتی و کۆمەڵایەتییەکان دەکەین.

بۆیە ئەو پەیوەندییەی کە لەگەڵیدا دەیبەستێت بـەرەنجامی ئـەو درککرن و هەست کردنەیە، (تاك وەڵام دانـەوەی بـۆ ژینگـە نابێـت وەك ئەوەی کە هەیە، بەڵکو بەو شێوەیە دەبێت کە درکی پێـدەکات وەك ئەوەی، کە ئەو دەیبینێت، وەك ئـەوەی کـە چ مانـاو بـەهاو گرنگییەکی هەیە بۆ ئەو)[2].

ئەمە ئەو ڕاستیەمان بۆ دەسەلمێنیت کە مـرۆڤ درکـی تایبـەتی خۆی دەکاتە مەحەکی پەیوەنـدی لەگـەڵ دونیـای دەرەوەی خۆیـدا، بـەڵام نابێـت ئـەوە لەبیربکـەین کـە مـرۆڤ بـەهۆی پرۆسـەی

[1] قاسم حسین صالح ، سایکولوجیة ادراك اللون والشکل ، دارالرشید للنشر . بغداد ١٩٨٢ ، ص١٤

[2] قاسم حسین صالح ، هەمان سەرچاوە ، ص٢١

بەکۆمەڵایەتیکردنەوە شێوازی بیرکردنەوە و هەستکردن و درککردنی بۆدیـاری دەکرێـت. بۆیـە هەسـتکردن بـە جـوانی یەان هەسـت پێنەکردنی، بینین و نەبینینی شتەکان، پەیوەندییان بـە حـوکمێکی پێشوەختەوە هەیە، (چاو هەر بەتەنها ئۆرگانێکی وەرگـرو پاسـیڤی بینراوەکـان و تەماشـاکراوەکان نیـە بـەڵکو هـەموو دروسـتکردنی مانایەك، هەموو کردنەوەی کـۆدو ڕەمزێـك پابەنـدی هەلومەرجـە کلتوریـیەکانەو ئەنجامی پرۆسەیەکی بڕیار لەسەر دراوە کـە چـەندین هۆکار ڕۆڵی تێدا دەبینن. بەمانایەکی تر ئێمـە تـەنیا ئـەو شـتانە دەبینین کەدەمانەوێت بیانبینین، چونکە بینین لـە هـەمان کاتیـشدا نەبینین و چاو پۆشینە)[1].

لێرەوە پرۆسەی بە کۆمەڵایەتیکردن و پەروەردە دەبینرێت لەسـەر (چی بینین و چۆن بینین)، هەموو مرۆڤەکان لـە بینینـدا یەکسانن (جگە لە نابیناکان)، بەڵام لەچی بیـنین و چـۆن بینینـدا جیـاوازن، چونکە بینین تەنها ئاستی تەماشاکردن نیە، بەڵکو بەرزترو لەئاستی تێگەیشتن دایە، ئێمە ئەو شتانەی کەدەیبنین بـەجۆرێك لـەجۆرەکان

[1] ڕێبوار سیوەیلی ، دنیای شتە بچوکەکان ، چاپخانەی ڕەنج ، چاپی دووەم، سلێمانی، ٢٠٠٥ ، لا ٢٣

لێشی تێدەگەین،بەڵام تێگەشتنمان لەکەسێکەوە بۆ کەسێکی تر بە پێی ژینگەو کەسێتی و چوارچێوە کۆمەڵایەتییەکە دەگۆڕێت، کەدواجار سەرجەم ئەمانە لە کەسێتی تاکدا ڕەنگ دەداتەوە (بەها کۆمەڵایەتی و ئاینی و ئابوری و جوانیەکان و.. هتد، لایەنێکی گرنگ لە کەسێتی مرۆڤدا پێکدەهێنن، لەدرککردن و ڕەفتارەکانیدا کاریگەر دەبن)[1].

بۆیە ئەگەر لە کۆمەڵگەیەکدا بەهای جوانی بەهایەکی فەرامۆشکراوبێت و پەروەردەی کۆمەڵایەتی گرنگیی پێنەدات، ئەودەم جوانی بینی لەو کۆمەڵگەیەدا نابێتە جێگەی گرنگی. لەجێگەیەکدا کە بەهاجوانییەکان نائامادەگییان هەبوو لەو شوێنەدا چەندین دیاردەی ناشیرین سەرهەڵدەدەن و چاویش توانای بینینی نابێت. پێشتر و لەیەکێك لەپێناسەکانی پیسبوونی ژینگەی بینراودا باس لەوەکراوە کە پیسبوونی بینین ڕاهاتنە بە ناشیرینی بینی یان نەمانی زەوقی جوانی بینی، ئەمەش ئەوە دوپات دەکاتەوە کە ئەگەرچی چاو ئەرکی بینینی هەیە، بەڵام مەرج نیە هەموو شتێکیش ببینێت.

[1] قاسم حسین صالح ، سەرچاوە پێشوو، ص٢١

هەرچەندە نابێت رۆڵی تاك لەم نێوەندەدا فەرامۆش بکەین، کەزۆرجار بەدور لەبەها باوەکان و بەو شێوەیەی خۆی دەیەوێت خۆی گۆش دەکات و هەست بە جوانییەکان و ناشیرینییەکانی دەکات، چونکە (ئێمە بە هۆی چاومانەوە بەشێکی زۆری شوناسی خۆمان لە سەر دەوروبەر بەدەست دەهێنین)[1].

دوای ئەوەی زانیمان بینین چییە و پیسبوونی بینین چ جۆرێکە لە بینین گرنگە تیشك بخەینە سەر پەیوەندیی پیسبوونی بینین بە ڕەفتارەوە. ئەگەر بڕیاربێت هەر کردەیەك کە لەمرۆڤەوە دەردەچێت ڕەفتاربێت ئەوا دەبێت ئەوە بزانین کە (ڕەفتار گوزارشتە لەوەڵامدانەوەی کارتێکەرە دیاری کراوەکان)[2].

واتە دەبێت کاریگەرییەك لەسەر مرۆڤ هەبێت، بۆ ئەوەی ئەو ڕەفتارە بکات. ئەو شتانەی کە مرۆڤ دەیانبینێت دەبنە کارتێکەرو کاریگەری لەسەری دروستدەکەن، دواجاریش مرۆڤ وەڵامێکی دەبێت بۆیان، خودی ئەو وەڵامدانەوەیە دەستنیشانی جۆری ئەو پەیوەندییە دەکات، کە دروست دەبێت لە نێوان مرۆڤ و بینراوەکەدا، کە ئایا

[1] ڕێبوار سیوەیلی سەرچاوەی پێشوو، لا ٢٣

[2] د. حامد عبدالسلام زهران، سەرچاوەی پێشوو ، ص ٩

پەیوەندییەکی هاوکاری وقبوڵکەرە یان پەیوەندییەکی ململانێ و دژایەتی و ڕەتکردنەوەیە، بەڵام ئایا مرۆڤ هەمیشە بەم شێوەیەیە لەگەڵ بینراوەکاندا؟ بێگومان نەخێر. تەنها جارێك ئەم پرۆسەیە لە نێوان مرۆڤ و بینراوەکاندا ڕووەدات، بەڵام هەمیشە ئەم پرۆسەیە لەگەڵ بینینی شتی تازە دروستدەبێتەوە، کاتێك دەوترێت ئەم پرۆسەیە ڕووناداتو و یەکجار مرۆڤ پێناسەی شتەکان لای خۆی دەکات، ئەمە مانای ڕەهابوونی ئەم دەستەواژەیە نیە، بەڵکو گۆڕان لە کەسێتی مرۆڤ یان بونیادی بینراوەکەدا پرۆسەکە دووبارە دەکاتەوە.

بۆیە دووبارەبونەوەی هەمان شت بینی، جۆرێك لە رازیبوون و گونجان لە نێوان مرۆڤ و بینراوەکەدا دروست دەکات و مرۆڤ بە بینینی ئەو بینراوانە ڕادێت و بە شێوەیەك کە تەماشایان دەکات و نایان بینێت.

ئەو پێناسەیەی کە لای مرۆڤ دروستدەبێت دەربارەی بینراوەکان دواجار لەڕەفتاری ئەو کەسەدا ڕەنگ دەداتەوە، تەنانەت نەبینینی شتێك لەلایەن مرۆڤەوە (ویستی نەبینین، جابەئاگایی بێت یان ناخودئاگایی) دەچێتە چوارچێوەی ڕەفتارەوە. ئاشکرایە کەڕەفتار

جۆرو شێوەی زۆرە لە سادەوە وەك (پەرچەڕەفتار) تادەگاتە ڕەفتاری ئالۆز (ڕەفتاری کۆمەڵایەتی)، هەموو ئەم جۆرو شێوانە بەرهەمی کارتێکردن و کاریگەربوونن بەشتێك. دووبارەبوونەوە و بەردەوامبوونی هەر ڕووداو و ڕەفتارو بیر و ڕایەك لە کۆمەڵگەدا جورێك لە قبوڵی کۆمەڵایەتی دروستدەکات جێگەی خۆی لە بونیادی ئەو کۆمەڵگەیەدا دەکاتەوە ودەبێت بە بەشێك لە داب و نەریت.

لێرەوە دەگەینە ئەنجامێك گەر ڕاهاتن بە ناشیرین بینی و لاوازبوونی هەستی جوانی بینی بە هۆی نارێکخراوی و تێکچونی بینراوەکان لە ژینگەی شارستانی و دروستکراودا جۆرێك لە ڕەفتاری هاوشێوەی لەلای مرۆڤەکان دروستکردبێت، ئەوا ئەو ڕەفتارە چوەتە ریزبەندی جێبەجێکردنی داب و نەریت و بوەتە هۆی ئەوەی تاکەکان بیکەن بۆ ئەوەی قبوڵی کۆمەڵایەتی بەدەست بهێنن. بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی ئەم پەرەگرافە تویژەر نمونەی ڕەنگ دەهێنێتەوە لە جلوبەرگی خوێندکارانی زانکۆدا، هەڵبەتە لێرەدا گرنگە ئەوە بوترێت کە تاکی کوردی زیاتر لە هەر تاکێکی تر توشی پیسبوونی بینین بووەو بە ناشیرین بینی ڕاهاتووە کۆمەڵگەی کوردیش لەو

کۆمەڵگانەیە، کەبەهای جوانی تیایدا بەهایەکی لاوازە، کە ئەمەش چەندین هۆکاری سیاسی ئابووری و کۆمەڵایەتی خۆی هەیە، یەکێك لە دەرەدەکانی جوانی نەبینی شارەزانەبوونی رەنگەکان و نەزانینی رێکخستنیانە، گەر بەوردی سەرنجی رێکخستنی رەنگی جلوبەرگی خوێندکارانی زانکۆ بدەین دەبینین بەبێ ئەوەی هیچ زانیارییەکی سەبارەت بە پێکەوە گونجان یان نەگونجانی ئەو رەنگانەهەبێت، بەشێوەیەکی نەگونجاو تێکەڵی کردون و لەبەری کردون، ئەمە جگە لەوەی شێوازو مۆدێلی ئەو جلوبەرگە نازانێت، تەنها رەنگە لەڕێگەی کەنالەکانی راگەیاندنەوە بینیبێتی و پۆشیویەتی، کەئەگەربێت و لە ئەسڵی ئەو بەرگە بڕوانین رەنگە هی گروپێکی فکری یان خاوەن بڕوای تایبەت بێت لە ئەوروپا، گەر ئەو فیکرو بڕوایە بەراورد بکەین لەگەڵ فیکرو بڕوای خوێندکارەکەدا نەك لە یەك ناچن، بەڵکو زۆریش جیاوازن، بەڵام پرسیاری ئەوەی ئەی چۆن ئەم رەنگانەی تێکەڵ کردو ئەم شێوازەی پۆشی، بۆ پیسبوونی بینین دەگەڕێتەوە. بەشێکی زۆری خوێندکاران دەزانن گەر ئەوە نەپۆشن بە جۆرێك لە جۆرەکان قبوڵی کۆمەڵایەتی لە دەست دەدەن، بۆیە جارێکی تر ئەوانیش بێ پرسیار هەمان رەنگ و شێواز

دەپۆشنەوە (هەڵبەتە لێرە نامانەوێت بەرگیری ئازادیە شەخسیەکان بین بەقەد ئەوەی دەمانەوێت راڤەی رەنگ و جوانی بێتبی بکەین، مەبەستیشمان لە خوێندکارە بەسەرجەم ئایدۆلۆژیا فیکری و ئایینە جیاوازەکانەوە).

ئەگەر فڕێدانی پاشەڕۆ لەسەر شەقامەکان شێوەیەکی پیسبوونی ژینگەی بینراوبێت، دەبینین کەکەسان دوای خواردنی بیبسی یان پسکویتێك پاشەڕۆکەی لەسەر شەقامەکە فڕێ دەدەن و زۆریش بە لایانەوە ئاساییە. ئەگەر کەسێك بیەوێت پاشماوەو پاشەڕۆکەی فڕێ نەدات و چاوەڕێ بکات تا دەگاتە سەتڵێکی خۆڵ، بۆ ئەوەی بیکاتە ناوی، دەبینین رووبەڕووی چەندین تەعلیق دەبێتەوە لەلایەن هاوڕێکانییەوە و وەك کەسێکی جیاواز تەماشا دەکرێت، زۆرجاریش ئەگەر کەسێك ویستی پاکڕاگرتن و جوان راگرتنی هەبێت ناچار بۆ لەدەستنەدانی قبوڵی کۆمەڵایەتی پاشەڕۆکەی فڕێ دەداتە سەر زەوییەکە، لێرەوە گەیشتینە ئەوەی بزانین کە پیسبوونی بینین چ کاریگەرییەکی لەسەر رەفتار هەیە، ئەگەرچی لە پێشدا ئاماژە بەرۆڵی دابونەریت و بەهاکان درا لەسەر رەفتار بەئاراستەی پیسکردنی ژینگەی بینراو یان بەشداربون بە پیسبوونی بینراو کە لە

بنەڕەتدا داب و نەریتەکانیش، پیسبوونی ژینگەی بینراو لاوازیی بەهای جوانی دروستی کردون، دەبینین گەر کەسێکی توشبوو بەپیسبوونی بینین و هەستنەکردن بە جوانی و خاوەن ڕەفتاری دوژمنکارانە بە ژینگە لە ژینگەکەی خۆیەوە بۆ ژینگەیەکی پاکتر وجوانتر بگوێزرێتەوە، دەبینین گۆڕان لە ڕەفتاریدا ڕووەدات ئەمەش بەهۆی جوانی بینراوەکانەوە، زۆرێك لە کوردان لە پاش کۆچکردنیان یان سەفەرێکی کورتخایەن بۆ ئەوروپا لە گەڕانەوەیاندا سەبارەت بە جوانی و ڕێکی شارو شەقام و باخچەکان، ئەوەیان باس کردوە کە ناتوانیت پاشەڕۆکەت فرێ بدەیت و لە دڵەوە حەز بە پیسبوونی شوێنەکە ناکەیت و ئەگەر پیسیەکیش ببینی هەڵیدەگریتەوە و دەیخەیتە ناو سەبەتەی خۆڵەکەوە. زۆر ڕۆژنامەنووس وکەسی ئەوروپیش لەکوردستان دەبینیت، کە زۆر خراپترن لە تاکەکانی ئەم کۆمەڵگەیە و پاشەڕۆکانیان فرێ دەدەن، هیچ گرنگیەك بە جوانی و پاکی نادەن، کە ئەمەش بۆ کاریگەری و گرنگی ڕاستەوخۆی ئەو ژینگەیە دەگەڕێتەوەو کاریگەری ژینگەی بینراو لەسەر ڕەفتار دەردەخات.

باسی دووەم : پیسبوونی بینین و ڕەفتاری کۆمەڵایەتی

ئاشکرایە کە ڕەفتار جۆرو شێوی زۆرە، بەڵام ئەوەی لەم تۆێژینەوەیەدا جەختی دەکرێتە سەر ڕەفتاری کۆمەڵایەتییە، واتا سەرجەمی ئەو هەڵسوکەوت و کرداڕە جەستەیی و بیری و هەڵچونانەیە، کە مرۆڤ دەیانکات لە ناو چوارچێوە

کۆمەڵایەتییەکەیدا و مەبەست لە ئەنجامدانی، مەبەستێکی کۆمەڵایەتیانەیە، یان لەدەرەنجامی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانەوە بەرهەمهاتوە.

(رەفتاری کۆمەڵایەتی کارلێکە لە نێوان تاکەکانداو مەرج نیە ئەو کارلێکە کۆمەڵایەتییە رووبەڕووبێت، بۆیە رەفتاری کۆمەڵایەتی رەفتارێکە بە ئامادەبوون و ئامادەنەبوونی ئەوانی دی رووەدات)[1]. بەشێوەیەکی گشتی مەرجی دروستبوونی رەفتار کاریگەر بوونە بەکارتێکەرێك یان پالنەرێك یان هەر شتێك، کە وادەکات ئەو رەفتارە رووبدات، ئەمەش لە ئەنجامی پەیوەندی لەگەڵ ژینگەی دەرەکیدا رووەدات (ئەم پەیوەندییە دروست دەبێت لە نێوان بونەوەرو ژینگەی دەرەکیدا و وادەکات بەردەوام لە چالاکیدابێت و ئەو چالاکیانەش کە لەبونەوەرانەوە دەردەچن پێیان دەوترێت رەفتار)[1].

---

[1] حامد عبدالسلام زهران، سەر چاوەی پێشوو، ص١٠

[1] د. انور الشرقاوي - د.طلعت منصور- د. فاروق ابو عوف - د. عادل عزالدين، اسس علم النفس العام ، مكتبة الانجلو المصرية ، القاهرة ، ١٩٧٨، ص٨

لەبەرئەوەی ژینگەی دەرەکی کار لەمرۆڤ دەکات بۆ ئەوەی بەشێوەیەك رەفتار بکات کە بگونجێت لەگەڵ ئەو ژینگەیەدا، مرۆڤیش بونەوەرێکی کۆمەڵایەتییە و ژیانی وابەستی ژیانی ئەوانی تره، بۆیە ئەو رەفتارەی کەدەیکات دەبێتە رەفتارێکی کۆمەڵایەتی و کارلەسەر پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان دەکات، بۆنموونە چەندین سروت لە ناو میللەتانی جیهاندا هەن، کە لەڕاستیدا ئەو سروتانە جۆرێکن لە رەفتار، کە بۆ ژینگەو لەپێناو ژینگەدا دەکرێت (بە پێی ئاستی هۆشیاری میللەتەکان دەگۆڕێت)، بەڵام لەبەرئەوەی مرۆڤەکان پێکەوە دەیکەن دەبێتە جۆرێك لە رەفتاری کۆمەڵایەتی، لە سەماکردن بەدەوری ئاگردا لای هیندییە سورەکانەوە تا دەگاتە نوێژە بەبارانە لای موسڵمانانەکان و کردنەوەی ئاگر لای کورد لە نەورۆزدا. ئەمە لە دۆخی ژینگەی سروشتیدا، کە ژینگە دەبێتە کارتێکەرو کاریگەری لەسەر مرۆڤ دادەنێت و مرۆڤیش بە جۆرێك لە جۆرەکان وەڵامی بۆ ئەو کارتێکەرە دەبێت و بە ئاڕاستەیەکدا رەفتار دەکات و رەفتاری کۆمەڵایەتی لێدەکەوێتەوە.

هەرواش لە دۆخی ژینگەی دروستکراو و شارستانیدا هاوکێشەکە هەر ڕاستە، بۆیە ئەگەر لەژینگەی سروشتیدا دیاردە سروشتییەکان

بووبن بـه هۆکـاری دروسـتبوونی رەفتـاری کۆمەڵایـەتی ئـەوا لـه ژێنگەی شارستانیدا دیـارده شـاریەکان دەبنـه هـۆی دروسـتبوونی رەفتاری کۆمەڵایەتی، (رەفتاره کۆمەڵایەتییەکان له رێگەی سیمبول (رەمز)ەوه، دروستدەبن هێمای قەدەغەبوونی پێچ کردنـەوه بـۆ لای چەپدا دەبێته هـۆی دروسـتبوونی رەفتـاری کۆمەڵایـەتی، چـونکه هـەموومان بـه بینینـی ئـەو هێمایـەی هاتوچـۆ، بـەلای چـەپدا ناڕۆین)[1].

ئەگەر هێمایەکی هاتوچۆ کەبەشێوەیەکی ویستراو لـه شـوێنێکی تایبەتدا داندرابێت و ببێته هۆی دروستبوونی رەفتاری کۆمەڵایەتی، ئەوا دەبێت ئەوەمان له بەر چاو ڕۆشنبێت، کـه چـەندین شـتی تـر دەبنه هێما، مرۆڤ بێ ئەوەی هەست به خۆی بکات بەئاڕاستەی ئەو هێمایه رەفتار دەکات، ریکلامەکان باشترین نمونەی ئەم وتەیەن .

جـوانی و ناشـیرینی و سـەرنج راکێـشی خـودی ڕیکلامەکـه کاریگەرییان له سەر دروستبوون و چـۆنیەتی رەفتارەکـه دادەنـێن. رەفتار چالاکییەکی ئاوێتەیه و هەر یەکه لەکارتێکەر و کاریگەری و کرداره عەصەبی وبیرییەکان و جوڵـه و هەڵـچونەکان بەشـداری لـه

[1] د.حامد عبدالسلام زهران، سەرچاوەی پێشوو، ص١٠

دروستبوونیدا دەکـەن، بـەڵام بەشـێوەیەکی گـشتی ئـەم چـالاکییه ئاوێتەیه سێ لایەن لەخۆ دەگرێت:

(١- لایـەنی مـەعریفی: ئێمـه درك بەسـەرجەم ئـەو دیـاردەو رووداوه جیاوازانـه دەکـەین، کەلـه چـواردەورماندان و کارلێکیـان لەگەڵ دەکەین له رێگەی سیمبول و مانای دیاری کراوەوه، درککردن بـه جیاکردنـەوه و وێنـاکردن و خەیاڵکردنـەوه و بیرکردنـەوه و بیرهاتنەوەو گوزارشته سیمبولیه زمانییەکان و ئەوانی تریش دەچنه خانەی مەعریفیی رەفتارەوه.

٢- لایەنی جوڵەیی: وەك وەڵامدانەوەیەکی جوڵەیی بۆ ڕێنمایی و ئاگادارکەرەوه زارەکیه دیاریکراوەکان، وەك وەڵامدانەوه بـۆ هێمـای هاتوچۆ به ڕۆیشتن یان وەسـتان، یـان وەك نوسـین بـەهۆی ئـامێری چاپکردن.

٣- لایەنی هەڵچوونی: ئەمیش حاڵەتی هەڵچوونه، که هاوەەمی رەفتـاره. حـەزکردن بەبابـەتێك و گـەرموگوڕی بـۆی و رازیبـوون لەسەری دەبنه جوڵێنەرو بەگوڕخەری رەفتار)[1].

[1] د. انور الشرقاوي واخرون، سەرچاوەی پێشوو ، ص ٨ – ٩.

ئەگەر رەفتار لەم سێ لایەنەوە دروستبووبێت، ئەوا ئەوەی دەبێتە هۆی بەرهەمهاتنی ئەو رەفتارە، پاڵنەرەکانن (ماکس فیبەر بەپێی پاڵنەرەکان رەفتار بۆ سێ جۆری سەرەکی دابەش دەکات:

١- رەفتاری کۆمەڵایەتی هەڵچونی یان غەریزی.

٢- رەفتاری کۆمەڵایەتی نەریتی (تەقلیدی).

٣- رەفتاری کۆمەڵایەتی عەقڵی)[2].

ئەگەر ئەمانە پێکهێنەرو شێوەکانی رەفتاری کۆمەڵایەتی بن، ئەوا جێگەی خۆیەتی ئەوهۆکارانە بخەینە روو کە وادەکەن رەفتار دروستببێت، بریتین لە:

(١- هۆکاری ژینگەیی.

٢- هۆکاری کۆمەڵایەتی:

أ- خێزان .

ب- قوتابخانە .

٣- هۆکاری بایەلۆژی)[1].

[2] د. احسان محمد الحسن ، سەرچاوەی پێشوو ، ص٣٣٣

[1] جمال حسين الالوسي واخرون، سەرچاوەی پێشوو ، ص٢٧

لەدەرئەنجامی تێگەیشتنمانەوە لە چۆنیەتی بەرهەم هاتنی رەفتاری کۆمەڵایەتی، لێرەوە تۆیژەر هەوڵدەدات باسەکە بە ئاڕاستەیەکدا بەرێت کەتیایدا ئەوە روون بکاتەوە، کە چۆن پیسبوونی ژینگەی بینراو کار لە مرۆڤ دەکات و وای لێدەکات رەفتار بکات، ئایا ئەو رەفتارەی دەیکات تاچەند لە ناو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا جێگەی خۆی دەکاتەوە و چ جۆرە رەفتارێك بەرهەمدێت لە ئەنجامی کاریگەربوون بەپیسبوونی ژینگەی بینراوەوە.

ئەگەر پیسبوونی بینین هەستنەکردن بە جوانی بێت ئەوا ئەو کەسانە کەهەست بەجوانی ناکەن یان راهاتون بە ناشیرینی بینی، زۆرترین جار توشی نامۆبوون دەبن، کاتێك خۆیان لە ناو بینراوە جوانەکاندا دەبینەوە یان ژینگەکەیان گۆڕانی بەسەردا دێت بەرەو جوانتر. تۆیژەر هەوڵدەدات رەفتاری ئەو کەسانە بە پێی لایەنە پێکهێنەرەکانی رەفتار شیبکاتەوە:

١- لەلایەنی مەعریفییەوە، ئەم کەسانە درك بەجوانییەکان ناکەن و بەردەوام رووکارە ناشیرینەکانی ژینگەکەیان دەبینن، شەقامی پڕ لەتاسەو خواروخێچ و هەڵکەنراو وشۆستەی تەسك و پڕ

چاڵوچۆڵی و دیواری نوسراو و ناشیرینکراو و بەدیان پۆستەری دڕاو بونەتە یادەوەری و خەیاڵدانی هەریەکە لە تاکەکانی ئەم کۆمەڵگایەیان داگیرکردوە، هەموو ئەمانە دەچنە لایەنی مەعریفیمانەوە بەو پێیەی کە تیایدا دەژین.

٢- لەلایەنی جوڵەییەوە، گەرلایەنی جوڵەیی رەفتار بەرهەمهاتوی لایەنی مەعریفی یان دەرئەنجامی مەعریفیانەبێت سەبارەت بەو چوارچێوەیەی، کەتیایدا دەژین، دەبینین ئێمە رەفتارمان، بێ ئەوەی هەست بەخۆمان بکەین، رەفتارێکی دوژمنکارانە و ئازاربەخشانەیە. بەو چوارچێوەیەی کە تیایدا دەژین و لەگەڵیدا دەژین. هەر لەفڕێدانی پاشەڕۆ لەسەر شەقامەکانەوە بۆ لێکردنەوەو دڕاندنی ریکلام و پۆستەری دیوارەکان و تادەگات بەوەی چێژ لە ئازاردانی بەرامبەرەکانمان وەردەگرین، بێ ئەوەی بمانەوێت ئازاریان بدەین کە رەنگە ئەمە لەئەوپەری خۆشەویستیمانەوە بێت.

٣- لەلایەنی هەڵچوونییەوە، لایەنی هەڵچوونی هاودەمی رەفتارە، دەرەنجامەکانی ناشیرینی بینی کار لەلایەنی هەڵچونمان دەکەن، کە بەجۆرێك رەفتار بکەین لەبەرامبەر ئەوەی کە دەیبینین و بێزاری کردوین، خودی ئەو رەفتارەی کە دەشیکەین دیسانەوە

پیسبوونی بینینی لێ دەکەوێتەوە. ئێمە زۆرجار بەهۆی تورەبوونمانەوە لەبینینی دیوارێکی رووپۆش کراو بەپۆستەری دڕاو دەچین ئەوەندەی تر پۆستەرەکان دەدڕێنین یان ئەگەر پۆستەرێکی نەدڕاویش ببینین دەیدڕێنین، پیسبوونی بینین یەکێکە لەومەترسیانەی کەدەبێتە هۆی بەرهەمهێنانی رەفتاری دوژمنکارانەو ناشیاو. گەر لەجۆرو رادەی تووندوتیژی ئەو تاوانانە بڕوانین کەلەو کۆمەڵگایانەدا رووەدەدن، کە دوچاری پیسبوونی بینین بونەتەوە، ئەوتاوانانە زۆر تووندتر و نامرۆڤانەترو زەبروزەنگدارترن لەو تاوانانەی کەلەو کۆمەڵگایانەدا رووەدات، کە دووچاری پیسبوونی بینینن نەبوون (ئەگەر چی ئەمە چەندین هۆکاری سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی هتد... لە پشتەوەیە، بەڵام ئێمە لێرەدا جوانی بینینمان کردوە بە پێوانەی شتەکان).

بۆنموونە لە وڵاتێکی وەك هۆڵەندادا، کە بە وڵاتی گوڵ و بوکی ئەوروپا ناسراوە، لەوڵاتە زۆر جوانەکانەو پڕە لەدیاردەو رووکاری جوانی، هەوالّی سەربڕینی مرۆڤ نابیستیت، ئەگەر یەکێك لەکەنالّەکانی ئەو وڵاتە وێنەی سەر بڕینی مرۆڤێك پەخش بکات رەنگە بەشی زۆری ئەو وڵاتە توشی شۆك و دەیان نەخۆشی دەروونی

بن، بەڵام لە وڵاتێکی وەک عێراقدا کە دوچاری زۆرترین ناشیرینی بینی بووە، بەجۆرێک جوانی هیچ بەهایەکی نەماوە و تەنانەت رەنگە خەڵکی عێراق بەهۆی جوانییەوە توشی نامۆ بوون بێن، چونکە دەبینن ڕۆژانە چەندین کەس سەردەبڕدرێن و کەنالەکانی ڕاگەیاندن بە پەرۆشەوە پەخشی دەکەن و خەڵکیش وەک شتێکی زۆر ئاسایی لێی دەڕوانن !!

ڕاهاتن بەناشیرین بینی ئامادەکاری لەناو مرۆڤدا دروستدەکات بۆ ناشیرین ڕەفتاری و دواجاریش ڕەفتاری ناشیرینی لێ دەکەوێتەوە (هەڵبەتە لێرەدا مەبەست لە ناشیرینی هەموو ئەو ڕەفتارانە دەگرێتەوە کە دوورن لە بەهای مرۆیی و جوانییەوە ڕێز بۆ بوونی مرۆیی دانانێن)، خراپبوون و پیسبوونی شار لە ڕووی بینینەوە وابەستەی هەموو جۆرەکانی تری پیسبوونە. بوونی حاویەی خۆڵ چەند کاریگەری بۆ پیسبوونی ئاو و هەوا و خاک هەیە هێندەش دیمەنە ناشیرینەکەی کاریگەری لەسەر بینین هەیە. بۆیە ژیان لەناو ژینگەیەکی پیسبوودا ڕەفتارێک بەرهەمدێنێت کە دیسانەوە ژینگە پیستر دەکات.

مەکتەبی پێرۆهۆشیاری

باسی سێیەم: دیاردەکانی پیسبوونی ژینگەی بینراو لە شاری سلێمانیدا..

(چەمکی پیسبوونی بینین هێمایە بۆ نەمانی وێنەی جوانی و زیان گەیشتن بەچێژی گشتی لەو ژینگەیەدا، کەچواردەوری داوین، سروشتی بێت یان دروستکراو. سەرجەم ڕەگەزەکانی ژینگە زۆر بەتوندی پەیوەستن بەیەکەوە، بۆیە دەبێت پێکەوە بگونجێن و گونجان

لەنێوانیاندا هەبێت و پارێزگاری لەو گونجانە بکرێت. رووداڵی هەر هەڵەیەك لەم وێنەی جوانییەدا دەبێتە هۆی دروستبوونی پیسبوونی بینین)[1].

لەم باسەدا تۆیژەر هەوڵدەدات دیاردەو رووکارەکانی نەمانی وێنەی جوانی لەشاری سلێمانیدا بخاتە روو. لەبەش و باسەکانی رابردوودا باس لەبینین و پیسبوونی بینین و ژینگەو پەیوەندییان بە رەفتارەوە کراوە، لێرەدا زیاتر جەخت لە سەر دیاردەکانی ئەو پیسبوونە دەکرێت لەسەر ئاستی شاری سلێمانی:

١- خراپ پلاندانانی شار: ئەگەر ئەرکی پلان، گۆڕین بێت بەرەو باشتر، ئەوا ئەوەی لە شاری سلێمانیدا وەك پلان کاری پێکراوە، گرفتی پیسکردنی بینینی زیاتر کردوە. ئەمە جگەلەوەی کەزیانی بە ژینگەو دانیشتوانیش گەیاندوە، بۆ نموونە دەبێت چەقی شار بریتی بێت لە پانتاییەك، کەتیایدا ئاسۆی بینین فراوان بێت. ئاشکرایە بەردەم مزگەوتی گەورە و شەقامی کاك ئەحمەدی شێخ بریتییە لە سەنتەری شار، تادەگاتە بەردەرکی سەرا، بەڵام دەبینین

(1) التلوث البصری..لماذا اختفى الجمال من حياتنا؟ موقع بيئتى www.beeaty.tv

ئەو ناوچەیە لەجیاتی ئەوەی وەك نموونەیەکی میژوویی شارەکە چاکبکرایەتەوەو لەسەر مۆدێلە میژوییەکەی نوێبکرایەتەوە، چونکە ئەوشوینە بەشێکە لەیادەوەری ئەو شارە، بەڵام دەبینین ناوچەکە زۆرگۆڕاوە و چەندین بالەخانەی تازەو بەرز لەوشوێنەدا دروستکراوە، کە ئاسۆی بینینی تەسککردوەتەوە و رووکارە میژوییەکەی ناوچەکەی لەناوبردوە، هەروەها بەهۆی ئەو بالەخانانەوە ئەو ناوچەیە چەند بەرابەر قەرەبالغتر بووە و ئەوەش چەندین دیاردەو کێشەی کۆمەلایەتی و تاوانی و کلتوری لێدەکەوێتەوە. (وەك دەبینین بە هۆی ناشیرین بوونی دیمەنی چوارەوری و ئەو جەنجاڵیەی کە لە چواردەوری کۆبوەتەوە ئەو مزگەوتە "مزگەوتی گەورە" بۆتە شوێنێك کە ئازاری چاوو دڵ و دەروون دەدات و بۆتە شوێنێکیش بۆ کۆبونەوەی پیسی و خۆڵ و خاشاك)[1]. هەر لەناو پلانی چاککردنی شاردا پرۆژەیەکی تر، کە وەك پرۆژەیەکی خزمەتگوزاری جێبەجێکرا چاککردن و رازاندنەوەی شەقامی مەولەوی بوو. یەکەمین کارێك کە لەوپرۆژەیەدا کرا، بڕینەوەی درەختەکانی شەقامەکەبوو. ئاشکرایە بڕینەوەی تەنها دارێك زیانی گەورە لە ژینگە دەدات، هەروەها

(1) ئەندازیار جەمال بەکر قەساب، سەرچاوەی پێشوو، لا ١٦

شەقامەکەی رووتکردەوە لە جوانی. ئەمە جگەلەو فرۆشیارانەی ناوبازاڕ کە بەردەوام پاشەڕۆکانیان فڕێدەدەنە سەر شەقامەکان.

بڕوانە پاشکۆی وێنەکان، وێنەی ژمارە (٦، ٨، ١٠، ١٦).

٢- بیناسازی: یەکێك لەخەسڵەتەکانی ناسینەوەی شار بریتییە لە شێوازی خانووبەرە و شوێنی نیشتەجێبون و بیناسازی، شار شێوەیەکی ستونی هەیە واتا کەمتر پشت بەپانتایی دەبەستێت، ئەمەش زیاتر بۆ سود وەرگرتنە لە شوێن، بەڵام لە سلێمانیدا ئەمە نەبوەتە خەسڵەتی شار و شار بەبێ هیچ بنەمایەکی زانستی و خزمەتگوزاری، هەر جارەو بەلایەکدا پاندەبێتەوە. ئەگەرچی ئەمەش هەڵەی پلاندانەران و شارەوانیی سلێمانیە، بەڵام لەم ماوەیەی رابردوودا و بەشێوەیەکی بەرچاو بیناسازی گەشەی کردوە، چ بینای تایبەت(خانووی مااڵن) چ بیناو باڵەخانە گشتییەکان (ئوتێل و بازاڕ) . بەڵام ئەوەی گرنگە ئەوەیە ئەم باڵەخانە بەرزانە هەریەکەیان بەپێی زەوقی تایبەتی خاوەنەکەیان، یان ئەندازیاری نەخشە بۆدانەریان، دروستکراون و زۆرینەیان هەڵگری بەهای جوانی نین، بەقەد ئەوەی ویستراوە تیایاندا زۆرترین دوکان و زۆرترین ژور دروست بکرێن و لە دیکۆری دەرەوەشدا بە تەنها رووکارێکی سادەو

بێزەوق زیاتر هیچی تر نین (روون و ئاشکرایە کە هونەری تەلارسازی گوزارشت لە شێوەی ژیان و پێشکەوتنی ئاستی گوزەرانی میللەتان دەکات بە شێوەیەك ئەگەر بە ئاستی پێویست نەبوو ئەوا جۆریك لە پیسبوون دروست دەکات، کە بە پیسبوونی بینین ناسراوە)[1] بەرزی و نزمی و دیکۆر و ڕەنگ و مادەی بەکارهاتووی دیکۆری دەرەوەی باڵەخانەکان ئەوەندەی وەستاوەتە سەر باری ئابوری خاوەنی باڵەخانەکان ئەوەندە حسابی جوانی و چێژی گشتی بۆ نەکراوە. هەرلەناو بیناسازییدا چەند خاڵێك دیاری دەکەین کە پیسبوونی بینینی لێدەکەوێتەوە،کە لە سلێمانیدا بە ئاشکرا دەبینرێت:

أ- مۆدێلی تەلارەکە: ئەم تەلارانە مۆدێلەکانیان لەسەر بنەمای مەنفەعەت و ئابوری دروست دەکرێت نەك هونەری تەلارسازی و حسابکردن بۆ چێژی گشتی. ئەوەی دەست نیشانی نەخشەی تەلارەکە دەکات دەوڵەمەند یان سەرمایەدارێکە کە خۆی لە بنەڕەتدا توشی پیسبوونی بینین بووە، ئەمە جگە لەوەی لە هیچ یەکێك لەو تەلارانەدا ئاستی کلتوری و نەتەوەیی ڕەچاو نەکراوەو

[1] هەمان سەرچاوە، لا ١٦

نەتوانراوە سود لەو شێوازەی تەلارسازی ببینرێت، کە بریتییە لە تێکەڵکردنی هونەری کۆن و نوێ بۆ ئەوەی تەلارەکان تەگەر شتی نوێ و تازەش بن، بەڵام هەست بە قوڵی مێژویی و پەیوەندی راستەوخۆی بەکلتوری شوێنەکەوە بکەیت. یەکێکی تر لە گرفتەکانیش لێکدووری و نەگونجانی تەلارە هاوسێکانە، چەند تەلارێك لەتەنیشت یەکدا دەبینیت هەریەکەیان بەشێوەیەك دروستکراون کەبەیەکەوە ناگونجێن، ئەمەش پیسبوونی بینینی لێدەکەوێتەوە. بڕوانە وێنەی ژمارە (٦، ٩، ١٠، ١١).

ب- رووکاری تەلارەکە: لە رووکاری دەرەوەی تەلارەکەدا چەند شتێك دووبارە دەبنەوە (شوشە، بەردی حەلان، کاشی، نەتر) بەشی زۆری تەلارەکان رووکاری دەرەوەیان شوشەڕێژ دەکەن، بەڵام بەشێوەیەکی سادەو بێ هیچ نەخش و نیگارێك و هەریەکەیان بە ئارەزوی خۆی ڕەنگی شوشەکە دیاری دەکات (ڕەش، سەوز، شین، سلفەر) بێ ئەوەی گوێ بە چێژی گشتی یان تیشکدانەوەی ئەو ڕەنگانە بکرێت لەسەر شەقامەکان، نیوەڕوان لەبەردەمی (تەلاری کاوە – شەقامی کاوە) دا بەهۆی تیشکدانەوەی شوشە شینەکانی تەلارەکەوە ڕەنگی تەواوی شتەکان لەو ناوچەیەدا جیاوازەو

ڕەنگەکان وەك خۆیان نابینرێن. ئەمە جگەلەوە بازاڕەی بە چاو دەگات بەهۆی تیژی ئەو تیشکەوە. جگەلە ئەلەمێنۆم و شوشە بە پلەی دووەم بەرد لە رووکاری تەلارەکاندا بەکاردێت، بەڵام بە ئەندازەیەکی کەمی نەخشەسازییەوە لە کاتێکدا گەر سەرنجی بینای ولاتانی دراوسێ و جیهان بدەین کە رووکارەکانیان بەردە دەبینین زۆر گرنگی بە نەخش و نیگار و ڕەنگ دەدرێت. ئەمە جگەلەوەی بیر لە کەش و هەواو ژینگەی ناوچەکە ناکرێتەوە بەبەڵگەی ئەوەی ئەو رووکارانە بەتەنها بۆ ماوەیەکی کورت وەك خۆیان دەمێننەوە دواتر بە هۆی تەپ و تۆز و باران و تیشکی خۆر و ڕەنگی کاشی و بەردەکان گۆڕانیان بەسەردادێت. بڕوانە وێنەی ژمارە (١، ٣، ٤، ١٠، ١٢).

ت- بۆشایی و فەزا: یەکێك لەجوانیەکانی هەر تەلارێك بۆ دەرکەوتنی، فەزای چواردەوریەتی. هەرچەندە ئێستا سلێمانی تەلاری بەرزو گەورەی تیادا دروستکراوە،بەڵام هێشتا سلێمانی پاڵاس یان تەلارە نوێیەکەی بەرامبەر کتێبخانەی گشتی زۆر بەجوانی و گەورەیی دێنە بەرچاو، چونکە فەزای چواردەوریان بریتییە لە بۆشایی بۆ دەرکەوتنی تەلارەکە و بوونی باخچە لە

بەردەمیدا و شەقام بەهەر چواردەوریدا، بەڵام تەلارەکانی تر هەڵگری ئەم خەسڵەتە نین، هەرتەلارێکیش بۆشایی و فەزای تەواوی نەبێت ئاسۆی بینین تەسك دەکاتەوە و تەسکبوونەوەی ئاسۆی بینینیش، پیسبوونی بینینی لێدەکەوێتەوە. بڕوانە وێنەی ژمارە (٥، ٦، ٨).

پ- سپلیت و سەتەلایت: یەکێکی تر لەو شتانەی بونەتە هۆی ناشیرینکردنی تەلارەکان بوونی زۆریی ژمارەی سەتەلایت و سپلیتە. لەسەربان و رووکاری تەلارەکان بەشێوەیەکی نارێکخراو. کاریان کردەوتە سەر جوانی تەلارەکەو هیچ گونجانیان تیانیە، کە دەکرێت ئەمە چارەسەر بکرێت لەپێش دروستکردنی تەلارەکەدا و لەنەخشەکەدا حساب بۆ ئەم دوو شتە بکرێت. بڕوانە وێنەوی ژمارە (١، ٤، ٨، ١١).

٣- خانووبەرە: ئەگەرچی خانووبەرەش دەچێتە ناو خانەی بیناسازییەوە، بەڵام لە خاڵی دووەمدا زیاتر مەبەست لە شوێنە گشتییەکان بوو، لەخاڵی سێیەمدا زیاتر مەبەست لە شوێنی نیشتەجێبوونە. لە سلێمانیدا ئەوەی باوە هەر خێزانێك دەبێت شوێنی نیشتەجێبوونی سەربەخۆی خۆی هەبێت، ئەوەی پێی

دەوترێت (خانوو)، کەلەسەر رووبەرێکی زەوی و بەتەنیشت خانووی ترەوە لەکۆڵان و گەڕەکەکاندا دروست دەکرێت. بەشێوەیەکی گشتی خانوو دەتوانێت ببێتە شوناس و کەسێتی ئەو خێزانەی کە تیایدا دەژی. دەتوانین ئاستی ئابوری و سیاسی و کۆمەڵایەتی و چێژی هونەری خێزانێك لە رووی شێوازی خانووەکەیانەوە بزانین، خانووە چەند قاتە گەورەو تازەکان خانووی دەوڵەمەندەکان و خانووە کۆن و یەك قات و بچوکەکان هی مالّە هەژارەکانن. لایەنگرانی حیزبەکان هەوڵدەدەن رەنگی ئالای حیزبەکەیان لە شوشەو رەنگی کاشی و بۆیاخی خانووەکانیاندا نمایش بکەن. مۆدێلی بەرچاوی ئەم سالانەی دوایی بریتی بوو لە بوونی دوو پایەی بەرز یان زیاتر لە پێشی خانووەکاندا تابنمیچی نهۆمی دووەم و سێیەم. باوبوونی ئەم مۆدێلە وای کرد بەشی زۆری کەسان بەم شێوەیە خانوو بکەن بەشی زۆریان بەهۆی لایەنی ئابوریانەوە بە چەندین شێوە ئەم مۆدێلەیانکرد، کە هەریەکەو بەشێوەیەك بوو، ئەمەش نارێکخراوی و نەگونجانی لە نێوان خانووی دراوسێکاندا دروستکردوە، بەرزی و نزمی و نەهێشتنەوەی زەوی بۆ باخچە لە حەوشەی مالّەکاندا هۆکارێکی تری دروستبوونی پیسبوونی بینینن، جگە لەوەی لە شێوەی هەر

خانوویەکدا بەشی خۆی هەڵەی هونەری و نەگونجانی هەیە، لە گشتیشدا بەیەکەوە لەگەڵ خانووی دراوسێ و ماڵەکانی تەنیشتیدا ئەوەندەی تر شێوەیەکی ناڕێکی دروستکردوە، هەڵبەتە بەهەمان شێوە بوونی سپلیت و سەتەلایت و نەگونجاویی ڕەنگەکان هەست پێدەکرێت. یەکێکی تر لەدیاردەکانی پیسبوونی بینین بە هۆی خانووبەرەوە نزیکی شوێنی نیشتەجێبونە لە گۆڕستانەکانەوە، کە ئەمەش هەمیشە وا لەمرۆڤ دەکات بیری لای مەرگ بێت وبەبەردەوامی هەست بریندار دەکات و کاریگەری دەروونی لەسەر مرۆڤ دەبێت. بڕوانە وێنەی ژمارە (٨، ١٣).

٤- شوێنە گشتییەکان: شوێنە گشتییەکان شوێنی بەریەککەوتن و دروستبوونی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانن، بۆیە گرنگیدان بەشوێنە گشتییەکان گرنگی دانە بەپەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و مرۆڤ بەگشتی. لە شوێنێکی جوان و سەرنجڕاکێش و هێمن وپڕ لە ڕەنگ وشێوەی جواندا دەروونێکی هێمنتر بۆ مرۆڤ دروست دەبێت و پەیوەندییەکان گەرمتر و باشتر دەبن و، بەپێچەوانەشەوە بازاڕو باخچە و دامەزراوەکان، کەشوێنە

گشتییەکانی ئەم شارەن بەدەست پیسبوونەوە دەناڵێنن لەدیارترینیشیان:

أ - بازاڕەکان: بازاڕ پیسترین ناوچەی ئەم شارەیە، کە هیچ مەرجێکی تەندروستی و جوانی تیادا نیە. سەرجەم دوکانداڕەکان پاشەڕۆکانیان لەسەر شەقامی بازاڕەکان فڕێ دەدەن، بوونی زۆریی عەرەبانەو شت فرۆشتن لەسەر زەوی لە خواردەمەنی و جل و کتێب و سەرجەم پێویستییەکانی تری مرۆڤەوە تا جوانکاریترین شمەکەکان. بازاڕەکان زۆر قەرەباڵغن و بەڕادەیەك شوێنی ڕۆشتنی مرۆڤ و ئوتۆمبێل تێکەڵاو بووەو بەئاستەم جیادەکرێتەوە. دوکانداڕەکان زۆر بەکەمی گرنگی بە ڕێکخستنی ناو دوکان و بەکارهێنانی ڕەنگی جوان و سەرنجڕاکێش دەدەن، بازاڕەکان پڕن لە لافیتەی دراو و ریکلامی شکاوو ڕەش بوەوە. گەر چاوێکی خێرا بە شەقامی کاوە و ئەسحابەسپی و مزگەوتی گەورەو بەردەرکی سەرادا بگێڕین دیارترین دیاردەکانی پیسبوونی ژینگەی بینراو هەست پێدەکەین. بڕوانە وێنەی ژمارە (٥، ٦، ٩، ١٠، ١٢، ١٥، ١٦، ١٧، ١٨).

ب - باخچەکان: سلێمانی دوو باخچەی گەورەی سەرەکی هەیە (باخی گشتی، پارکی ئازادی) بۆ شارێکی یەك ملیۆن دانیشتوانی

تەنها دوو پارك!! ئەگەرچی لەناو گەڕەکەکاندا باخچەی بچوك هەن، کە ئەوانیش هیچ گرنگییەکیان پێنادرێت و بەشی زۆریان سەوزاییان تیانیە. ئەم دوو پارکەش کە بەگشتی خراپ نین و نموونەی سەوزین لەم شارەدا، بەڵام شوێنێکی وەك پارکی ئازادی کە دەتوانێت جوانی بەشارێك ببەخشێت، سەیر دەکەین هەرچواردەوری بەتەلاری بەرز گیراوە و جوانیەکەی شاردراوەتەوە، کەئەمە نموونەی پیسبوونی بینینەو تێکدانی چێژی گشتیە. بڕوانە وێنەی ژمارە (٣).

ت - دامەزراوەکان: لێرەدا مەبەستمان لە دامەزراوەحکومییەکانە هەر لە قوتابخانەکانەوە بۆنەخۆشخانە و بەڕێوبەرایەتییەکان و تا دەگاتە زانکۆ، کە بەرزترین ناوەندی مەعریفی هەر شارێکە، سەرجەم ئەم شوێنانە دەبێت جوانترین سیمایان هەبێت، چونکە شوێنی فەرمین و گوزارشت لە شوێنی پەیوەندی هاوولاتین بەدەسەلاتی سیاسی (حکومەت)ەوە، بەڵام هەرلە شێوەی تەلارەکانەوە بۆ پاکوخاوێنی تەلارەکان و ڕەنگ و ڕووناکی و ئەندازیاری هونەری تەلارەکان، پڕن لە دیاردەی پیسبوونی بینین. قوتابخانەکان لە زیندان دەچن لەڕووی دیواری بەرزو پتەوەوە، پەنجەرەی بچوك و ژوری یەك لەسەر یەکی بێ پەیوەندی و

هۆڵی درێژو دالآنی درێژو پەنجەرەی شیشبەند و گۆڕەپانی داخراو و بچوکی باخچەکانی ناوی. زانکۆ بەخۆی و تەلارەکانیەوە گوزارشت لە هەرشتێك دەکات تەنها لەخۆی نەبێت. گرنگ بوو هەر کۆلێژێك لە ڕووی هونەری تەلارسازییەوە بیناکەی گوزارشتی لەناوەڕکی کۆلێژەکە بکردایە، کەچی دەبینی بۆ نموونە کۆلێژی هونەر ناشیرینترین و بێ زەوقترین بینای زانکۆیە. بینای کۆلێژی ئەندازیاری هیچ نموونەیەکی بەرچاوی تیادا نابینرێت بۆ ئەوەی گوزارشت لە خۆی بکات و هیچ ئاستێکی ئەندازیاری نیشان نادات..هتد. بڕوانە وێنەی ژمارە (١، ٢، ٣).

٥- ڕەنگ و ڕووناکی: لەسەرجەم بینراوەکانی شاردا ڕەنگ و ڕووناکی گرنگی تایبەتییان هەیە، (شێوەکانی ئەندازیاری تەلارسازی نوێ و بوونی پێوەرە ئیستاتیکییەکان لە ژیانی شارستانیدا دەچەسپێن، بە هۆی پێشکەوتنەوە لە ڕووناکیدا. گواستنەوەی ڕووناکی لە سروشتیەوە بۆ دەستکرد، لە ڕێگەی پارچەی گەورەی شوشەوە، هەستێکی تازە دەبزوێنێت بەرامبەر بە شوێن و وادەکەن بە شێوەیەکی تر درك بە باڵەخانە ڕووناکەکان

بکەین)[1]. ئەمەش ئاماژەیە بۆ رەنگی رووناکیەکان لە شەودا، کە سیمای شاربوونی شارێك دەچەسپێنن. لە دوای پرۆسەی ئازادی عێراق، کەنالی (الجزيرة)ی قەتەری بەرنامەیەکی لەسەر شاری سلێمانی دروست کرد یەکەم گرتەی بەرنامەکە بەوە دەستیپێکرد، کە کامێرا لە شەوێکدا بە شێوەیەکی جولاو وێنەی شەقامی سالمی دەگرت و بێژەرەکەش دەیوت (کاتێك دێتە سلێمانیەوە هەست ناکەیت لە عێراق دایت وادەزانیت لە شارێکی ئەوروپادایت یان وا هەست دەکەیت لە شارێکدایت کە خۆی بۆ ئاهەنگێك ئامادەکردوە...هتد) ئەو هەستەی وای لەو بێژەرە کرد ئەوقسانە بکات جوانی رەنگ و رووناکی ئەم شەقامەبوو لەوشەوەدا، بەلاّم لەئێستادا بەو شەقامەوە تادەگاتە زۆرینەی شەقامەکانی تری ئەمشارە بەهۆی نەبوونی رووناکی و رەنگی جیاوازی گلۆپەکانەوە زیاتر سیمای گوندێك دەبەخشن، گەر شەوێك لەشوێنێکی بلّندەوە تەماشای ئەم شارە بکەیت لاوازیی رووناکی هەست پێدەکەیت تادەگاتە ئەوەی زۆر شوێن بە خامۆشی ببینیت، کەئەمەش هەستی

[1] بدون مؤلف، ترجمة: المهندس محمود حمندي، حاضرة المستقبل، عن مجلة ديدالس، مراجعة: فخري خليل، دار شؤون الثقافية العامة، بغداد،١٩٨٦، ص٢٠١

نەبوونی ئەو ناوچانە دروستدەکات. شار دەبێت شەوانە رووناك بێت، دەنا شار خەسڵەتی بە شاربوونی خۆی لەدەستدەدات لەشەودا (شاربەرەو ناروونی و لێڵی و تێکچوون دەچێت لەشێوەیدا کاتێك کە شەو دادێت، بەلاّم بەهۆی رووناکیەوە گۆڕان لە روخساری شاردا دروست دەبێت)[1]. لێرەوە نەبوونی ستونی رووناکیی لە شەقامەکاندا و گرنگی نەدان بە رەنگی رووناکیی ریکلام و شوێنە گشتییەکان جۆرێکی تری دیاردەکانی پیسبوونی بینینە. لایەنێکی تری رووناکی بوونی کارەبایە، چونکە ئاشکرایە کارەبا رووناکی بەرهەم دەهێنێت، بەلاّم سلێمانی دووچاری قەیرانی کارەبا بووە. بۆ ئەم مەبەستەش (مۆلیدە) لەگەڕەکەکاندا دانراوە، هەر مالێك هێڵی کارەبای تایبەتی راکێشاوە و سەرجەم وایەرەکان تێکەلاّو بون و تەونی جالّجالۆکەیان دروستکردوە، ئەمانەش نمونەیەکی بەرچاوی ناشیرینی بینینن.

٦- پاشماوە: مرۆڤ بونەوەرێکی بەکارهێنە. لە ئەنجامی پرۆسەی بەکارهێنان و تەنانەت بەرهەمهێنانیشەوە مرۆڤ بڕێك پاشماوەو کەرەستەی ناپێویستی هەیە بۆ فڕێدان، کە لەحالّەتی

[1] هەمان سەرچاوە، ص٢٠٢

ئاساییدا دەبێت پاشەڕۆکان بخرێنە شوێنی تایبەتەوە کەبریتییە لە سەبەتەی خۆڵ، کەهەموو مالێک هەیەتی و دەبێت لەناو بازاڕو سەرشەقامەکانیشدا هەبێت و دواتر شارەوانی ئەرکی کۆکردنەوە و دورخستنەوە لەشاری لەسەرە. بەڵام لە سلێمانیدا کەمتر گرنگی بەسەبەتەی خۆڵ دراوە لەسەرشەقام و بازاڕەکاندا، ئەگەرچی لەسەرەتادا شارەوانی لە زۆرینەی شوێنە گشتییەکاندا داینا، بەڵام بەهۆی ناهۆشیاری هاوواڵتیانەوە بەتێپەڕبوونی کات بەشی زۆری ئەو سەبەتانە شکان ونەمان، شارەوانیش ئەگەرچی هەرلەسەرەتاوە کەمتەرخەمبوو لەبەتاڵکردن و پاککردنەوەیان و دواتریش وەک زویربوونێك لەوەی بەشێکیان شکان و دیاردەی شت فڕێدان لەسەر شەقامەکان هەر بەردەوام بوو، دەستی نەکردەوە بە چاککردنەوەی سەبەتەکان. بۆیە لەئێستادا بە شێوەیەکی بەرچاو پاشەڕۆ لەسەر شەقامەکان دەبینین کە ئەگەر چی شارەوانی رۆژانە پاکی دەکاتەوە، بەڵام چونکە ئەمە بوە بە نەریتی خەڵك و هەست بە ناشیرینی ئەم دیاردەیە ناکەن، هێشتا شەقامەکان هەرپیسن. بینینی بەردەوامی پاشەڕۆ لەسەر شەقام و شوێنە گشتییەکاندا، جگە لەپیسکردنی

هەواو خاك و ئاو، بینینیش پیس دەکات. بڕوانە وێنەی ژمارە (١٢، ١٦)

٧- قەرەبالّغی شەقام و زۆری ئوتۆمبێل: پێشتر و بە تایبەت لەدوای پرۆسەی ئازادی عێراقەوە و رۆژانە بەشێوەیەکی بەرچاو زۆر ئوتۆمبێل هاتنە ئەم شارەوە، لەکاتێکدا شەقامەکان،جگە لەچەند شەقامێکی تازە نەبێت، هەروەك خۆیانن بێزیادبوون و فراوانبون، ئەمەش دیاردەی قەرەبالّغی هێنایەکایەوە. تێکەڵبونی مۆدێلی کۆن و نوێی دروستکرد، کە ئەمەش هاوکات نارێکخراوی ونەگونجانی بەدواوەیەو دەبێتە هۆی ناشیرینی بینی، تێکەڵبوونی مۆدێلی کۆن و نوێ و بوونی ئوتۆمبێلە بارهەڵگرەکان لەناو شاردا نمونەی پیسبوونی بینینن. بڕوانە وێنەی ژمارە (٥، ٧، ٩، ١٠، ١٦)

٨- پەیکەر و شێوەکاری: لە دۆخی ئاسایی شاردا دەبێت بە پێی کلتوری شارستانی و نەتەوەیی لەهەر شارێك بەشێك لە شوێنەکانی ئەو شارە بۆدانانی پەیکەر تەرخان بکرێت. پەیکەرەکان سیمبول و ناسنامەی شارەکانن. هەموو شارێك دەبێت پەیکەرێکی هونەریی خاوەن سیمبول و دەلالەتی تیادا بێت بۆ ئەوەی ئەو شارەی پێبناسرێتەوە، ئەمە جگەلەوەی دەبێت بەشی زۆری فولکە و

شەقامەکان پڕبن لە جۆرەها پەیکەر و دیوارەکان دەبێت پڕبن لە نیگارو وێنەی شیاو بە کلتوری ئەو شارە، سلێمانی لە هیچ یەکێك لە پەیکەرسازی و شێوەکاریدا نموونەی بەرچاوی نیە، شارەوانی بە بیانوی فراوانکردنی شەقامەکانەوە ئەو پەیکەرانەی، کە هەبوون و تاڕادەیەك خەریکبوون ببنە رەمزی ئەمشارە لایبردن، بەتایبەت هەردوو پەیکەری (کۆترەکە و پەیکەری یەکگرتن) پەیکەری ئاشتی (کۆترەکە) بەردەم پالاس وەك نموونەیەك بۆ قۆناغی پێش راپەڕین و پەیکەری یەکگرتن وەك نموونەی پەیکەری دوای ڕاپەڕین خاوەنی جوانی و ڕەمزبوون بۆ ئەم شارە. دیوارەکانی شەقامی سالمیش چەندسالێ جارێك وێنەیان لەسەر دروست دەکرێت و هەر پاش ماوەیەك بە پۆستەرو لافیتە دادەپۆشرێن و جوانیەکەیان لەدەست دەدەن و هەموو ئەمانە نموونەی پیسبوونی بینین. شارێك تیایدا هونەر جێگەی گرنگی نەبێت و هونەرمەند دەستی لەدروستکردنیدا نەبێت شارێکی بێ چێژدەبێت و دیارترین شت تیایدا پیسبوونی بینین دەبێت. بڕوانە وێنەی ژمارە (٢) بەردەم کۆلێژی هونەر لە زانکۆی سلێمانی.

٩- دیوار: دیواری تەلارو شوێنە گشتییەکان یەکێکن لەو ئاستانەی چاو دەچێتەسەریان و شوێنی هەرە گرنگی سەرنجن، چونکە یەکسانن لەگەڵ ئاستی بینین دا، بەڵام دیوارەکانی سلێمانی نەك بە ڕەنگ نەڕازاونەتەوە، بەڵکو داپۆشران بەپۆستەری دراوو لافیتە و نوسینی زۆرو جۆراوجۆر، کەهەموو ئەمانە کار لەجوانی بینی دەکەن و ناشیرینی بەرهەم دەهێنن. بڕوانە وێنەی ژمارە (١٧).

دەروازەی دووەم

لایەنی مەیدانی

بەشی ضوارەم

ستراتیژی توێژینەوە مەیدانیەکە

گریمانەکانی توێژینەوەکە:

١. مرۆڤ هەمیشە سەرنج لە هەموو شتەکانی دەوری نادات و ئاسایی بەلایاندا رەتدەبێت (تەماشادەکات، بەڵام مەرج نیە ببینێت).

٢. دەسەڵاتی سیاسی (حکومەت - شارەوانی)کەمترین هەوڵی بۆ جوانکردنی شارداوە.

٣. جوانی بینی کاریگەری لەسەر ئارامی دەروونی هەیە.

٤. شوێنی نیشتەجێبوون کاریگەری هەیە لەسەر رەفتاری مرۆڤ.

٥. جوانی (پاکی)، کاریگەری لەسەر مرۆڤ بۆ پاراستنی جوانی شوێن هەیە.

٦. ناشیرینی (پیسی)، کاریگەری لەسەر مرۆڤ بۆ پیسکردن و ناشیرین کردنی شوێن هەیە.

ڕێبازی توێژینەوە:

لەبەئەنجامگەیاندنی ئەم توێژینەوەیەدا، توێژەر ڕێبازی (رووپێوی کۆمەڵایەتی) بەکارهێناوە.

ڕێبازی رووپێوی کۆمەڵایەتی، هەوڵێکی ڕێکخراوە بۆ شیکردنەوەی زانیارییەکان، یان بۆ شیکردنەوەی بارودۆخی کۆمەڵ لە رووی (سیستەمی کۆمەڵایەتی، گروپ، ژینگەی گونجاو) هەروەها هەوڵدانە بۆ گەیشتن بە زانیاری گونجاو کە دەتوانرێت پۆلێن بکرێت و گشتگیر بکرێت بەسەر کۆمەڵگەدا، هەروەها بە

توێژینەوەیەکی زانستی دادەنرێت، بۆ دیاردە و کێشەکانی کۆمەڵگە.

(رووپێوی کۆمەڵایەتی، هەروەك چوارچێوە گەورەکەی نموونەکە وایە، بەڵام تاکە جیاوازی بنچینەیی لەنێوانیاندا قەبارەیە، قەبارەی رووپێوە کۆمەڵایەتییەکە زۆر لە قەبارەی نموونەی توێژینەوەکە گەورەترە و لە رووپێودا سەرجەم کۆمەڵگە وەردەگیرێت، بەڵام کەنموونە وەرگیرا ژمارەکە کەم دەکرێتەوە)[1]. لێرەدا نموونەی توێژینەوەکە دەبێتە نمایندەی کۆمەڵگەو چوارچێوە فراوانەکەی رووپێوی کۆمەڵایەتی. بەپێی جۆری بابەتی توێژینەوە و مەبەست لە بەئەنجامگەیاندنیدا شێوازەکانی رووپێوی کۆمەڵایەتیش دەگۆڕێن، توێژەر لەم توێژینەوەیەدا سودی لە دوو جۆری وەرگرتوە، لە هەشت پرسیاری یەکەمی فۆرمی راپرسیەکە، کە سیما گشتییەکانی توێژینەوەکەیە (رووپێوی وەسفی) بەکارهێناوە و بەگشتی سەرجەم پرسیارەکانی تر دەچنە خانەی (رووپێوی دەستنیشانکردن)ەوە (المسح التشخیصی).

(1) أ.د. معن خلیل عمر، مناهج البحث فی علم الاجتماع، دار الشروق، عمان.١٩٩٧،ص ١٣٦

ئەو کەرەستەو ئامێرانەی لەم توێژینەوەیەدا بەکارهاتوون لە ناو رێبازی رووپێوی کۆمەڵایەتیدا بریتین لە:

یەکەم: تێبینی کردن، بەشێك لەتوانای خوێندنەوەی توێژەر بۆ ئەم دیاردەیە دەگەڕێتەوە بۆ تێبینی کردنی بەردەوامی دیاردەکە لە ماوەی چەند ساڵی رابردووەوە تائێستا، چونکە دواجار نهێنی تێبینی لەوەدایە کە بەردەوام دەتوانیت ببینیت و قوڵتر بۆ شتەکان بچیت و هەمیشە بیرۆکەی تازەترت لەلا سەربار دەکات.

(توێژەر لە میانەی ئەنجامدانی توێژینەوەکەیدا لە رێگەی تۆماری فۆتۆییەوە هەوڵیداوە کە بەشێکی زۆر لە دیاردەکانی پیسبوونی ژینگەی بینراو تۆمار بکات کە نزیکەی (٥٠٠) فۆتۆیە).

دووەم: فۆرمی زانیاری، فۆرمی زانیارییەکە لە (٢٩) پرسیار پێکهاتبوو، کە (٢٧) پرسیاری داخراو و تەنها دوو پرسیاری کراوەشی لە خۆگرتبوو، کە یارمەتی توێژەریدا لە روونکردنەوەی بابەتەکەو دەستکەوتنی چەندین زانیاری پێویست.

کۆمەڵگەی توێژینەوە:

شاری سلێمانی کۆمەڵگەی ئەم توێژینەوەیە، ئەگەرچی ئەم دیاردەیە تایبەت نیە بەم شارەو، بگرە دەتوانرێت بوترێت دیاردەیەکی جیهانییەو هەر ناوچەیەکی شارستانی بەشێوەیەك و بە ڕادەیەك پشکی لەم دیاردەیە بەرکەوتوە، ئەگەرچی ولاتانی خۆرئاوا و ئەوروپا کەمتر ئەم دیاردەیەیان تیادەردەکەوێت لە چاو خۆرهەڵات و ولاتانی تازە پێشکەوتوودا.

شاری سلێمانی، یەکێکە لە شارەکانی هەرێمی کوردستانی عێراق. دانیشتوانی ئەم شارە کوردن، ئەگەرچی بە هۆی گۆڕانکارییە سیاسیەکانەوە کۆمەڵێك نەتەوەی تریشی لێ نیشتەجێبوە، بەڵام رێژەکەیان لە چاو دانیشتوانە کوردەکەدا زۆر کەمە، لەوانە (عەرەب، تورکمان، فارس)، هەرچەندە لەبەر نالەباری ڕەوشی سیاسی ناوەڕاست و خواروی عێراقەوە رێژەیەکی بەرچاو هاوولاتی عەرەب ئێستا لەم شارەدا نیشتەجێن و زۆرینەیان سەرقالی کاری کرێکارین.

ئاینی خەڵکی سلێمانی بەگشتی ئیسلامە، بەڵەبەرچاوگرتنی بوونی ئاینی مەسیحیش کە بەشێك لە دانیشتوانە ڕەسەنەکەی ئەم شارە پێکدەهێنن، هەروەها کاکەیی.

ئەم شارە دەکەوێتە باکوری خۆرهەڵاتی عێراقەوە، بە زنجیرە چیا دەورە دراوە، مێژوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی (١٧٨٤) زاینی، کەمیرنشینی بابان لە دوای قەڵاچوالانەوە کردی بە پایتەختی خۆی، ئەم شارە وەك مەڵبەندێکی ڕۆشنبیری و ئەدەبی و هونەری و شۆڕشگێڕی خۆی پێناسە کردوە. هەتا کۆتایی هەشتاکان و سەرەتای نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوو وەك یەکێك لە جوانترین شارەکانی عێراق پێناسە دەکرا، لەرووی ژینگەو شێوازی ژیانی شارستانییەوە. لە ساڵی (٢٠٠٧)دا وەزارەتی ڕۆشنبیری حکومەتی هەرێم ناسناوی (شاری کلتوری) پێبەخشی، لە دوایین ئاماری بەڕێوەبەرێتی ئاماری سلێمانیدا بۆ ساڵی (٢٠٠٨) رێژەی دانیشتوان و ڕەگەزی نێر و مێ بۆ ناوەندی شار بەم شێوەیەیە:

ژمارەی نێر: (٣٢٨٩٧٩) کەس.

ژمارەی مێ: (٣٣٠٧٩١) کەس.

کۆی گشتی دانیشتوانی ناوەندی شار: (٦٥٩٧٧٠) کەس.

نموونەی توێژینەوە:

(نموونەی توێژینەوە پێکهاتەیەکی هەڵبژێردراوە لە کۆمەڵگەی توێژینەوە، کە نوێنەرایەتی کۆمەڵگەی توێژینەوەکە دەکات، دەتوانرێت ئەنجامەکانی گشتگیر بکرێت بەسەر کۆمەڵگەدا)[1].

ئەو نموونەیەی لەم توێژینەوەیەدا وەرگیراوە و زانیاری لێوەرگیراوە و فۆرمی راپرسیان پڕکردوەتەوە، نموونەیەکی مەبەستدارە.

جۆری توێژینەوەکە وای دەخواست کەتوێژەر نموونەکەی مەبەستدار بێت، بۆ نموونە لەو شوێنانەی کە رادەی دیاردەی پیسبوونی ژینگەی بینراوی تیادا زۆر بوبێت لەوناوچانەدا فۆرم دابەشکراوە وەك (زانکۆی سلێمانی – بەردەرکی سەرا و شەقامی مەولەوی- شەقامی کاك ئەحمەدی شێخ و مزگەوتی گەورە)، بەڵام بە شێوەیەکی بلاّو و نارێك بەمەبستی وەرگرتنی زۆرترین راوبۆچوون لەکەسە جیاوازەکان و تەمەنە جیاوازەکانەوە.

بوارەکانی توێژینەوە:

(1) د. سميرة احمد سيد، مصطلحات علم الاجتماع، مكتبة الشقرى، طبعة الولى، ١٩٩٧، سعودية ، ص ٢٥٥

١- **بواری شوێنی:** شوێنی توێژینەوەکە بریتییە لە شاری سلێمانی واتا ناوەندی شار و هیچ نموونەیەك لەدەرەوی شار وەرنەگیراوە.

٢- **بواری کاتی:** کاتی توێژینەوەکە بریتی بوو لە ماوەی (٤) مانگ لە (٢٠٠٨/١/١)ەوە بۆ (٢٠٠٨/٥/١).

٣- **بواری مرۆیی:** ژمارەی ئەو کەسانەی وەك نموونەی توێژینەوەکە وەرگیراون بریتین لە (١٠٠) کەس لە هەردوو ڕەگەزی نێر (٥٨) کەس و مێ (٤٢) کەس.

کەرەستەی ئامارییەکان : لەم توێژینەوەیەدا سود لە ئامرازی پێوەری ئاماری وەرگیراوە کەبریتییە لە ڕێژەی سەدی.

$$\text{ڕێژەی سەدی} = \frac{\text{بەش}}{\text{گشت}} \times ١٠٠$$

تەنگ و چەڵەمەی توێژینەوە:

١- ئەگەر یەکێك لەخەسڵەتەکانی پیسبوونی بینین راهاتن بێت بە ناشیرنی بینی، ئەوا ئەوانەی توشی ئەم پیسبوونە دەبن درکی ئیستاتیکی و جوانیبینیان لەلا کەم دەبێتەوە. بۆیە زۆرجار ناتوانن لەوە تێبگەن بەشێك لە ڕەفتارەکانیان بەرهەمی ئەو پیسبوونەیە و

به بێ ئەوەی هەست بەخۆیان بکەن ئەوانیش جارێکی تر هۆکارن بۆ بڵاوبوونەوە و زیادبوونی ڕێژەی ئەو پیسبوونە، لاوازی هۆشیاری نموونەکە سەبارەت بە بابەتەکە.

٢- ناڕاستگۆیی بەشێك لەکەسانی نموونەی توێژینەوەکە لەبەرامبەر هەندێك لە پرسیارەکاندا. بەداخەوە تا ئەم ساتەش خەڵکی ئێمە ڕانەهاتوون بە وەڵامدانەوەی ڕاست و پێیان وایە گەر ڕاستی بڵێن لە شکۆیان دادەبەزێت.

٣- نەبوونی سەرچاوەو لێکۆڵینەوەی پێشوەخت لەسەر دیاردەکە بۆ ئەوەی یارمەتی توێژەر بدات لە توێژینەوەکەدا.

بەڵام توێژەر سەرەڕای ئەم تەنگ و چەڵەمانە لەبەرگرنگی هەستکردنی بەم دیاردەیە ئەنجامدا.

بەشی ئینجەم ..

دەرخستن و شیکردنەوەی
زانیاری توێژینەوە مەیدانییەکە

باسی یەکەم
سیما گشتییەکانی توێژینەوە..

خشتەی ژمارە (١)

ڕەگەزی نمونەی توێژینەوەکە

ڕەگەز	ژمارە	ڕێژەی سەدی ٪
نێر	٥٨	٥٨٪
مێ	٤٢	٤٢٪
کۆی گشتی	١٠٠	١٠٠٪

نمونەی توێژینەوە لەخشتەی ژمارە (١) دا ئاماژە بەوە دەکات کەڕێژەی ڕەگەزی نێر (٥٨٪) و ڕەگەزی مێ (٤٢٪) ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو هۆکارەی کە فۆرمی راپرسییەکە زیاتر لەناو بازاڕدا دابەشکراوە و ئاشکرایە بەشی زۆری ئەوانەی بەردەوام لەبازاڕەکاندان پیاون، بەهۆی کارەکانیانەوە لەبەرامبەریشدا ژنانیش بەڕێژەیەکی بەرچاو (لەدەرەوەی بازاڕ) وەرگیراون تابتوانێت زانیاری تەواو لەبارەی ئەوانیشەوە وەربگیرێت .

خشتەی ژمارە (٢)

تەمەنی نموونەی توێژینەوەکە

تەمەن	ژمارە	ڕێژەی سەدی ٪
١٥ — ١٩	٧	٪٧
٢٠ — ٢٤	٣٢	٪٣٢
٢٥ — ٢٩	١٣	٪١٣
٣٠ — ٣٤	١٣	٪١٣
٣٥ — ٣٩	١٠	٪١٠
٤٠ — ٤٤	١٥	٪١٥
٤٥ — ٤٩	٣	٪٣
٥٠ — ٥٤	٧	٪٧
کۆی گشتی	١٠٠	٪١٠٠

خشتەی ژمارە (٢) ئاماژە بەتەمەنی نموونەی توێژینەوەکە دەکات بەم شێوەیە:

لە تەمەنی (١٥ - ٥٤) ساڵ دەگرێتەوە، کەبەرزترین کۆمەڵە تیایدا تەمەنی (٢٠ - ٢٤)ە کەڕێژەکەی بریتییەلە (٣٢٪) ئەمەش ویستی توێژەر بوو لەوەی زانیاری وەربگێرێت لەسەر ئەو تەمەنە

کەتەمەنی گەنجییە. بەپێی خشتەکە ئەوانی تر دیاری کراون. بەم شێوەیە لەتوێژینەوەکەداو لەنموونەی توێژینەوەکەدا ویستراوە بەشی زۆری تەمەنەکان، کەزیاتر دیاردەکە بۆیان جێگەی گرنگییە یان دەتوانن هەستی پێبکەن وەربگیرێت، بەڵام تەمەنی لەوە پچوکتر یان گەورەتر دیاردەکە بۆی جێگەی گرنگی نییە، چونکە تەمەنی لەوە بچوکتر منداڵەو درکی جوانی بینی و دیزاینی شاری نیەو لەوەش گەورەتر وێنەیەکی تری شار لەهزریاندا بوونی هەیە، کەرەنگە ڕێگربێت لەوەی بتوانێت ناشیرینییەکان ببینن، گەر وردبینەوە هەست بەوە دەکەین کەبەتەمەنەکان ئەوانەی یادەوەریان لەم شارەدا هەیە هێشتا پێیان وایە ئەم شارە زۆرجوانەو پێیان وانیە ژینگەی بینراو توشی پیسبوون بوبێت.

*ئەمەش دوای ئەوە دێت کەتویژەر ویستی فۆرم بداتە چەند بەتەمەنێك لەچەند شوێنی جیاوازدا و بەڵام ئەوان وەڵامەکانیان لەیەکەوە نزیك بوو . بەو ئارستەیەی لەسەرەوەدا شیکارکراوە.

خشتەی ژمارە (٣)

ئاستی خوێندەواری نموونە توێژینەوەکە

ئاستی خوێندن	ژمارە	رێژەی سەدی ٪
نەخوێندەوار	١	٪١
ئەخوێنێ و ئەنوسێ	١	٪١
سەرەتایی	٢	٪٢
ناوەندی	٢٠	٪٢٠
ئامادەیی	١٧	٪١٧
پەیمانگا	١٠	٪١٠
کۆلێژ	٤٧	٪٤٧
خوێندنی بالآ	٢	٪٢
کۆی گشتی	١٠٠	٪١٠٠

خشتەی ژمارە (٣) ئاماژە بۆ ئاستی خوێندەواریی نموونەی توێژینەوەکە دەکات، کە بەرزترین رێژە تیایدا بۆ ئاستی خوێندن لەقۆناغی زانکۆدایە، کە بریتییە لە(٤٧٪). لەم توێژینەوەیەدا زۆرینەی ئاستەکان وەرگیراون هەر لەنەخوێندەوارەوە تا خوێندی بالآ

تاوەکو بتوانرێت ئەنجامێکی باش دەست بکەوێت کە گوزارشت بێت لەتەواوی کۆمەلگە، توێژەر بەگرنگی دەزانێت لێرەدا هیواس لەوە بکات کەبۆچی بەرزترین ئاست بۆ(کۆلێژ) زانکۆ دەگەڕێتەوە چونکە:

١- زۆرینەی نموونەی توێژینەوەکە گەنج وەك دەردەکەوێت لە خشتەی ژمارە (٢)، ئەمەش ویستی توێژەرە بۆ ئەوەی بزانێت (گەنج) کە خاوەنی درکێکی بەهێزو توانایەکی تازەی کۆمەلگەیە، ئایا ئەم نەوەیە دەتوانێت درکی بەسەر دیاردەکەدا هەبێت؟ ئایا تاچەند رەفتارە کۆمەلایەتییەکانی ئەم نەوەیە کاریگەرن بەجوانی و ناشیرینیی شتەکانی چواردەور...هتد؟

٢- ئەوانەی کەلەم ئاستەدان، خاوەنی باکگراوندی زانستی و مەعنەوی بێت. ئایا ئەوان تاچەند زانیاریان لەو بارەیەوە هەیە و تاچەند ئەم دیاردەیە بۆیان بۆتە جێگەی گرنگی و تاچەند رەفتارەکانیان لەژێر کایگەری پیسبوونی بینین دایە.

(لەخشتەکانی دواتردا ئەوە روونەدەبێتەوە کەئەم تەمەن و ئاستی خوێندەواریەش وەك تەمەن و ئاستەکانیتر توشی پیسبوونی بینین بوون و ئەمەش کاریگەری لەسەر رەفتارە کۆمەلایەتییەکان هەیە).

خشتەی ژمارە (٤)

پیشەی نموونەی توێژینەوەکە

پیشە	ژمارە	ڕێژەی سەدی ٪
خوێندکار	٤٢	٤٢٪
فەرمانبەر	١٧	١٧٪
هونەرمەند	١٥	١٥٪
کاسب	١٣	١٣٪
ڕۆژنامەنووس	٨	٨٪
مامۆستا	٣	٣٪
بێکار	٢	٢٪
کۆی گشتی	١٠٠	١٠٠

خشتەی ژمارە(٤) ئاماژە بە پیشەی نموونەی توێژینەوەکە دەکات، کە پیشەی نموونەکە بریتییە لە (خوێندکار – مامۆستا – فەرمانبەر – ڕۆژنامەنووس – هونەرمەند – کاسبکار - بێکار) بۆ ئەوەی زۆرترین بۆچوون لە چین وتوێژەکان وەربگرین. زۆرینەی نموونەی توێژینەوەکە خوێندکارن بە ڕێژەی (٤٢٪)، ئەمەش بۆ ئەو قۆناغەی تەمەن دەگەڕێتەوە کە لەخشتەکانی پێشتردا باسکرا،

بەشی زۆری ئەو خوێندکارانە خوێندکاری زانکۆی سلێمانین، زانکۆی سلێمانی وەك شوێن، توشی زۆرترین پیسبوونی ژینگەی بینراو بووە لەسەرجەم ڕووەکانەوە، کە چاوی مرۆڤ دەچێتە سەری و هەست بە ناڕاسودەیی دەکات، ئەمەش وەك مەبەستێك وەرگیراوە تا بزانین خوێندکاران و فەرمانبەران و مامۆستایانی زانکۆ تاچەند لە ژێر کاریگەریی ئەو پیسبوونەدان و تاچەند ئەو پیسبوونە کاریکردۆتە سەر ڕەفتارو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانیان.

خشتەی ژمارە (٥)

باری خێزانی نموونەی توێژینەوەکە

باری خێزانی	ژمارە	ڕێژەی سەدی ٪
سەڵت	٥٠	٥٠٪
خێزاندار	٤٨	٤٨٪
تاك مردوو	٢	٢٪
کۆی گشتی	١٠٠	١٠٠٪

خشتەی ژمارە (٥) ئاماژە بەوە دەکات کەباری خێزانی نموونەی توێژینەوەکە تاڕادەیەك لەنێوان ڕەبەن(سەڵت) و خێزانداردا یەکسانن، بەڕێژەی ڕەبەن (٥٠٪)و خیزانداریش (٤٨٪) ..هتد. ئەمەش لەپەیوەندی بەبابەتی توێژینەوەکەوە گرنگی خۆی هەیە بەوەی کاریگەر بوونی دیاردەکە لەسەر هەردوو بارەکە بەیەکسانی نیشاندەدات دیسانەوە دیزاینی ناشیرینی شارو نەگونجاوی ڕەنگی بالاّخانەو نارێکی شەقامەکان و...هتد، لەسەر هەردوو بارەکە کاریگەری یەکسانی هەیە و ئەمەش لەخشتەکانی داهاتودا دەردەکەوێت کە زۆرینەی نموونەکە پێیان وایە پیسبوونی بینین کایگەری لەسەر ڕەفتاریان هەیە. گەر پۆشینی پۆشاك وەك یەکێك

لەڕەفتارە کۆمەڵایەتییەکانی مرۆڤ بەدوور لەمۆدێل وەربگرین هەست بەوە دەکەین کە ڕەبەنەکان و خێزانداڕەکانیش تاڕادەیەکی بەرچاو یەکسانن.

خشتەی ژمارە (٦)

ژمارەی ئەندامانی نموونەی توێژینەوەکە

ژمارەی ئەندامانی خێزان	ژمارە	ڕێژەی سەدی ٪
٢ — ٤	٤٣	٤٣٪
٥ — ٧	٥٢	٥٢٪
٨ — ١٠	٣	٣٪
١١ — ١٣	٢	٢٪
کۆی گشتی	١٠٠	١٠٠٪

خشتەی ژمارە(٦) ئاماژە بەژمارەی ئەندامانی خێزانی نموونەی توێژینەوەکە دەکات، کە ژمارەی ئەندامانی خێزانی نموونەی توێژینەوەکە دەکەوێتە نێوان (٢- ١٣) کەسەوە، ڕێژەی بەرزترین ئاست، ئاستی(٥- ٧)کەسە لەخێزاندا، کە ڕێژەکەی (٥٢٪)ە ئاشکرایە هەڵوێست و ڕەفتاری مرۆڤەکان بەجۆرێك لە جۆرەکان

پەیوەستداره به پرۆسەی گەشەپێکردنی کۆمەڵایەتییەوە وخێزان ئەرکی سەرەکی دەکەوێتە سەرشان بۆ پەروەردە کردنی تاك و گەشەپێکردنی کۆمەڵایەتی، ئاشکرایە هەتا ژمارەی ئەندامانی خێزان زیاتر بێت، پرۆسەی پێگەیاندن و گەشەپێکردنەکە لاواز دەبێت. بۆنموونە گەر منداڵێك پاشەڕۆکەی فرێبدات و شوێنێك پیس بکات، یان دیوارێك بنوسێت رەنگە چاوی لێبپۆشرێت لەبەرامبەر شتێکی خراپتردا، کە منداڵێکیتر کردویەتی. ئەمەش وا دەکات ئەوەی شتەکەی فرێداوە زیاتر ئەو کارە دووبارە بکاتەوە، کاتێك دەزانێت کەس لێپێچینەوەی لەگەڵدا ناکات، هەروەها کە دەبینێت گەورەکان پاشەڕۆکانیان فرێدەدەن یان گوێنادەنە گونجان و جوانی بینی جلوبەرگەکانیان، ئەویش بەهەمان شێوە ئەو شتانە دووبارە دەکاتەوە.

خشتەی ژمارە (٧)

شوێنی نیشتەجێبوونی نمونەی توێژینەوەکە

شوێنی نیشتەجێبوون	ژمارە	ڕێژەی سەدی ٪
ناوەندی شار	١٠٠	٪١٠٠
قەزا	٠	٪٠
ناحیە	٠	٪٠
ئۆردوگا	٠	٪٠
گوند	٠	٪٠
هیتر	٠	٪٠
کۆی گشتی	١٠٠	٪١٠٠

خشتەی ژمارە (٧) ئاماژە بەشوێنی نیشتەجێبوونی نمونەی توێژینەوەکە دەکات. وەك ئاشکرایە پیسبوونی بینین پەیوەندییەکی پتەوی بەشارەوە هەیە وەك ژینگەی دروست کراو. ناکرێت دیاردەی پیسبوونی بینین لەژینگەی سروشتیدا هەبێت، چونکە سەرجەم شتەکان لەدۆخی ئاساییدان و بەشێوەیەکی هارمۆنی پێکەوە بەستراون، بەڵام لەشارو ژینگەی درستکراودا ئەم دیاردەیە دەبینرێت بۆیە ئەوەی دەکەوێتە ژێر کاریگەری ئەم دیاردەیەوە هەڵبەتە

کەسێکە لەژینگەی دروستکراوو شاردا دەژی، بۆیە سەرجەم نموونەی توێژینەوەکە دانیشتوانی شارن بەڕێژەی (١٠٠٪) هەروەها لەم توێژینەوەیەدا کۆمەڵگەی توێژینەوە بریتییە لەناوەندی شاری سلێمانی.

خشتەی ژمارە (٨)

جۆری خانووی نیشتەجێبوونی نموونەی توێژینەوەکە

جۆری خانوو	ژمارە	ڕێژەی سەدی ٪
موڵك	٧٢	٪٧٢
کرێ	٢٥	٪٢٥
حکومی	٠	٪٠
هیتر	٢	٪٢
کۆی گشتی	١٠٠	٪١٠٠

خشتەی ژمارەی (٨) ئاماژە بە جۆری خانووی نیشتەجێبوونی نموونەی توێژینەوەکە دەکات کە پێکهاتووە لە (موڵك، کرێ، حکومی، هی تر). خشتەکە ئاشکرای دەکات کە ڕێژەی (٧٢٪)ی نموونەی توێژینەوەکە ئەوکەسانەن، کە جۆری خانووەکانیان موڵکی

خۆیانە، (ئەم ڕێژەیە جێگەی دڵخۆشیە)، بەڵام ئەوەی وەك شیکردنەوەی خشتەکە و پەیوەستبوونی بە بابەتی توێژینەوەکەوە گرنگە ئەوەیە کەخێزان لە ڕێگەی پڕۆسەی بەکۆمەڵایەتیکردنەوە وادەکات کە تاکەکان شوێنەکانیان خۆش بوێت و گرنگی بەڕێکخستن و جوانکاری شوێنەکانیان بدەن. ئەوانەی کە خاوەن موڵکن زیاتر گرنگی بە جوانی ڕەنگ و ڕێکخستنی مااڵ دەدەن لە چاو کرێچیدا، بەڵام لەبەر قەیرانی نیشتەجێبوون ڕەنگە زۆرینەی خەڵك چاو لە جوانی و پاکی و گونجانی ڕەنگی خانوو بپۆشێت، لەبەرامبەر بە خاوەن بوونی موڵك یان خانووەکەدا، ئەمانەش کاریگەری لەسەر کەسێتی منداڵ دروستدەکات کە گرنگی بە جوانکاری نەدات. هەروەها دیاردەیەکی تری باو، کە بوەتە کلتوری ماڵەکان، فڕێدانی خۆڵە لە ناو ماڵەکەوە بۆ دەرەوەی ماڵەکە و دورخستنەوەی ناشیرینییە لە ناوەوە بۆ دەرەوە، کەئەمەش وادەکات هیچ کەسێك دەرەوە وەك ناوەوە نە پاریزێت، بگرە دەرەوە بکاتە شوێنی فڕێدانی پیسی و ناشیرینیەکان(ئەمە جگە لە دۆخە تاکییەکەی، کە زۆر جار ئاین و کلتوری کۆمەڵایەتی کاریکردوە لەسەر گرنگیدان بە ناوەوە و بەهەمان شێوە گرنگی نەدان بەدەرەوە،

گرنگ نیە جلەکانت چۆنە، گرنگ ئەوەیە ناخت چۆنە، ئەمە بووە بەکلتوری باوو تا ئاستی ئەوەی گرنگە ناو مالّەکەت جوان و پاك بێت و گرنگ نیە رووکاری دەرەوەی مالّەکەت چۆن بێت، ئەم کێشەیە لەنێوان فۆڕم و ناوەڕۆکدا لە چەندین ئاست و بواری تردا دەردەکەوێت، بێ ئاگا لەوەی فۆڕم و ناوەڕۆك دووشتی پێکەوە گرێدراون و تاڕادەیەك فۆڕم بەرهەمی ناوەڕۆکە).

باسی دووەم

شیکردنەوەی زانیارییە سەرەکییەکانی توێژینەوەکە

وەك چۆن توێژینەوەکە هەوڵدەدات کاربکات بە ئاڕاستەی دۆزینەوەی کاریگەرییەکانی پیسبوونی ژینگەی بینراو لەسەر ڕەفتاری کۆمەڵایەتی، هەرواش لە شیکردنەوەی زانیارییە سەرەکییەکانی توێژینەوەکەدا توێژەر بەچوار تەوەر شیکاری زانیاریەکان دەکات کە لەئەنجامی پرسیارەکانی فۆڕمی ڕاپرسیەوە بەدەست هاتوون، تەوەرەکانیش لەسەر بنەمای دروستبوونی کردار داڕێژراون (هەست Feeling – بیروبڕواو ڕامان Thinking– کردار وجوڵەو ڕەفتار Acting) ئەمەش یارمەتی توێژینەوەکە دەدات بۆ دەرخستنی ئەو کاریگەریانە لەسەری و، دواجاریش لەئەنجامی ئەو بڕوایەوە کە هەیەتی کردارێك دەکات کە (ڕەفتارە دیار)ەکەیە و ڕەفتارێکە لە ژێر کاریگەریەکدا کراوە.

تەوەری کۆتاییش تەوەری پرسیارە کراوەکانە، کە بریتییە لە ڕای لێکۆڵراو سەبارەت بە دیاردەکانی پیسبوونی بینین و پێشنیار بۆ چارەسەرکردنیان.

تەوەری یەکەم:

ئەو پرسیارانەی پەیوەستن بە (هەست)ەوە.

خشتەی ژمارە (٩)

ڕادەی گونجانی شێوازی خانوو و شوێنی نیشتەجێبوون، لەگەڵ حەزەکانی نموونەی توێژینەوەکەدا

ڕادەی گونجان	ژمارە	ڕێژەی سەدی
زۆر	٢٥	٪٢٥
مامناوەند	٣٨	٪٣٨
کەم	١٩	٪١٩
هیچ	١٨	٪١٨
کۆی گشتی	١٠٠	٪١٠٠

خشتە ژمارە (٩) ئاماژە بەحەزی نموونەی توێژینەوەکە دەکات بەرامبەر بە نیشتەجێبوونیان لە خانووەکانیاندا و شێوازی ئەو خانووە، خشتەکە ئاشکرای دەکات (٣٨٪)ی نموونەی توێژینەوەکە بە شێوەیەکی مامناوەند پێیان وایە کە شێوازی خانووەکانیان لەگەڵ حەزەکانیان دەگونجێت، ئەمەش زیاتر ئەو راستییە دەخاتە روو کە خەڵکان ئەوەندەی بەلایانەوە گرنگە خانوویان هەبێت، هێندە

ئەوەیان بەلاوە گرنگ نیە کە خانووەکانیان چۆن بێت، ئەوەی جۆری خانوو دیاری دەکات باری ئابووریە نەک ویست و خولیا، بۆیە نموونەی توێژینەوەکە بەگشتی پێیان وایە خانووی نیشتەجێبوونیان بەشێوەیەکی مامناوەند دەگونجێت و ڕێژەیەکی بەرچاویش بە(کەم و هیچ) گوزارشت لە پێکەوە گونجانی حەز و خانووەکانیان دەکەن، ئەمەش زیاتر دەبێتە مەدلولی بەناچاری قبوڵکردنی شتێك، مرۆڤ گەر بەناچاری شتێکی قبوڵکرد توشی جۆرێك لە گوێ پێنەدان دەبێت لەسەرجەم ئاستەکانی ژیاندا، بۆیە گەر کەسێك بەناچاری خۆی لەخانوویەکدا بگونجێنێت وردە وردە توشی گوێ پێنەدان دەبێت لە پاکڕاگرتن و جوانکردنی خانووەکەدا، بەتایبەت لە ڕووکاری دەرەوەیدا و دواجاریش ئەمە بۆ ئاستەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی درێژ دەبێتەوە.

خشتەی ژمارە (١٠)

شوێنی هەستکردن بەجوانی ژینگە مادییەکەی دەوری نمونەی توێژینەوەکە

شوێنی هەستکردن بەجوانی	ژمارە	ڕێژەی سەدی
شوێنە گشتییەکان (پارك)	٤٣	٤٣٪
شوێنە تایبەتەکان (ماڵ)	٣٢	٣٢٪
هیچ شوێنێك	٢٥	٢٥٪
کۆی گشتی	١٠٠	١٠٠٪

خشتەی ژمارە(١٠) ئاماژە بەوە دەکات کە نمونەی توێژینەوەکە لە چ شوێنێکدا هەست بە جوانی ژینگە مادییەکەی چواردەوری دەکات. لەخشتەکەوە دەردەکەوێت کە (٤٣٪)نمونەی توێژینەوەکە لە شوێنە گشتی و باخچەکاندا هەست بەجوانی دەکەن، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە باخچەکان بە هۆی سەوزایی و گوڵوگوڵزارەوە لەژینگەی سروشتی دەچن و جوانییەکی سروشتیان هەیە کە مرۆڤ

بە بینینیان ئاسودە دەبێت، بە پێچەوانەی ماڵ و ژینگە دروستکراوەوە، کە ئەو هەستە ئاسودەییە نابەخشن کە بەرێژەی (٣٢٪)، ڕێژەیەکی تری ناو خشتەکە بریتییە لەوەی کە (٢٥٪)ی نمونەی توێژینەوەکە پێیان وایە لە هیچ شوێنێکدا هەست بەجوانی ناکەن، کە ئەمە شتێکی مەترسیدارە و بۆ نەمانی دیاردە جوانکاریەکان دەگەڕێتەوە، هەروەها بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئەم کەسانە بەهۆی بەردەوام ناشیرینی بینینەوە وایان لێهاتووە لە هیچ شوێنێکدا هەست بە جوانی نەکەن.

خشتەی ژمارە (١١)

هەستی نمونەی توێژینەوەکە لە کاتی بینینی جوانی شوێنەکاندا لەروی بیناسازییەوە

هەستکردن لەکاتی جوانی بینیندا	ژمارە	ڕێژەی سەدی ٪
دڵخۆشی و ئاسودەیی	٧٠	٪٧٠
ئاساییە	٢٨	٪٢٨
نائاسودەیی	٢	٪٢
کۆی گشتی	١٠٠	٪١٠٠

خشتەی ژمارە (١١)ئاماژە بەهەستی نمونەی توێژینەوەکە دەکات لەکاتی بینینی شوێنێکی خۆش یان جواندا لەرووی بیناسازییەوە، خشتەکە ئەوە روون دەکاتەوە کە بەڕێژەی(٧٠٪)ی نمونەی توێژینەوەکە لەم کاتەدا(دڵخۆش و ئاسودە)دەبن، ئەمەش تاڕادەیەك بەرچاوڕوونی دەبەخشێتە ئاڕاستەی توێژینەوەکە لەسەر ئەو بنەمایە خۆی بونیاد ناوە کە جوانی کاریگەری هەیە لەسەر

دڵخۆشی و هەموو بیریارانی دەروونناسی کۆمەڵایەتی و کۆمەڵناسانیش لەو باوەڕەدان مرۆڤ لەکاتی دڵخۆشیدا دەتوانێت پەیوەندی کۆمەڵایەتی بەهێز و ڕەفتاری ئاسایی بکات و گرفتەکانی کەمتر دەبێتەوە، گەر وێنەکە گەورەتر ببینین، هاوولاتیانی شارێکی جوان و خۆش خاوەنی پەیوەندی گەرمترن و کێشەکانیان کەمترە لەچاو هاوولاتییانی شارێکی ئاسایی یان ناشیرینداً، ئەمە بەو مانایەی کە جوانی و ناشیرینی بینین پەیوەندییەکی پتەوی بەهەستەوە هەیە و ڕەفتارەکانیش بەرهەمی هەستن .

خشتەی ژمارە (١٢)

هەست دەربڕینی نمونەی توێژینەوەکە لە کاتی ناشیرینی بینین و بینینی نەگونجاوی لە بیناسازی و شوێنە گشتییەکاندا.

هەستکردن لە کاتی ناشرینی بینیندا	ژمارە	ڕێژەی سەدی ٪
ئاساییە	٥	٥٪
پەست و تورەدەبم	٤٨	٤٨٪
ناڕەزایی دەردەبڕم	٤٧	٤٧٪
کۆی گشتی	١٠٠	١٠٠٪

خشتەی ژمارە (١٢) ئاماژە بە هەستی نمونەی توێژینەوەکە دەکات لە کاتی بینینی شوێنێکی ناشیرینی ونەگونجاو و ناڕێکوپێك وەك (بینای ناشیرین – شەقامی هەڵکەندراوی پڕلە چاڵوچۆڵی – حاویەی خۆڵ لەشوێنی گشتیدا) خشتەکە ئەوە روونەدەکاتەوە کە بەڕێژەی (٤٨٪)ی نمونەکە پێیان وایە (پەست و تورەدەبن) هەروەها بەڕێژەی (٤٧٪) پێیان وایە (ناڕەزایی دەردەبڕن) لێرەوە بەگشتی دەکرێت بوترێت ناشیرینی بینی کاریگەری هەیە لەسەر پەست بوون

و ناڕەزایی دەربڕین و دڵناخۆشی. بۆیە بێزاری و تورەبوون دەبێتە هۆی لاوازکردنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و ڕەفتاری ناڵاسایی بەرهەم دەهێنێت و گرفتەکان زیاتر دەکات، دیسانەوە گەڕوێنەکە گەورەتر ببینین هاوواڵتیانی شارێکی ناشیرین و ناخۆش پەیوەندی لاوازو پڕلە کێشە دەبێتە ناسنامەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانیان، کێشەکانیان زیاترە لەچاو هاوواڵتیانی شارێکی تردا ئەمە بەو مانایەی ناشیرینی بینین کاریگەری دەخاتە سەر هەست، ڕەفتارەکانیش بەرهەمی هەستەکانن. ئەمە دەمانگەیەنێتە سەلماندنێك: بینینی دیمەنێکی ناشیرین هەستێکی ناخۆش و بێزارکەر بەرهەم دەهێنێت و ئەم هەستەش دەبێتە بنەمای دروستبوونی ڕەفتارێکی ناکۆمەڵایەتی یان ناتەندروست کە زیان بە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان دەگەیەنێت.

خشتەی ژمارە (١٣)

ڕادەی زانیاری نموونەی توێژینەوەکە لەسەر ڕەنگ و شێوازی ڕێکخستنی جلوبەرگەکانی.

ڕادەی زانیاری لەسەر ڕەنگ و شێوازی ڕێکخستنی جلوبەرگ	ژمارە	ڕێژەی سەدی ٪
زۆر	٦٨	٪٦٨
کەم	٢٨	٪٢٨
گرنگی پێنادەم	٤	٪٤
کۆی گشتی	١٠٠	٪١٠٠

خشتەی ژمارە(١٣) ئاماژە بە زانیاری نموونەی توێژینەوەکە دەکات سەبارەت بەڕەنگ و شێوازی ڕێکخستنی جلوبەرگەکانیان. خشتەکە ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە (٦٨٪)ی نموونەکە پێیان وایە زانیاری زۆریان هەیە لەو بارەیەوە، ئەمە لە کاتێکدا (٢٨٪)ی نموونەکە پێیان وایە (کەم) زانیاریان هەیە. یەکێک لەو خاڵانەی کە دەکرێت ئاماژەی پێبدرێت ئەوەیە کە بەشی زۆری تاکەکانی

کۆمەڵگە پێیان وایە زانیاری تەواویان سەبارەت بەجلوبەرگەکان هەیە، بێ ئاگا لەوەی کە ئەگەر لە جلوبەرگەکانی خۆیان وردتر ببنەوە لەوە تێدەگەن کە زانیاریان کەمە و لە ژێرکاریگەری مۆدێل و باودان. ئەمە جگەلەوەی تاکەکانی کۆمەڵگەی کوردی لەرووی جلوبەرگ و ڕێکخستنی ڕەنگەکانەوە جۆرێک لە نەگونجاوی و بێزەوقی پێوە دیارە گەر لەرووی ئەکادیمیەوە سەریر بکرێت، بەڵام ئەمە یەکێکی تر لە دیاردەکانی پیسبوونی بینین کە هەست بەجوانی ناکرێت و جوان لە ناشیرین جیاناکرێتەوە، ئەمەش لە ڕاهاتنەوە دێت بە جۆرێک بینین. بەمانایەکی تر تاکەکانی ئەم کۆمەڵگەیە بەگشتی بەناشیرین بینین ڕاهاتوون، دواجار پێیان وایە ئەوەی دەیبینن ناشیرینە و بگرە زۆرجار ناشیرینەکانیش وەک جوانی دەبینرێت و بەردەوام بە هەمان شێوە شتەکانیان ڕێکدەخەنەوەو پێیان وایە زانیارییان هەیە و شتەکانیش گونجاو و جوانن.

خشتەی ژمارە (١٤)

هەستکردنی نموونەی تویژینەوەکە بە جوانی و ڕێکخستنی ڕەنگەکان لە شوێنە گشتییەکاندا

هەستکردن بەجوانی لە شوێنە گشتییەکاندا	ژمارە	ڕێژەی سەدی ٪
زۆر	٢٠	٪٢٠
مامناوەند	٣١	٪٣١
کەم	٢٩	٪٢٩
هیچ	٢٠	٪٢٠
کۆی گشتی	١٠٠	٪١٠٠

خشتەی ژمارە (١٤) ئاماژە بەڕای نموونەکە دەکات سەبارەت بەوەی کە تاچەند لە شەقام و باخچەو شوێنەگشتییەکاندا هەست بە جوانی و ڕێکخستنی ڕەنگەکان دەکات. خشتەکە ئەوە دەخاتەڕوو کە(٣١٪) بەشێوەیەکی مامناوەند و (٢٩٪) بەشێوەیەکی کەم. ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە هاوواڵتیان کەم هەست بەجوانی دەکەن ئەمە لە کاتێکدا کە دەکرێت بوترێت لە باخچەو هەندێك لە شوێنە گشتییەکاندا گرنگی بە جوانی و ڕێکخستن دراوە ، بەاڵم کەمەو لە ئاستی پێویستییەکانی خەڵك و دیمەنی شاردا نیە. جوانی

سیمای شار لە دیمەنی پارك و شوێنە گشتییەکاندا دەردەکەوێت، بەاڵم نموونەکە لەو شوێنانەدا بە کەمی هەست بەجوانی دەکەن، ئەمە لەکاتێکدا شوێنە گشتییەکان شوێنی کۆبوونەوەی تاکەکانی کۆمەڵگەو دروستبوونی پەیوەندییە کۆمەاڵیەتییەکانن، ناشیرینی شوێنەکان دەتوانن کاریگەریان هەبێت لەسەر پەیوەندییە کۆمەاڵیەتییەکان و ڕەفتاری کۆمەاڵیەتی تاکەکانی کۆمەڵگە.

تەوەری دووەم:

ئەو پرسیارانەی پەیوەستن بە (بیرو بڕوا و ڕامان)ەوە.

خشتەی ژمارە (١٥)

تێڕوانینی نمونەی توێژینەوەکە بۆ شارەکەیان

شێوازی تێڕوانین	ژمارە	ڕێژەی سەدی ٪
جوانە	١٥	٪١٥
ناشیرینە	٢٣	٪٢٣
ئاساییە	٦٢	٪٦٢
کۆی گشتی	١٠٠	٪١٠٠

خشتەی ژمارە (١٥) ئاماژە دەکات بەوەی کە نمونەی توێژینەوەکە ڕایان چۆنە دەربارەی شارەکەیان لە ڕووی (جوانی و ناشیرینییەوە). ئەوەی خشتەکە دەیخاتەڕوو ئەوەیە کە بەڕێژەی (٦٢٪)ی نمونەی توێژینەوەکە پێیان وایە کە شارەکەیان ئاساییەو ئاسایی بوون لە تێڕوانینی نمونەی توێژینەوەکەوە بۆ شار بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە ئەو خاڵانە نابینن کە وایان لێبکات بە شارەکەیان بڵێن جوانە، هەروەها بۆ ڕاهاتنی ئەم هاوشارییانە دەگەڕێتەوە کە بەجوانی و ناشیرینییەکانی شارەکەیان ڕاهاتون، بەڵام بەگشتی

ئەوەی جێگەی سەرنجە ڕێژەی ئەوانەی شارەکەیان بە ناشیرین دەزانن ڕێژەکەیان (٢٣٪) و زیاترن لە چاو ئەوانەدا کە شارەکەیان بەجوان دەزانن، چونکە ڕێژەیان (١٥٪). ئەمەش دیسانەوە بەڵگەیە بۆ کەمی سیمای جوانی شار لەم شارەدا.

خشتەی ژمارە (١٦)

گرنگیدانی نموونەی توێژینەوەکە بە شێوازی بیناسازی و ڕێگاوبان و شەقامەکان

گرنگیدان	ژمارە	ڕێژەی سەدی ٪
بەڵێ	٦٣	٦٣٪
نەخێر	٣٧	٣٧٪
کۆی گشتی	١٠٠	١٠٠٪

خشتەی ژمارە(١٦) ئاماژە بەگرنگیدانی نموونەی توێژینەوەکە دەکات سەبارەت بە شێوازی بیناسازی و ڕێگاوبان و شەقامەکان، کە ڕێژەی (٦٣٪) نموونەکە بە بەڵێ وەڵامیان داوەتەوە، بەو مانایەی ئەم شتانە جێگەی گرنگین بۆیان، ئەمەش لە ڕەوشی ئاسایی کۆمەڵگەدا هەستی پێدەکرێت بەوەی کە زۆرینەی خەڵك ڕای تایبەتیان لەسەر شێوازی بیناسازی و شەقام و سیماکانیتری شار هەیە و بوەتە یەکێك لە خەسڵەتەکانی قسەو باسەکانی خەڵکی ئەم شارە کە بەردەوام لە ناوخۆیاندا و لە ناو سەرجەم چین و توێژەکاندا باس لە خراپی و بێ پلانی و ناشیرینی سیماکانی شار دەکرێت، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە بەشی زۆری خەڵك گرنگی

بەم شتانە دەدەن. بەمانایەکی تر سیمای شار جێگای گرنگی خەڵکە، لە هەمان کاتدا ڕێژەیەکی بەرچاویش هەیە گەرەوشەکەی بەلاوە گرنگ نیە، زیاتر لەدەرەنجامی بەردەوام بوون و درێژەکێشانی ئەو بارودۆخەیە و جۆرێکە لە ڕاهاتن و بێزاربوون و تا وای لێهاتوە(٣٧٪)ی نموونەی توێژینەوەکە بەلایانەوە ئاسایی بێت سیمای شارەکەیان هەرچۆنێکە و پێیان وایە شێوازی بیناسازی و ڕێگاوبانەکان جێگەی گرنگی نین بۆ ئەوان.

خشتەی ژمارە (١٧)

ئەو شوێنانەی نموونەی توێژینەوەکە بەردەوام هاتوچۆی لێوە دەکەن و سەرنجیان رادەکێشێت یان نا.

سەرنجدان	ژمارە	ڕێژەی سەدی ٪
سەرنجم ڕادەکێشن	٢٥	٪٢٥
ئاسایی ڕەتدەبم بەلایاندا	٧٥	٪٧٥
کۆی گشتی	١٠٠	٪١٠٠

خشتەی ژمارە (١٧) ئاماژە دەدات بەوەی کە ئایا نموونەی توێژینەوەکە بەردەوام سەرنج لەو چوارچێوەیە دەدەن کە تیایدان، یان هەر ئاسایی بەلایدا ڕەت دەبن، ئەمەش لە ڕێگەی خشتەکەوە بۆمان دەردەکەوێت کە (٧٥٪)ی نموونەی توێژینەوەکە ئاسایی بە شەقام و ئەو شوێنانەدا ڕادەبورن و شوێنەکان سەرنجیان ڕاناکێشێت، ئەمیش بەڕوای توێژەر بۆ چەند خاڵێك دەگەڕێتەوە، لەوانە ڕاهاتن یەکێکە لە خەسڵەتەکانی مرۆڤ. کەسێك کەبەردەوام بەشێوێنێکدا ڕەت دەبێت بە جورێك لە جۆرەکان رادێت بە بینینی ئەو شوێنە و هەمیشە سەرنجی دەدات، لەلایەکی ترەوە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە ئەم

شارە بەشێوەیەکی گشتی ماتە و جۆڵەی بیناسازی و فراوانبوونی شەقام و ڕەنگ و دیزاین تیایدا لاوازە، ئەم لاوازیەش وادەکات کە مرۆڤ کەمتر شتەکان هەست پێبکات و جۆڵەکان لەوە خاوترن سەرنج رابکێشن، ئەمە جگە لەوەی بەگشتی سیمای شار جوانی کەم تیایە، لە کاتێکدا ئاشکرایە سیمای جوانی لە شاردا یەکێکە لە فاکتەرەکانی سەرنج ڕاکێشان.

خشتەی ژمارە (١٨)

ڕای نموونەی توێژینەوەکە سەبارەت بە پاکی ژینگەکەیان

پاکی ژینگە	ژمارە	ڕێژەی سەدی ٪
زۆر	٢	٪٢
مامناوەند	١٠	٪١٠
کەم	٤٦	٪٤٦
هیچ	٤٢	٪٤٢
کۆی گشتی	١٠٠	٪١٠٠

خشتەی ژمارە (١٨) ئاماژە دەکات بەڕای نموونەی توێژینەوەکە سەبارەت بە ژینگە و نموونەکە پێیان وایە کە ژینگەکەیان ژینگەیەکی پاك نیەو ئەمیش بەوەی کە(٤٦٪)دەڵێن کەم پاکەو

(٤٢٪) ش دەڵێن هیچ پاك نیە، ئەمە لە كاتێكدا ئاشكرایە مرۆڤ ئەو چوارچێوەیەی كە تیایدا دەژی و زۆر جار بۆی دەبێتە داڕێژەری قۆناغەكانی ژیانی. بیرمەندان و كۆمەڵناسە كلاسیكەكان پێیان وابووە ئەوەی دەستنیشانی ژیانی كەسێك دەكات ژینگەكەیەتی، هەرچەندە لە ئێستادا كۆمەڵناسەكان كەمتر ئەم بڕوایەیان هەیە و پێیان وایە ژینگەش وەك یەكێكی تر لە هۆكارەكان كاریگەرە لە ژیانی كۆمەڵایەتیدا. هەستكردن بە پیسبوونی ژینگە هەستكردنە بە مەترسی ژیان و جۆرێك لە نائومێدی بەرهەم دەهێنێت، هەستكردن بە نزیك بوونەوە لە مەرگ و مەترسی كەوتنە سەر ژیانی كەسان هەندێك جار هەوڵی جدی بەرهەمدەهێنێت بۆ چارەسەر و هەندێك جاریش تەسلیم بوون و بێ هیوایی وەك ئەوەی ئێستا كۆمەڵگەی كوردیی گرتۆتەوە. ئەمە لە كاتێكدایە ئەم هەستە گشتگیرە بوونی هەیە، بەڵام بەبێ ئەوەی تاكەكانی ئەم كۆمەڵگەیە بە خۆیان بزانن بەشدار و هۆكارن لە پیسبووندا.

خشتەی ژمارە (١٩)

رای نمونەی توێژینەوەكە سەبارەت بە هۆكاری پیسبوونی ژینگە

هۆكاری پیسبوونی ژینگە	ژمارە	رێژەی سەدی٪
نەبوونی هۆشیاری	٧٠	٧٠٪
هۆكاری سیاسی	١٥	١٥٪
هۆكاری پیشەسازی و ئابووری	١٥	١٥٪
كۆی گشتی	١٠٠	١٠٠٪

خشتەی ژمارە(١٩) رای نمونەی توێژینەوەكە دەخاتە ڕوو لە دەست نیشانكردنی هۆكاری پیسبوونی ژینگە، كە توێژەر سێ هۆكاری سەرەكیی دیاری كردووە(نەبوونی هۆشیاری، هۆكاری سیاسی، هۆكاری پیشەسازی و ئابووری)، زۆرینەی نمونەی توێژینەوەكە بەڕێژەی (٧٠٪) پێیان وایە هۆكاری پیسبوونی ژینگە بۆ نەبوونی هۆشیاری دەگەڕێتەو، هەرچەندە(پیسبوونی ژینگە) بە

مانا نوێیەکەی یەکێکە لە دیاردەکانی دوای شۆڕشی پیشەسازی و مەترسی لەسەر ژیانی مرۆڤایەتی لەدوای جەنگەکان و زۆربوونی پیشەسازییەوە دەرکەوت، بەڵام بەشێك لە بیریارەکان ئاماژە بەوە دەدەن کە لە وڵاتانی تازە پێشکەوتودا و لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ئەوەی زیاتر دەبێتە هۆکاری دروستبوونی پیسبوونی ژینگە نەبوونی هۆشیارییە، کەمیی هۆشیاری رۆڵێکی گرنگی لە پیسکردنی ژینگەدا هەیە، ئەو پاشماوانەی کەلەخاکدا شینابنەوە وەك(قتوی فافۆن و شوشە و پلاستیك) کە زیان بەخاك دەگەیەنن ئەمە جگە لەرەهەندە جوانی بینیەکەی کە پیسبوونی بینین بەرهەمدەهێنێت. هەروەها دوکەڵی ئوتۆمبێل و سوتانی خۆڵ و..هتد، جۆرێکن لەلاوازی لایەنی هۆشیاریی هاوواڵتیان و تاکەکانی کۆمەڵگە.

خشتەی ژمارە (٢٠)

رای نمونەی توێژینەوەکە سەبارەت بەوەی دەسەڵاتی سیاسی و کارگێڕی تا چەند هەوڵی جوانکردنی شاریان داوە

هەوڵدان بۆ جوانکردنی شار	ژمارە	رێژەی سەدی ٪
مامناوەند	٢٠	٪٢٠
کەم	٦٢	٪٦٢
هیچ	١٨	٪١٨
کۆی گشتی	١٠٠	٪١٠٠

خشتەی ژمارە (٢٠) رای نمونەی توێژینەوەکە دەردەخات سەبارەت بەوەی تاچ ڕادەیەك دەسەڵاتی سیاسی و کاگێڕی هەوڵی داوە بۆ جوانکردنی شارو پاکڕاگرتنی ژینگە، خشتەکە ئەوە روون دەکاتەوە کە بەرێژەی (٦٢٪)ی نمونەی توێژینەوەکە پێیان وایە کە (کەم) هەوڵی داوە، هەروەها رێژەیەکی تر بە (١٨٪) پێیان وایە کە (هیچ) هەوڵی نەداوە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە تاکەکانی کۆمەڵگە بەشێکی زۆری بەرپرسیارێتی لە پیسبوونی ژینگە بۆ سیستمی سیاسی دەگێڕنەوە، لە کاتێکدا ئاشکرایە لەناو بونیادی

کۆمەڵایەتی هەر کۆمەڵگەیەکدا سیستمی سیاسی رۆڵی بەرچاوی هەیەو دەتوانێت گۆڕان دروست بکات، بەڵام لێرەدا نموونەی توێژینەوەکە پێی وایە دەسەڵاتی سیاسی و ئیداری کەمترین هەڵی داوە، کەئەمە لە خۆیدا جۆرێکیشە لە ناڕەزایی تاك بەرامبەر بە دەسەڵات.

خشتەی ژمارە (٢١)

جوانی و ناشیرینی شوێنی نیشتەجێبوونی نموونەی توێژینەوەکە تاچەند کاریگەری لەسەر رەفتاریان هەیە.

جوانی و ناشیرینی بینین و کاریگەری لەسەر رەفتار	ژمارە	رێژەی سەدی ٪
زۆر	٤٨	٤٨٪
مامناوەند	٣٣	٣٣٪
کەم	١٤	١٤٪
هیچ	٥	٥٪
کۆی کشتی	١٠٠	١٠٠٪

خشتەی ژمارە (٢١) ئاماژە بە ڕای نموونەی توێژینەوەکە دەدات سەبارەت بەوەی کە تاچەند جوانی و ناشیرینی ئەو شوێنانەی کە تیایدا دەژی کاریگەری لەسەر رەفتاری هەیە. خشتەکە ئەوە ئاشکرا دەکات کە رێژەی (٤٨٪)ی نموونەکە پێیان وایە کە زۆر کاریگەری هەیە و رێژەی (٣٣٪) پێیان وایە بەشێوەیەکی مامناوەند کاریگەری هەیە. لە ئەنجامی شیکاری ئەم خشتەیەدا دەردەکەوێت

نموونەکەش پێیان وایە جوانی و ناشیرینی کاریگەری لەسەر رەفتار هەیە و ئەمەش ئاڕاستەی توێژینەوەکە روونا‌کات کە دەکرێ ئەگەر شوێنێك توشی پیسبوونی ژینگەی بینراو بووبێت پەیوەندی تاکەکانی ئەو شوێنە لاوازبێت و کاری کردبێتە سەر رەفتاری کۆمەڵایەتییان، بەپێچەوانەشەوە تاکەکانی دانیشتوی شوێنێکی جوان خاوەن پەیوەندییەکی کۆمەڵایەتی بەهێزن و رەفتارە کۆمەڵایەتییەکانیان ئاسایی و تەندروستە.

خشتەی ژمارە (٢٢)

رای نموونەی توێژینەوەکە سەبارەت بە بوونی کاریگەری پیسبوونی ژینگە لەسەر پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان.

ئایا پیسبوونی ژینگە کاریگەری لەسەر پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان هەیە ؟	ژمارە	ڕێژەی سەردی ٪
بەڵێ	٩٣	٪٩٣
نەخێر	٧	٪٧
کۆی گشتی	١٠٠	٪١٠٠

خشتەی ژمارە (٢٢) ئاماژە بە ڕای نموونەی توێژینەوەکە دەکات سەبارەت بە پیسبوونی ژینگە لەسەر پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، ئەمەش لە ئەنجامی خشتەکەوە دەردەکەوێت کە ڕێژەی (٩٣٪)ی نموونەی توێژینەوەکە بە بەڵێ وەڵامیان داوەتەوە کە بەڵێ کاریگەری هەیە. ئاشکرایە کە بەشێك لە رەفتاری هەر مرۆڤێك وابەستەی بوونیەتی لەو شوێنەدا هەروەها شێوازی رەفتارەکانیشی زۆرجار

بەرهەمی جۆرێکن لەو پێویستییە ژیانیەی کە ژینگەکەی بۆی دروستکردوە، ئەمە لەکاتێکدا دەتوانین رەفتاری بیابان نشینەکان لە سەهۆڵبەندەکان جیابکەینەوە، پیسبوونی ژینگەش لەمڕۆدا کە زۆر باسی لێوە دەکرێت و کە بوەتە دیاردەیەکی جیهانی و لە تەواوی گۆی زەویدا باسی لێوە دەکرێت ئەگەری هێنانە پێشەوەی جۆرێك لە رەفتاری هەیە، لەکاتێدا ئاشکراو زانراوە کە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان زادەی جۆرێك لە رەفتاری بەرامبەرن لەلایەن دوو تاکەوە بەشێوەیەکی فەرمی یان نا فەرمی، کاتێك رەفتار دەگۆڕێت بە دڵنیاییەوە پەیوەندییەکانیش گۆڕانیان بەسەردادێت. بەشێك لە بیریاران و مێژوونوسان هۆی سەرهەڵدانی بیرە نەمرەکان لە هەریەکە لە وڵاتانی (میزۆپۆتامیا — میسری کۆن - یۆنان) بۆ سازگاریی ژینگەکەی دەگێڕنەوە، بەڵام ئەی لە ئێستادا وڵاتێکی وەك عێراق وەك بەشێك لە میزۆپۆتامیای دێرین دەشێت جگە لە بەرهەمهێنانی تووندوتیژی و سەرجەم بیرە زیانمەندەکان چیتری لێبەرهەمبێت. ئەم توێژینەوەیە زیاتر جەخت لەسەر کاریگەریی جوانی بینین و پیسوونی ژینگەی بینراو دەکاتەوە لەسەر رەفتاری کۆمەڵایەتی و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان. لێرەوە توێژەر بۆی دەردەکەوێت

پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان تاڕادەیەکی زۆر وابەستەی جوانی و پاکی ژینگەن، هەمیشە جوانی دیمەنەکان گەرمی پەیوەندییەکانی لێدەکەوێتەوە.

تەوەری سێیەم:

ئەو پرسیارانەی پەیوەستن بە (کردارو جوڵەو رەفتار)ەوە..

خشتەی ژمارە (٢٣)

گرنگیدانی نموونەی توێژینەوەکە بە جوانی ڕێکخستن لە شوێنی نیشتەجێبونیاندا

ڕادەی گرنگیدان	ژمارە	ڕێژەی سەدی ٪
زۆر	٥٣	٪٥٣
مامناوەند	٣٣	٪٣٣
کەم	١٠	٪١٠
هیچ	٤	٪٤
کۆی گشتی	١٠٠	٪١٠٠

خشتەی ژمارە(٢٣) ئاماژە بە ڕادەی گرنگیدانی نموونەی توێژینەوەکە دەکات لە جوانکردن و ڕێکخستنی شوێنی نیشتەجێبوونەکەیدا. ئەوەی خشتەکە ڕوونی دەکاتەوە ئەوەیە کە ڕێژەی (٥٣٪)ی نموونەی توێژینەوەکە دەڵێن زۆر گرنگی بە جوانی و ڕێکخستن دەدەین ئەمەش زیاتر ناو مااڵ دەگرێتەوە. ئاشکرایە زۆرینەی خەڵك زیاتر لەناو ماڵدا گرنگی بە جوانی و پاکڕاگرتنی

ماڵ دەدەن، بەاڵم لە ڕووکاری دەرەوەی خانوەکەوە گونجانی ڕەنگ و دیزاینەکەی و بەردەرگاو کۆاڵن بەگرنگی نازانن و بەاڵیانەوە پێویست نیە، ئەمەش زیاتر بە شێوەیەکی واقعی و لە ڕەوشی ژیانی کۆمەاڵگەدا دەردەکەوێت.

خشتەی ژمارە (٢٤)

نموونەی توێژینەوەکە لەسەر شەقامەکان پیسی و پاشەڕۆکانیان فڕێ دەدەن

فڕێدانی پاشماوە	ژمارە	ڕێژەی سەدی
فڕێی دەدەم	٢٧	٪٢٧
دەگەڕێم تا دەیکەمە سەبەتەی خۆاڵوە	٧٣	٪٧٣
کۆی گشتی	١٠٠	٪١٠٠

خشتەی ژمارە(٢٤) ئاماژە بە ڕەفتاری نموونەی توێژینەوەکە دەکات، کاتێك بە شەقامێکدا ڕەت دەبن و پاشماوەیەکیان پێیە، ئاخۆ فڕێی دەدەن یان دەگەڕێن بۆ سەبەتەی خۆاڵ و دەیخەنە ناوی. خشتەکە ئاماژە بەوە دەکات کە ڕێژەی (٧٣٪)ی نموونەی

توێژینەوەکە دەڵێن: (دەگەڕێین تا سەبەتەی خۆڵێك دەدۆزینەوە و دەیخەینە ناوی)، لەبەرامبەردا تەنها ڕێژەی (٢٧٪)دەڵێن: (فڕێی دەدەین). لێرەدا توێژەر دەگەڕێتەوە بۆ وتەیەکی گەورە کۆمەڵناسی عێراقی(د. عەلی وەردی) کە دەڵێت: شێوازی دابەشکردنی فۆرم و کۆکردنەوەی زانیاری لە لێکۆڵراوەوە لەسەر بنەمای فۆرم بۆ عێراق باش نیە، هێندەی تێبینی کردنی توێژەر لە کۆمەڵگەدا دەیانگەیەنێت بە راستی. توێژەر پێی وابوو کە وەڵامەکانی ئەم پرسیارە ئەگەری هەیە گەر بەراوردی بکەین بەڕەوشی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگە و ڕەفتاری تاکەکان وەك یەك نەبن، هەر بەو شێوەیە خشتەکەش ئەوە دەسەلمێنێت کە لەم پرسیارەدا لێکۆڵراو پێی وایە ئەگەر راستییەکە بڵێت بە چاوێکی کەم سەیر دەکرێت یان ڕەنگە سزا بدرێت، بۆیە ئەو وەڵامە هەڵدەبژێریت کە ڕەفتارە تەندروستەکەیە و پێچەوانەی ڕەفتاری خۆیەتی. گەر لە ڕەفتاری تاکەکان ووردبینەوە لە کۆمەڵگەدا دەبینین زۆرینەی جار پاشماوەکانیان فڕێ دەدەن بەبێ ئەوەی گوێ بدەنە ئەوەی کە ئەو ڕەفتارەیان دەبێتە هۆی پیسکردنی ژینگە و جوانی دەشێوێنێت، بەڵام خشتەکە پێچەوانەی واقعمان پێ دەڵێت.

خشتەی ژمارە (٢٥)

نموونەی توێژینەوەکە ئەگەر بیانەوێت کەسێکی ئازیزیان ببینن چ شوێنێك هەڵدەبژێرن

هەڵبژاردنی شوێنی یەکتر بینینەکە	ژمارە	ڕێژەی سەدی ٪
شوێنێکی جوان (باخچەیەك)	٤٧	٪٤٧
هەرشوێنێك بێت	٣٣	٪٣٣
مالّەوە	٢٠	٪٢٠
کۆی گشتی	١٠٠	٪١٠٠

خشتەی(٢٥) ئاماژە بەرای نموونەی توێژینەوەکە دەکات سەبارەت بەوەی ئایا گەر بیەوێت کەسێکی ئازیزی ببینێت چ شوێنێك هەڵدەبژێرێت. خشتەکە ئەوە ڕوونەدەکاتەوە کە زۆرینەیان بەڕێژەی(٤٧٪) پێیان وایە شوێنێکی جوان وەك باخچەیەك هەڵدەبژێرن ئەمەش دوو مانای هەیە، مانای یەکەم هەڵبژاردنی شوێنێکی جوان بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە مرۆڤ لەشوێنێکی جواندا

جۆرێك لە ئاسودەیی دەروونی بۆ دروست دەبێت و رەفتاری ئاسایی دەکات و پەیوەندی پتەوی لێبەرهەمدێت، هەروەها مانای دووەمیش هەڵبژاردنی باخچەیەك بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە باخچە بریتییە لە شوێنێك کە زیاتر لە ژینگەی سروشتییەوە نزیکەو هارمۆنیەت هەست پێدەکرێت و شوێنێکە مرۆڤ تیایدا توشی پیسبوونی بینین نابێت.

خشتەی ژمارە (٢٦)

نموونەی توێژینەوەکە پاشماوەکەیان فڕێدەدەن ئەگەر شەقامەکە پاك و جوان بێت.

پاشماوە فڕێدەدەیت ئەگەر شەقامەکە پاك و جوان بێت.	ژمارە	ڕێژەی سەدی ٪
بەڵێ	٥	٪٥
نەخێر	٩٥	٪٩٥
کۆی گشتی	١٠٠	٪١٠٠

خشتەی ژمارە (٢٦) رای نموونەی توێژینەوەکە دەخاتە روو سەبارەت بەوەی ئەگەر پاشماوەیەکیان پێبوو و ویستیان فڕێی بدەن، بەڵام شەقامەکە زۆر پاك و جوان بوو، هەر فڕێی دەدەن؟ خشتەکە

ئەوە دەردەخات کە بەڕێژەی (٩٥٪)ی نموونەکە دەڵێن نەخێر فڕێی نادەین، ئەمەش بۆ ئەو کاریگەریە راستەوخۆو بە هێزەی جوانی شوێن دەگەڕێتەوە لەسەر رەفتار، توێژەر لێرەدا ئەوەندەی ویستویەتی بەشێوەیەکی سادە بگاتە ئەو راستیەی کە تاچەند ئەو کاریگەریە بەهێزە، نەیویستوە جۆری رەفتارەکە دیاری بکات، چونکە ئەوەندەی کاریگەری کردە سەر جۆرێکی رەفتار کەواتە کاردەکاتە سەر سەرجەم جۆرەکانی تری رەفتار (لە پەرچە رەفتارەوە تا دەگاتە رەفتاری کۆمەڵایەتی). دیسانەوە ئەمە بۆ هێزی کاریگەری دیمەنی شوێن لەسەر رەفتاری کۆمەڵایەتی تاك دەگەڕێتەوە.

خشتەی ژمارە (٢٧)

نموونەی توێژینەوەکە پاشەڕۆکانیان فڕێدەدەن ئەگەر شەقامەکە پیس و ناشیرین بێت.

پاشماوە فڕێدەدەیت ئەگەر شەقامەکە پیس و ناشیرین بێت.	ژمارە	ڕێژەی سەدی ٪
بەڵێ	٤٧	٪٤٧
نەخێر	٥٣	٪٥٣
کۆی گشتی	١٠٠	٪١٠٠

خشتەی ژمارە (٢٧) ڕای نموونەی توێژینەوەکە دەخاتە ڕوو سەبارەت بەوەی ئەگەر پاشماوەیەکیان پێبوو و ویستیان فڕێی بدەن، بەڵام شەقامەکە زۆر پیس بوو و پاشەڕۆی تریشی لێبوو هەر فڕێی دەدەن. بەگشتی ئەم خشتەیە و وەڵام و شیکارەکەی وابەستەی خشتەی پێشووە تاوەکو ڕادەی ئەو جیاوازییە هەست پێبکرێت کە بەهۆی گۆڕان لەجوانیدا دروست دەبێت، خشتەکە ئاماژە بەوە دەکات کە ڕێژەی (٤٧٪)ی نموونەکە بەهۆی پیسی شەقامەکانەوە

پاشماوەکانیان فڕێدەدەن لە کاتێکدا لە خشتەی پێشوودا بەهۆی پاکی و جوانی شەقامەکەوە تەنها (٥٪)یان پاشماوەکانیان فڕێدەدا، بەڵام لەم دۆخەدا بەهۆی پیسیی شەقام و ناشیرینیەوە ڕێژەکە چەند بەرابەر بەرز بوەتەوە، کە جارێکی تر ئەمە ڕاستی و کاریگەریی پیسبوونی بینین لەسەر ڕەفتار دەردەخات.

تەوەری چوارەم:

پرسیارە کراوەکان (دیاردەکانی پیسبوونی بیئین و پێشنیار بۆ چارەسەرکردن)...

دەرەنجامی پرسیاری (٢٨)

هەندێك لە دیاردەو رووکارەکانی پیسبوونی ژینگەی بینراو کە نمونەی توێژینەوەکە لە کاتی بینینیاندا هەست بە ناڕاسودەیی دەکات.

١- ناڕێکی شەقامەکان و هەڵکەندراوییان و بوونی تاسەی جۆراوجۆر.

٢- رشتنی خۆڵ و خاشاك لەناو بازاڕ و شەقام و کۆڵانەکاندا.

٣- باخچەی بێ خزمەت و بوونی دیزاینی ناشیرین.

٤- نەگونجاوی لە شێوازی خانووی گەڕەکەکاندا.

٥- قەرەبالغی شەقامەکان (تێکەڵبوونی هەموو شێوەو جۆرە جیاوازەکانی سەیارەو ماتۆڕو..هتد).

٦- بوونی مۆلیدە لەناو کۆڵانەکاندا.

٧- تێکەڵاوبوونی ناوچەی حکومی وئەهلی (بوونی بینای حکومی لە ناوچەی ئەهلیدا).

٨- دانانی مۆلیدە لەسەر شەقام و بەردەم دوکاندا.

٩- بوونی کارگە لە نزیك شارو لەناو کۆڵانەکاندا.

١٠- بینای روخاوو، یان تازە دروستکراوی تەواونەکراو و وازلێهێنراو.

١١- تەسکی ئاسۆی بینین لە شوێنە گشتییەکان و بازاڕەکاندا.

١٢- ناشیرینی دیزاین و نەبوونی هیچ مۆدێلێکی باوو فەرمی تا ناوچەکانی پێبناسرێتەوە و گوزارشت بێت لە کلتوری ئەو شارە.

١٣- نەگونجاندنی ڕەنگ لە رووکاری دەرەوەی بیناکاندا.

١٤- ریکلام و پۆستەری دڕاوو و ناهونەری بەدیواری بیناو شەقامەکاندا.

١٥- قەسابخانە لەسەر شەقامەکان و دیمەنی هەڵواسینی گۆشت.

١٦- نەگونجاوی لە نێوان بازاڕەکاندا (جیانەکردنەوەی گوزەرەکان و تێکەڵ بوونی پیشە جیاوازەکان).

١٧- ناڕێکی لە ناشتنی نەمام و جۆری نەمامەکان و درەختی سەر شەقامەکاندا.

١٨- بوونی وایەری زۆر بە ئاسمانی شەقام و کۆڵانەکاندا بەتایبەت وایەری مۆلیدە.

١٩- جیانەکردنەوەی شوێنی پیادەو پاسکیل و سەیارەو پاس لە شەقامەکاندا.

٢٠- تاریکی لەشەودا کەسیمای شار بۆ گوند دەگۆڕێت.

٢١- بەکارهێنانی ڕەنگی تاریك و مات لە جلوبەرگدا.

٢٢- بوونی عەرەبانە لەناو بازاڕەکاندا.

٢٣- فرۆشتنی چەك لەناو بازاڕدا.

٢٤- بوونی دیوارە ئەمنیەکان.

٢٥- زیادەڕۆیی دوکانداڕەکان و هێنانەدەرەوەی کالاکان کە شۆستەکان بەرتەسك دەکەنەوە.

٢٦- لافیتەی ڕەش لە زۆرینەی شوێنەکاندا و بەجێهێشتن و لێنەکردنەوەی لە دواتردا.

٢٧- لانەبردنی کەل وپەل و پاشماوەی دروستکردنی بینا.

٢٨- شت فرۆشتن لەسەر زەوی.

٢٩- نووسینی سەردیوارەکان.

رای نموونەی توێژینەوەکە بۆ چارەسەر و پاکڕاگرتنی ژینگەو جوانکردنی شار.

١- هۆشیاری کۆمەڵایەتی و ژینگەیی خەڵك بەرز بکرێتەوە لە ڕێگەی (پەروەردە – ڕاگەیاندن – وەرك شۆپ).

٢- شارێکی نوێ دروست بکرێت.

٣- ڕۆحی هەستکردن بە بەرپرسیارێتی لای تاکەکانی کۆمەڵگە دروست بکرێت.

٤- حکومەت هەوڵی بەردەوام پاراستن و پاکڕاگرتنی شار بدات.

٥- دانانی غەرامە بۆ ئەوانەی ژینگە پیس دەکەن و شتومەك فڕێ دەدەنە سەر شەقامەکان.

٦- دانانی پلانی زانستی و عەقلانی و مۆدێرن بۆ شار.

٧- سەوزکردنی شار.

٨- کاراکردنی دەزگاکانی ژینگە پارێزی.

٩- دانانی شوێنی تایبەت بۆ فڕێدانی خۆڵ.

١٠- پاراستنی ژینگە بە هۆی دەقی یاساییەوە.

١١- دانانی کەسی پسپۆڕ لەو شوێنانەدا کە پەیوەندیان بە ژینگەوە هەیە.

١٢- گەشەپێکردنی شار بەشێوەیەکی ئەندازەیی.

١٣- رووناککردنەوەی شار لە شەودا.

١٤- بەرزکردنەوەی پلەوپایەی کۆمەڵایەتی و ئابووریی ئەو کەسانەی کە ژینگەپارێزن.

١٥- دابینکردنی کارەبا و لابردنی مۆلیدەکان.

١٦- جیاکردنەوەی پیشەوەران لە یەکتری و دوورخستنەوەیان بۆ دەرەوەی شار.

١٧- ڕاهێنانی خەڵك لەسەر چێژ وەرگرتن لە ڕەنگ و جوانی.

باسی سێیەم:

ئەنجامی گریمانەکان..

یەکەم: لەئەنجامی ئەو زانیارانەی لە خشتەی ژمارە (١٤)ەوە دەردەکەوێت، ئەوە دەسەلمێنن کە مرۆڤ بەشێوەیەکی بەردەوام سەرنج لەو چوار چێوەیە نادا کە دەوری داوە و هەر ئاسایی بەلایاندا ڕەت دەبێت، ئەمەش لە خشتەکەوە دەردەکەوێت کە (٧٥٪)ی نموونەی توێژینەوەکە ئاسایی بەشەقام و شوێنەکاندا ڕادەبورن و شوێنەکان سەرنجیان ڕاناکێشن، ئەمەش ڕاستیی گریمانەکە دەسەلمێنێت کە دەڵێت: (مرۆڤ هەمیشە سەرنج لە هەموو شتەکانی دەوری نادات و ئاسایی بەلایاندا ڕەت دەبێت).

دووەم: لەئەنجامی ئەو زانیارییانەی کە خشتەی ژمارە (١٧) دەیبەخشنە توێژینەوەکە دەردەکەوێت کە دەسەڵاتی سیاسی و کارگێڕی (حکومەت - شارەوانی) کەمترین هەوڵی بۆ جوانکردن و پاکڕاگرتنی شار داوە، ئەمەش بەرێژەی (٦٢٪)ی نموونەی توێژینەوەکە پێیان وایە (کەم) هەوڵدراوە و ڕێژەی (١٨٪)پێیان وایە (هیچ) هەوڵنەدراوە، ئەمەش بەشێوەیەکی نێگەتیڤ ڕای نموونەی توێژینەوەکەیە لەسەر دەسەڵاتی کارگێڕی و هەروەها گریمانەکەشی

سەلماندوە کە دەڵێت: (دەسەڵاتی سیاسی و کارگێڕی کەمترین هەوڵی بۆ جوانکردنی شارداوە). ئەمەش بۆ کەم ئەزموونی و هەستنەکردنی بەرپرسیارێتی و نەبوونی پلانی شارستانییەکە بە شێوەیەکی گونجاو لە خزمەتی هاوواڵتیاندا بێت.

سێیەم: ئەنجامەکانی خشتەی ژمارە (١٩) راستی ئەو گریمانەیە دەسەلمێنێت کە دەڵێت: (جوانی بینی کاریگەری لەسەر ئارامی دەروونی هەیە)، ئەمەش بەو شێوەیەی کە ڕێژەی (٧٠٪)ی نموونەی توێژینەوەکە پێیانوایە لەکاتی بینینی شوێنێکی جوان لە ڕووی بیناسازییەوە (دڵخۆش و ئاسودە) دەبن، هەروەها بەپێچەوانەشەوە بەپێی خشتەی ژمارە(٢٠) ئەوانەی شوێنێك یان شتێکی ناشیرینی وەك (بینای ناشیرین - شەقامی هەڵکەندراو و پڕلە چاڵوچۆڵی - حاویەی خۆڵ لەشوێنی گشتیدا) دەبینن (پەست و تورە دەبن) بەڕێژەی (٤٨٪)، هەروەها (ناڕەزایی دەردەبڕن) بەڕێژەی (٤٧٪)، لێرەوە بەگشتی دەکرێت بوترێت ناشیرینی بینی کاریگەری لەسەر پەست بوون و ناڕەزایی دەربڕین و دڵناخۆشی هەیە.

چوارەم: لەئەنجامی زانیاریەکانی خشتەی ژمارە (٢٤)ەوە دەردەکەوێت کە گریمانەی (شوێنی نیشتەجێبوون کاریگەری لەسەر

ڕەفتاری مرۆڤ هەیە) بەوەی کە بەڕێژەی (٤٨٪)ی نموونەکە پێیان وایە (زۆر) و ڕێژەی (٣٣٪) پێیان وایە بەشێوەیەکی (ماماناوەند) کاریگەری هەیە، ئەمەش بەو مانایەی جوانی و ناشیرینی شوێنی نیشتەجێبوون پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی بە کردەوەو ڕەفتاری مرۆڤەوە هەیە.

پێنجەم: گریمانەی (جوانی"پاکی"، کاریگەری لەسەر مرۆڤ بۆ پاراستنی جوانی شوێن هەیە)، ڕاستییەکەی بە هۆی خشتەی ژمارە (٢٥)ەوە سەلماوە کە ڕێژەی (٩٥٪)ی نموونەکە دەڵێن: پاشماوەکانیان لەسەر شەقامەکان فڕێ نادەن ئەگەر هاتو شەقامەکە پاك و جوان بێت، ئەمەش دیسانەوە بۆ بەهێزی کاریگەری جوانی دەگەڕێتەوە لەسەر بیرکردنەوە و ڕەفتاری مرۆڤ. هەوڵی پاراستنی دۆخەکەو قایل بوون، بەشێکە لە بیرکردنەوەی مرۆیی، بۆیە گەر مەسەلەکە پەیوەستداریش بێت بە ژینگەو جوانی و ئەو شتانەوە کە ژیانی پێوە بەندە زیاتر وا لە مرۆڤ دەکەن پێوەی پابەندبێت و پارێزگاری لێبکات.

شەشەم: گریمانەی (ناشیرینی "پیسی"، کاریگەری هەیە لەسەر مرۆڤ بۆ پیسکردن و ناشیرینکردنی شوێن). دیسانەوە ڕاستی ئەم

گریمانەیە بە شێوەیەکی ڕێژەیی سەلماوە ئەگەر لە پرسیاری ژمارە (١٨)دا کە پرسیار لە فڕێ دانی پاشماوە کراوە لەسەر شەقامەکان کە (٧٣٪) نمونەکە دەڵێن پاشماوەکانمان فڕێنادەین و لە خشتەی ژمارە (٢٥)یشدا، بەهۆی جوانی و پاکی شەقامەکانەوە (٩٥٪)ی نمونەکە دەڵێن پاشماوەکانمان فڕێنادەین، بەڵام لە کاتی پیسبوون و ناشیرینی شەقام و شوێنە گشتییەکانەوە ئەم ڕێژانە گۆڕانیان بەسەردادێت و بەپێی خشتەی ژمارە (٢٦) ڕێژەی ئەوانەی کەپاشماوەکانیان فڕێ دەدەن بۆ (٤٧٪)ی نمونەی توێژینەوەکە بەرز دەبێتەوە، ئەم زانیاریەو سەلماندنی ئەم گریمانەیە کاریگەری جوانی و ناشیرینی لەسەر ڕەفتاری مرۆڤ دەردەخات.

باسی چوارەم:

ئاکامە گشتییەکانی توێژینەوە مەیدانییەکە

بابەتی توێژینەوەکە کۆمەڵێك ئاکامی بەدوای خۆیدا هێناوە، کە بەشێوەیەکی ورد و ئاشکرا لەم دیاردەیە نزیکمان دەکەنەوەو دەمانگەیەننە بەشێکی زۆری حەقیقەت و واقعی دیاردەکە و کاریگەرییەکانی لەسەر ڕەفتاری کۆمەڵایەتی تاکەکان دەردەخەن..

یەکەم: لە (٧٥٪)ی نمونەی توێژینەوەکە ئاسایی بەشەقام و شوێنەکاندا ڕادەبورن و شوێنەکان سەرنجیان ڕاناکێشن، بەو مانایەی مرۆڤ تەماشا دەکات، بەڵام مەرج نیە ببینێت، ئەمە جگە لەو ڕەهەندە بیریەی کە مرۆڤ تەنها ئەو شتانە دەبینێت کە دەیەوێت ببینێت. ڕەهەندێکی تری پەیوەستە بەڕاهاتنەوە، ڕاهاتنیش بۆخۆی بەرهەمی دوو حاڵەتە:

- وردنەبوونەوەی بەردەوام لێی و دروستبوونی وێنەیەك، کە ئەگەر ئەو شتە گۆڕانیشی بەسەردابێت (ئەگەر گۆڕانەکە بنەڕەتی نەبێت) هەست بەو گۆڕانە ناکرێت، بەهۆی زاڵیی ئەو وێنەیەی بەرهەمهاتوە.

- یەکێك لەو گرفتانەی پیسبوونی بینین بەدوای خۆیدا دەیهێنێت ڕاهاتنە بە ناشیرینی بینی، چونکە ناشیرنی بینینی وا لە مرۆڤ دەکات ڕابێت بەو جۆرە بینینەو بەرگری(مەناعە)ی کەم ببێتەوە بەرامبەر بەو پیسبوونەو دواجاریش دۆخەکە تاڕادەی هەستنەکردن بەجوانی و تەنانەت بەناشیرین بینینی جوانی، درێژدەبێتەوە.

دووەم: لە (٧٠٪)ی نمونەی توێژینەوەکە پێیان وایە کە لەکاتی بینینی شوێنێکی جوان لە ڕووی بیناسازییەوە (دڵخۆش و ئاسودە) دەبن، ئەمەش تاڕادەیەك بەرچاو ڕوونی دەبەخشێتە ئاڕاستەی توێژینەوەکە لەسەر ئەو بنەمایە خۆی بونیاد ناوە کە جوانی کاریگەری لەسەر دڵخۆشی هەیە و هەموو بیریارانی دەروونناسی کۆمەڵایەتی و کۆمەڵناسەکانیش لەو باوەڕەدان مرۆڤ لەکاتی دڵخۆشیدا دەتوانێت پەیوەندی کۆمەڵایەتیی بەهێز و ڕەفتاری ئاسایی بکات و گرفتەکانی کەمتر دەبێتەوە، هەروەها بە پێچەوانەشەوە بەپێی خشتەی ژمارە(٢٠) ئەوانەی شوێنێك یان شتێکی ناشیرینی وەك (بینای ناشیرین - شەقامی هەڵکەندراو و پڕلە چاڵوچۆڵی - حاویەی خۆڵ لەشوێنی گشتیدا) دەبینن (پەست و تورە دەبن) بەڕێژەی (٤٨٪)، هەروەها (ناڕەزایی دەردەبڕن) بەڕێژەی

(٤٧٪)، لێرەوە بەگشتی دەکرێت بوترێت ناشیرینی بینی کاریگەری لەسەر پەستبوون و ناڕەزایی دەربڕین و دڵناخۆشی هەیە. بۆیە بێزاری و تورەبوون دەبێتە هۆی لاوازکردنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و ڕەفتاری نائاسایی بەرهەمدەهێنێت و گرفتەکان زیاتر دەکات.

سێیەم: لە (٤٨٪)ی نمونەکە پێیان وایە (زۆر) و ڕێژەی (٣٣٪) پێیان وایە بەشێوەیەکی (مامناوەند) شوێنی نیشتەجێبوون کاریگەری لەسەر ڕەفتاری مرۆڤ هەیە ، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کەجوانی و ناشیرینی کاریگەری هەیە لەسەر ڕەفتارو ئاڕاستەی توێژینەوەکە ڕووناکتر دەکاتەوە. دەکرێ بوترێت شوێنێك توشی پیسبوونی ژینگەی بینراو بووبێت پەیوەندیی تاکەکانی ئەو شوێنە لاوازدەبێت و کار دەکاتە سەر ڕەفتاری کۆمەڵایەتییان، بەپێچەوانەشەوە تاکەکانی دانیشتوی شوێنێکی جوان، خاوەن پەیوەندییەکی کۆمەڵایەتی بەهێزن و ڕەفتارە کۆمەڵایەتییەکانیان ئاسایی و تەندروستە.

چوارەم: لە (٧٠٪) ی نمونەی توێژینەوەکە پێیان وایە نەبوونی هۆشیاری دەتوانێت ببێتە هۆکاری سەرەکیی پیسبوونی ژینگە،

ئەمەش گرنگی هۆشیاری دەردەخات، کە بە شێوەیەکی گشتی ئەوەی دەبێتە هۆی پیسبوونی ژینگەو ناشیرین کردنی شوێن لاوازی هۆشیاریی ژینگەییە، لە کاتێکدا ئاشکرایە کەهەر لەکۆنەوە فەیلەسوفان و بیریارانی کۆمەڵناسی گرنگی ژینگەیان لە پەیوەندی بەژیانی مرۆڤەوە دەرخستوە، تا دەگاتە ئەوەی هەندێك لەوبیریارانە بیرکردنەوە و مەعریفەی مرۆییان بەتەواوەتی بەبەرهەمی ژینگە زانیوە و لەو بوارەشەوە بەڵگەی خۆیان پیشانداوە، بەڵام دواجار ئەوە مرۆڤە کە بەهۆی خراپ بەکارهێنان و لەخزمەتی تەکنەلۆژیاو پێشکەوتنی پیشەسازییەوە کارێکی کرد، کە لاسەنگ بوونی هاوسەنگی ژینگەیی لێکەوتەوە. ئەمەش بەشێوەیەکی ئاگایانەیە بەو کارەی دەکرێت و دەزانرێت زیان بەژینگە دەگەیەنێت، بەڵام بەرژەوەندییەکانی سەرمایەداری هەرگیز گوێی بەو تەنگەژانە نەداوە، کە بۆ ژیانی مرۆیی دروستی کردوە، لەلایەکی ترەوە بە تایبەت لەوڵاتانی تازە پێشکەوتوودا زیاتر ئەوەی دەبێتە هۆی پیسبوونی ژینگە نائاگایی و لاوازی هۆشیارییە لەبەرامبەر گرنگی ژینگەدا، هەر بۆیە لەکۆمەڵگەی کوردیشدا سەرەڕای پیسبوون بە کیمیایی و تیشکی، کە بەهۆی جەنگەوە دروستبوون، بەشێکی

زۆری خەڵك ناخودئاگایانە هاوبەشن لە پیسکردنی ژینگەدا، ئەم بەرپرسیارێتیەش تا ئاستی دەسەڵاتی سیاسی و کارگێڕی درێژ دەبێتەوە و ئەوانیش هاوبەشن لەو پیسکردنەدا کە پەیوەستە بەنەبوون یان لاوازی هۆشیاریەوە.

پێنجەم: لە (٩٣٪) ی نموونەی توێژینەوەکە پێی وایە پیسبوونی ژینگە کاریگەری لەسەر تێکچونی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان هەیە. لە ئەمرۆی جیهاندا ئەوەی هەڕەشە لەبوون و مانەوەی مرۆڤایەتی دەکات جگە لە ئەگەری جەنگی ناووکی، پیسبوونی ژینگەیە. پیسبوونی ژینگە بەمانای تێکچونی هاوکێشەکانی ژیان دێت، چونکە دواجار جۆری پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و وێنای جیاوازیی کۆمەڵگەکان بەرهەمی جیاوازیی ژینگەکانە، چونکە بەپێی هەر ژینگەیەك دانیشتوانی ئەو شوێنە جۆری کارەکانیان دەست نیشان دەبێت و دواجاریش جۆری کار دەتوانێت ببێتە ئەو چوارچێوەیەی کە پەیوەندی و کارلێکی کۆمەڵایەتیی لێوە سەرچاوەدەگرێت، ئەو تاکانەی کە جۆری کارەکانیان کاری دەستەجەمعی هەرەوەزین خاوەن پەیوەندییەکی کۆمەڵایەتی وکارلێکی کۆمەڵایەتییەکی بەهێزن، بەڵام کاتێك ئەم تاکانە

ژینگەکەیان دەگۆڕدرێت یان توشی پیسبوون دەبێت و سروشتی ناوچەکەیان گۆڕانی بەسەردادێت بێگومان سروشتی کاری داهاتوشیان دەگۆڕێت، بەگۆڕانی کارەکانیشیان جۆری پەیوەندی و کارلێکە کۆمەلایەتییەکانیان دەگۆڕێت، ئەمە جگە لەوەی کە پیسبوونی ژینگە کاریگەری لەسەر رەفتاری کۆمەلایەتی مرۆڤ هەیە و ئەوەی دەستنیشانی پەیوەندییە کۆمەلایەتییەکان دەکات رەفتاری تاکەکانە لەگەڵ یەکتردا.

شەشەم: جوانی و ناشیرینی شوێن کاریگەری لەسەر پیسکردن یان پاکڕاگرتن و جوانڕاگرتنی خودی ئەو شوێنە هەیە، لە (٩٥٪)ی نموونەکە دەڵێن پاشماوەکانیان لەسەر شەقامەکان فڕێ نادەن ئەگەر هاتوو شەقامەکە پاك و جوان بێت، بەڵام لە کاتی پیسبوون و ناشیرینی شەقام و شوێنە گشتییەکاندا ئەم ڕێژەیە گۆڕانی بەسەردادێت و ڕێژەی ئەوانەی کەپاشماوەکانیان فڕێ دەدەن بۆ (٤٧٪)ی نموونەی توێژینەوەکە بەرز دەبێتەوە، چونکە ئەگەر لە دۆخی یەکەمدا (بوونی جوانی) ببێتە هۆی پارێزگاری لە خودی جوانیەکە، ئەوا لە دۆخی دووەمدا(بوونی ناشیرینی) دەبێتە هۆی ناشیرینکردن، چونکە پێی وایە کە ئەو هۆکاری پیسبوونەکە نیەو

(خۆتازە هەر پیسەو بەفڕێ نەدانی شەکەکەی ئەم پاك نابێتەوە)، بۆیە بە ئاسایی و بێ دوودڵی فڕێی دەدات. جارێکی تر ئەمە راستی و کاریگەریی پیسبوونی بینین لەسەر رەفتار دەردەخات.

بەشی شەشەم

دەرەنجام و پێشنیارەکان

دەرەنجامەکان:

١- ژینگە و پیسبوونی ژینگە کاریگەری راستەوخۆی لەسەر ژیانی کۆمەڵایەتی تاکەکانی کۆمەڵگە هەیە و جوانی و ناشیرینی

ژینگەو شوێن و سەرجەم ئەو شتانەی چواردەوری مرۆڤیان داوە و بۆی دەبن بە ژینگە ماددییەکەی کارگەریان لەسەر رەفتار و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان هەیە.

٢- یەکێك لەخەسڵەتی هەستی بینین بریتییە لەوەی مرۆڤ زۆرجار تەماشا دەکات، بەڵام ناتوانێت ببینێت، لاوازی بینین و هەست نەکردن بەشتەکان یەکێکە لە رووکارەکانی پیسبوونی بینین و بەرهەمی راهاتنە بە هەمان شت بینینەوە و هەست نەکردنە بەگۆڕان لە رێگەی بینینەوە.

٣- ئەگەرچی رەفتارە کۆمەڵایەتییەکانی مرۆڤ پابەندی میژووی ژیانی ئەو کەسەو پرۆسەی بەکۆمەڵایەتی بوونیەتی، بەڵام یەکێکی تر لەو پاڵنەرانەی کە کاریگەری لەسەر رەفتاری کۆمەڵایەتی مرۆڤ دادەنێت شوێنی نیشتەجێبوون و وێنای ئەو شوێنەیە. جوانی و ناشیرینی شوێنی نیشتەجێبوون یەکێکە لە فاکتەرە زۆر گرنگەکانی دروستبوونی رەفتاری کۆمەڵایەتی.

٤- سەرەڕای هەست نەکردن بەجوانی شوێن و بە ***ئاسایی*** ڕوانین و زۆرجاریش بە ***ناشیرین*** بینینی شار، بەڵام هێشتا زۆرینەی تاکەکانی کۆمەڵگەی کوردی شێوازی بیناسازی و ڕێگاوبان و

دیزاینی شەقامەکان جێگەی گرنگێن بۆیان، ئەمەش ئەوە نیشان دەدات ئەگەرچی ئەم تاکانە توشی پیسبوونی بێنین بوون، بەلاّم دەیانەوێت خۆیان لەم قەیرانە رزگار بکەن.

٥- یەکێکی تر لەدەرەنجامەکانی تۆژینەوەکە ئەوەیە کە دەسەلاّتی سیاسی و کارگێڕی کەمترین هەولّیان بۆ جوانکردن و پاکڕاگرتنی شار داوە.

٦- بەشێوەیەکی گشتی تاکەکانی کۆمەلّگەی کوردی لەهەستکردن بەبەرپرسیارێتی بەرامبەر بە ژینگە کەمتەرخەمن، ئەمیش بۆ لاوازیی هۆشیاری دەگەڕێتەوە.

پێشنیارەکان:

ئەگەرچی پێشنیارکردن بۆ چارەسەرکردنی دیاردەیەکی وەکو پیسبوونی بینین کارێکی هەروا ئاسان نیە، چونکە ئەم دیاردەیە

بەرەوشی کۆمەلّگەوە بەستراوە ، بەلاّم ئەوەی لێرەدا تۆژەر وەك پێشنیار دەیخاتەڕوو هەندێکیان جێبەجێکردنیان قورس نیەو دەکرێ لەماوەیەکی کورتدا بهێنرێنە دی، بەو هیوایەی کۆمەلّگەی کوردی لەهەموو جۆرەکانی پیسبوونی ژینگە بەدووردبێت و لەرووی بینینەوە لەوە زیاتر زیان بەچێژی گشتی نەگات...

١. بلاّوکردنەوەی هۆشیاری و کارکردن لەسەر پەرەپێدانی هۆشیاری کۆمەلاّیەتی و ژینگەیی کە ئەمانە زامنی گەشەکردنی کۆمەلّگەن، لە رێگەی (سیستمی پەروەردەیی – کەنالّەکانی راگەیاندن – کردنەوەی ژورکشۆپ و خولی تایبەتەوە).

٢. بەرزکردنەوەی هەستی بەرپرسیارێتی لای تاکەکانی کۆمەلّگە لەسەرجەم چین و تۆێژەکاندا، تا هەموو لایەك بەیەکەوە کاربکەن بۆ پاراستنی ژینگە و جوانڕاگرتنی دیمەن و سیمای شار.

٣. بەرزکردنەوەی پلەوپایەی کۆمەلاّیەتی و ئابووریی ئەو کەسانەی کە ژینگە پارێزن وەك هەولّی یەکەم لە هەستکردن بەبەرپرسیارێتی بەرامبەر ژینگەو هەستکردن بەگرنگی پاراستنی ژینگە.

٤. دانانی پلانی عەقلانی و مۆدێرن بۆ شار و دانانی کەسی پسپۆر لەو شوێنانەدا کە پەیوەندی بەشارەوانی و ژینگەی شارەوە هەیە، هەروەها حکومەت بەردەوام هەوڵی پاراستن و پاکڕاگرتنی شاربدات، بەڕەچاوکردنی ئەم خاڵانە:

أ- گەشەپێکردنی شار بە شێوەیەکی ئەندازەیی.

ب- سەوزکردنی شار لە ڕێگەی نەمام و پارکی گەورە و ئەندازەیی و جوانەوە.

ت- دانانی شوێنی تایبەت بە فڕێدانی خۆڵ و بەردەوام چاککردنەوەیان.

پ- ڕووناککردنەوەی شار لەشەودا و دانانی ڕووناکی ڕەنگاوڕەنگ لەو شوێنانەدا کە پێویستن.

ج- دابینکردنی کارەبا و لابردنی مۆلیدە و وایەرەکانی، کە لەبینینیاندا مرۆڤ دەکەوێتە ناو بیری تەونی جاڵجاڵۆکە.

ح- جیاکردنەوەی پیشەوەران لەیەکتری و دوورخستنەوەیان لەناوەندی شار.

خ- لابردنی تابلۆی ریکلامەکان و نوێکردنەوەیان بەشێوەیەکی هاوچەرخ و سنوردار بێت، چونکە بینینیان زیان بە چێژ دەگەیەنێت.

٥. دانانی دەقی یاسایی بۆ پاراستنی ژینگە و کاراکردنی ناوەند و دەزگاکانی ژینگە پارێزی.

٦. دانانی غەرامە بۆئەوانەی ژینگە پیس دەکەن و شتومەک فڕێ دەدەنە سەر شەقامەکان.

٧. ڕاهێنانی خەڵک لەسەر چێژ وەرگرتن لە ڕەنگ و جوانی.

٨. گرنگی دان بەمەسەلە جوانی بینیەکان لەلایەن دەزگا پەروەردەیی و ڕاگەیاندنەکانەوە.

٩. لەکۆتایشدا ئەوەی دەمێنێتەوە ئەوەیە تۆێژەر بەگرنگی دەزانێت کە تۆێژینەوەی زانستی تر لەسەر ئەم بابەتە بکرێت و ڕوەکانی تری بخوێندرێتەوە.

سەرچاوە کوردیەکان:

١. سازگارا، بەروين - ئاوڕدانەوەیەك لە كۆمەڵناسی- وەرگێڕانی: جەواد مستەفا - چاپخانەی ڕۆشنبیری هەولێر - ٢٠٠٣

٢. سیوەیلی، ڕێبوار- دنیای شتە بچوكەكان - چاپخانەی ڕەنج - چاپی دووەم - سلێمانی- ٢٠٠٥

٣. موحسنی، مەنوچێهر - دەروازەكانی كۆمەڵناسی - وەرگێڕبوار سیوەیلی- موسڵح ئیروانی- مرادحەكیم...-چاپی یەكەم- دەزگای چاپ و بڵاوكردنەوەی موكریان- هەولێر-٢٠٠٢

سەرچاوە عەرەبیەكان:

١. ئیم.هولی – جی. رجیها– جی.سلادك– الانسان والبیئة– ترجمة:عصام عبداللطیف– منشورات وزارة الثقافة والفنون– دار حریة للطباعة– بغداد– ١٩٧٩.

٢. ابو زید، د. احمد – البناء الاجتماعي مدخل لدراسة المجتمع – دار الكاتب العربي– ١٩٦٧

٣. احمد سید، د. سمیرة – مصطلحات علم الاجتماع– مكتبة الشقري– طبعة الاولی– ١٩٩٧– سعودية

٤. بدون مؤلف– ترجمة: المهندس محمود حمندي– حاضرة المستقبل– عن مجلة ديدالس– مراجعة: فخري خليل– دار شؤون الثقافية العامة– بغداد–١٩٨٦

٥. بن علي ابو عواد، د. صالح – التنمية الوعي البيئي– مكتب التربية العربي لدول الخليج– الرياض – ٢٠٠٥

٦. الجابري، د. خالد و مجموعة من الباحثين – العوامل الاثار الاجتماعية لتلوث البيئة – بيت الحكمة– بغداد– ٢٠٠١

٧. حسين الالوسي، جمال – مصطفى محمد عيسى – حسن حطاب صخي– مبادئ علم النفس – مديرية مطبعة وزارة التربية ، الطبعة الخامسة– بغداد – ١٩٨٥

٨. حسين صالح، قاسم – سايكولوجية ادراك اللون والشكل – دارالرشيد للنشر . بغداد ١٩٨٢

٩. الحمد، رشيد – سعيد صباريني– البيئة و مشكلاتها– سلسلة عالم المعرفة– الكويت– ١٩٧٧

١٠. خليل عمر، أ.د. معن – مناهج البحث فی علم الاجتماع– دار الشروق– عمان.١٩٩٧

١١. ر.بودون– و.ف يوريكو– المعجم النقدي لعلم الأجتماع – ترجمة: د. سليم حداد المؤسسة الجامعية للدراسات و النشر والتوزيع – بيروت

١٢. زين العابدين، علي – د. محمد بن عبد المرضي– تلوث البيئة– مكتبة الاكاديمية القاهرة– ١٩٩٢

١٣. الشرقاوي، د. انور – د.طلعت منصور– د. فاروق ابو عوف – د. عادل عزالدين– اسس علم النفس العام – مكتبة الانجلو المصرية – القاهرة – ١٩٧٨

١٤. صالح السامرائى، د. نبيهة – العلوم السلوكية في التطبيقات الادارية – دار زهران للنشر– الاردن – بدون السنة.

١٥. عبد الحميد احمد رشوان، د. حسين – البيئة والمجتمع – المكتب الجامعي الحديث– ٢٠٠٦

١٦. عبد السلام زهران، د. حامد – علم النفس الاجتماعي – كلية التربية – جامعة عين الشمس – ١٩٨٤

١٧. عبدالحميد العانى، ا.د. عبداللطيف – ا.مديحة عونى– د.معن خليل عمر– مدخل الى علم الاجتماع– وزارة التعليم العالى والبحث العلمى– جامعة بغداد– بغداد–١٩٨١

١٨. عبدالرزاق الباز، د. داود – الاساس الدستوري لحماية البيئة من التلوث – دار الفكر الجامعي– الاسكندرية ٢٠٠٦

١٩. عبدالمقصود، د.زين الدين – البيئة و الانسان– دراسة فى مشكلات الانسان مع البيئة– منشأة المعارف – الاسكندرية– ١٩٩٧

٢٠. مجموعة الحوار المدني في البصرة– الامن البيئي – مؤتمر شقلاوه . ٢٠٠٧

٢١. محمد الحسن، أ. د. احسان – موسوعة علم الاجتماع– الدار العربية للموسوعات– طبعة الاولى – بيروت ١٩٩٩

٢٢. محمد الحفار، سعيد – نحوبيئة افضل– دارالثقافة– الطبعة الاولى– الدوحة– ١٩٨٥

٢٣. محمد حسن، عبدالباسط – اصول البحث الاجتماعى– مكتبة انجلو المصرية– قاهرة– ١٩٧١.

رۆژنامەی کوردی:

١. بەکر قەساب، ئەندازیار جەمال – سلێمانی دوچاری زۆرترین پیس بوونی بینین بوە– رۆژنامەی ڕۆژنامە– ژمارە (٧٦)– ٢٠٠٧/١٠/٨

ماڵپەڕی ئینتەرنێت:

١. البيئة البصرية– مقابلة مع د. محمد نعيم الحابي – موقع جريـــــــدة الثـــــــورة– ٢٠٠٧ .
www.thawra.alwehda.gov.sy

٢. التلوث البصرى..لماذا اختفى الجمال من حياتنا؟ موقع بيئتى www.beeaty.tv

٣. عبدالعزيز الطياش، د. خالد بن – التلوث البصري في المدينـــــة– جريـــــدة الريـــــاض – عـــــدد(1426)
www.sabraeng.com

زانکۆی سلێمانی
کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتیەکان
بەشی کۆمەڵناسی

ژمارەی فۆرم :
رێکەوت: / / ٢٠٠٨

﴿کاریگەری پیسبوونی ژینگەی بینراو، لەسەر رەفتاری کۆمەڵایەتی﴾

هاووڵاتی بەڕێز.. ئەم فۆرمەی لە بەردەستتدایە بەمەبەستی کۆکردنەوەی زانیاریە لەسەر پیسبوونی ژینگەی بینراو، و کاریگەری لەسەر رەفتاری کۆمەڵایەتی. بەمەبەستی ئەنجامدانی توێژینەوەیەکی زانستی لەسەر ئەم بابەتە، تۆی بەڕێزیش دەتوانیت هاوکارمان بیت بە پڕکردنەوەی ئەم فۆرمە بە ڕەچاو کردنی ئەم خاڵانەی لای خوارەوە:

١- پێویست بە نوسینی ناوونیشان ناکات.
٢- تکایە لە بۆشاییەکەدا تەنها هێمای [ ] دابنێ.
٣- تکایە بۆ هەر پرسیارێک، تەنها لە یەک بۆشایدا ئەو هێمایە دابنێ.

هاوکاریتان مایەی ڕێز و سوپاسە.

ئامادەکردنی:
هەوراز محەمەد

بەسەرپەرشتی
د. نیان نامق

(٢٠٠٨زایینی - ٢٧٠٨ کوردی)

١. ڕەگەز : ☐ نێر ☐ مێ

٢. تەمەن: ☐☐ ساڵ

٣. ئاستی خوێندن : نەخوێندەوار ☐ نەخوێندەوە و نەنووسی ☐ سەرەتایی ☐
ناوەندی ☐ ئامادەیی ☐ پەیمانگا ☐ کۆلێژ ☐
خوێندنی باڵا ☐

٤. پیشە: ☐☐☐☐☐

٥. باری خێزانی: سەڵت ☐ خێزاندار ☐ ئاک مردوو ☐

٦. ژمارەی ئەندامانی خێزان: ☐☐ کەس

٧. شوێنی نیشتەجێبوون: ناوەندی شار ☐ قەزا ☐ ناحیە ☐
ئوردوگا ☐ گوند ☐ هێتر ☐

٨. جۆری خانوی نیشتەجێبوون: موڵک ☐ کرێ ☐ حکومی ☐ هێتر ☐

٩. نیشتەجێبوونت لەو ماڵەدا و شوێنی ئەو خانوە تا چەند لەگەڵ هەڵەکانی تۆدا دەگونجێت؟
ڕۆر ☐ ماماوەند ☐ کەم ☐ هیچ ☐

١٠. لە چ شوێنێکدا هەست بە جوانی ژینگە ماڵیەکەی دەوروبەرت دەکەیت؟
شوێنە گشتیەکان(پارک) ☐ شوێنە تایبەتەکان(ماڵ) ☐ هیچ شوێنێک ☐

١١. لەکاتی بینینی شوێنێکی خۆش یان جواندا لە ڕوی بیناسازیەوە، هەست بە چی دەکەیت؟
دڵخۆشی و ئاسوودەیی ☐ ئاسایی ☐ ئاسوودە ☐

١٢. کامێک شوێنێکی ئاشرین دەبینیت هەست بەئەبوونی تەسیق یان تا ڕێکوپێکی دەکەیت وەک
بینینی (بینای ئاشرین – شەقامی هەڵکەندراوو پر چاڵوچۆڵی – حاوەیەی خۆل لەگشتی دا)چی
دەکەیت؟
ئاسایی ☐ پەست و تووڕەدەبم ☐ تاوەزایی دەردەبڕم ☐

١٣. تاچەند زانیاریت هەیە لەسەر ڕەنگ و شێوازی ڕێکخستنی ڕەنگی جل و بەرگەکانت؟
ڕۆر ☐ کەم ☐ گرنگی پێنادەم ☐

١٤. لەشەقام و باخچەو شوێنە گشتیەکانا تاچەند جوانی و ڕێکخستنی ڕەنگەکان هەست پێدەکەیت؟
ڕۆر ☐ ماماوەند ☐ کەم ☐ هیچ ☐

١٥. ئایا شارەکەتت پێ جۆنە؟
جوانە ☐ ناشرینە ☐ ئاسایی ☐

١٦. ئایا شێوازی بیناسازی و ڕێگاوبان و شەقامەکان جێگەی گرنگێ بۆ تۆ؟
بەڵێ ☐ نەخێر ☐

١٧. ئایا ئەو شوێنانەی کە هاتوچۆی لێوە دەکەیت بەردەوام سەرنجت ڕادەکێشن یان هەر بە ئاسایی
بەلایانا ڕەت دەبیت؟
سەرنجم ڕادەکێشن ☐ ئاسایی ڕەت دەبم بەلایانا ☐

١٨. ئایا پێتوابە ژینگەکەت ژینگەیەکی پاکە؟
ڕۆر ☐ ماماوەند ☐ کەم ☐ هیچ ☐

١٩. ئایا پەیمبوونی ژینگە دەگەڕێنێتەوە بۆ چ هۆکارێک؟
نەبوونی هۆشیاری ☐ هۆکاری سیاسی ☐ هۆکاری پیشەسازی و ئابووری ☐

٢٠. ئایا پێت وایە تاج ڕادەیەک دەسەڵاتی سیاسی وکارگێڕی هەوڵبداوە بۆ جوانکردنی شار و پاک
ڕاگرتنی ژینگە؟
ڕۆر ☐ ماماوەند ☐ کەم ☐ هیچ ☐

٢١. ئایا تا چەند جوانی و ئاشرینی ئەو شوێنانەی کە تیایدا دەژیتکایگەری هەیە لەسەر ڕەفتارت؟
ڕۆر ☐ ماماوەند ☐ کەم ☐ هیچ ☐

٢٢. ئایا پێت وایە پیسبوونی ژینگە کاریگەری هەیە لەسەر بەپیودنیە کۆمەڵایەتیەکان؟
بەڵێ ☐ نەخێر ☐

٢٣. ئایا لە شوێنی نیشتەجێبوونتدا تاچەند گرنگی بەجوانی و ڕێکخستن دەدەیت؟
ڕۆر ☐ ماماوەند ☐ کەم ☐ هیچ ☐

٢٤. ئەو گانەی بە شەمنکدا ڕەت دەبیت و پاشماوەی(قنری بیسمی، کاغەزی بسکویت، هتد) چی
لێدەکەیت؟
فرێی دەدەم ☐ دەگەڕێم تا سەڵەی خۆڵێک دەدۆزمەوەو دەیخەمە ناری ☐

٢٥. ئایا ئەگەر بتوێت کەسێکی ئازیزت ببینیت چ شوێنێک هەڵدەبژێریت؟
شوێنێکی جوان(باخچەیەک) ☐ هەرشوێنێک بێت ☐ ماڵەوە ☐

٢٦. ئایا ئەگەر باشماوەیەکت پێبوو وبستت فرێی بدەیت، بەڵام شەقامەکە زۆر پاک و جوان بوو هەر
فرێی دەدەیت؟
بەڵێ ☐ نەخێر ☐

٢٧. ئەی ئەگەر شەقامەکە زۆر پیس و پاشەڕۆی تێدابوو فرێی دەدەیت؟
بەڵێ ☐ نەخێر ☐

٢٨. هەندێک لەڕشتانە بنوسە کەتۆ بە بینینیان هەستیەئاسودەیی دەکەیت و پێت وایە نمونەی
ئاشرینونی شارن؟
.....
.....
.....

٢٩. بەڕای تۆ چارەسەر چیبە بۆ پاکڕاگرتنی ژینگە و جوانکردنی شار:
.....
.....
.....

وێنەی ١

وێنەی ٢

وێنەی ٣

وێنەی ٤

ویٚنەی ٥

ویٚنەی ٦

ویٚنەی ٧

ویٚنەی ٨

وێنەی ٩

وێنەی ١٠

وێنەی ١١

وێنەی ١٢

وێنەی ١٣

وێنەی ١٤

وێنەی١٥

وێنەی ١٦

وێنەی ١٧

وێنەی ١٨

مەکتەبی بیر و هۆشیاری

پیسبوونی بینین و کاریگەری لەسەر ڕەفتاری کۆمەڵایەتی

توێژینەوەیەکی سۆسیۆسایکۆلۆژیی مەیدانیە

ئەم توێژینەوەیە وەك بەشێك لە پێویستیەکانی وەرگرتنی

بڕوانامەی بەکالۆریۆس لە کۆمەڵناسیدا پێشکەش بە بەشی

کۆمەڵناسی زانکۆی سلێمانی کراوە، بە پلەی باڵا وەرگیراوە.

هەوراز محەمەد

aramhh2003@yahoo.com

بلاوکراوەکانی مەکتەبی بیروهۆشیاری (ی. ن. ك)
٢٠٠٧ ـ ٢٠٠٨

٢١٠.	عیراق، سەردەمی ساغ بوونەوە	بەکر صدیق	٢٠٠٧
٢١١.	تیرۆرو سەقامگیری سیاسیو چەند لێکۆڵینەوەیەکە تر	بەکر صدیق	٢٠٠٧
٢١٢.	کەرکوك بۆ مێژوو دەدوێت	سەرپەرشتیار/ مامۆستا جەعفەر	٢٠٠٧
٢١٣.	دەستورو ژن	و: کامیل محەمەد قەرەداخی	٢٠٠٧
٢١٤.	ژان ژاك رۆسۆ	کاوە جەلال	٢٠٠٧
٢١٥.	مبدآ الفصل بين السلطات و وحدتها	القاضي / لطيف مصطفى أمين	٢٠٠٧
٢١٦.	بنچینەکانی کورد	ن. ڤلادیمیر مینۆرسکی و. نەجاتی عەبدوڵڵا	٢٠٠٧
٢١٧.	لەدیکتاتۆریەوە بۆ دیموکراسی	کارزان محەمەد	٢٠٠٧
٢١٨.	کەرکوك لەسەردەمی دەوڵەتی عوسمانیدا	گۆران سالّح	٢٠٠٧
٢١٩.	زمانە فەرمیەکان	تاریق جامباز	
٢٢٠.	ئەنفالو دادگا	سالار مەحمود	٢٠٠٧
٢٢١.	نۆڤین _ ١٠ _	ــ	٢٠٠٧
٢٢٢.	الکرد	د.نوری تالّەبانی	٢٠٠٧
٢٢٣.	هەڵۆی سوور (چاپی دووەم)	مامۆستا جەعفەر	٢٠٠٧
٢٢٤.	مام جەلال	مامۆستا جەعفەر	٢٠٠٧
٢٢٥.	المدخل الى القانون الدولي الانساني	جبار سعيد محي الدين	٢٠٠٧
٢٢٦.	الکُرد اليوم	ت: غسان نعسان	٢٠٠٧
٢٢٧.	سەرۆك وەزیرانی بەریتانیا	و: ئاوات عەبدوڵڵا	٢٠٠٧
٢٢٨.	رێبازی لێکۆڵینەوە لەزانستی سیاسیدا	ئیسماعیل شێخ موراد	٢٠٠٧

٢٢٩.	رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان	و. کارزان عومەر	٢٠٠٧
٢٣٠.	تیرۆر	هیمداد مەجید عەلی	٢٠٠٧
٢٣١.	گەنجە کوردەکان	فەرهاد پیربالّ	٢٠٠٧
٢٣٢.	بەعسیزم و کورد	سۆزان کەریم مستەفا	٢٠٠٧
٢٣٣.	بەرێوەبردنی کۆبونەوەکان	محەمەد فاتح	٢٠٠٧
٢٣٤.	شاری کەرکوك	پشکۆ حەمە تاهیر	٢٠٠٧
٢٣٥.	میرعەبدال خانی بدلیس	بوار نورەدین	٢٠٠٧
٢٣٦.	فەلسەفە ـ رۆشنگەری، فێندەمێنتالیزم	و. شوان ئەحمەد	٢٠٠٧
٢٣٧.	عێراق، قەیرانی ئاسایشو ستراتیژێتیو بنیاتنانەوەی	فەرزەند شێرکۆ	٢٠٠٧
٢٣٨.	نۆڤین ژمارە ـ ١١ ـ	-	٢٠٠٧
٢٣٩.	الحقوق السياسية للكورد فى الدول التى تضم كردستان	ليلاف حمد أمين عزيز	٢٠٠٧
٢٤٠.	مێژووی شۆرشی ڕوسیا	لێون تڕۆتسکی و. عەزیز ئالانی	٢٠٠٧
٢٤١.	دەروونناسی جەماوەری فاشیزم	ویلهلم رایش و. هەژار جوانڕیی	٢٠٠٧
٢٤٢.	جاش و جینۆساید	مەحمود سەنگاوی	٢٠٠٧
٢٤٣.	زارا ـ عەشقی شوان	محەمەدی قازی و. عەزیز گەردی	٢٠٠٧
٢٤٤.	پوختە باسێك دەربارەی سۆسیال دیموکراتی	زانا	٢٠٠٧
٢٤٥.	تأريخ تركيا المعاصر	ت. د. هاشم صالح تكريتي	٢٠٠٧
٢٤٦.	لەگۆڕەپاندا	و. ساروز ئەفروزی	٢٠٠٧

٢٤٧.	نۆڤین ـ١٢ـ	ــ	٢٠٠٧
٢٤٨.	المنطقة المتنازع عليها	د.خليل اسماعيل محمد	٢٠٠٧
٢٤٩.	فەلسەفەی سۆسیال دیموکراتی	د. حەمید عەزیز	٢٠٠٧
٢٥٠.	سۆسیال دیموکراتی	مامۆستا جەعفەر	٢٠٠٧
٢٥١.	هەرێمی کوردستان و تورکیا	مامۆستا جەعفەر	٢٠٠٨
٢٥٢.	پارتی سۆسیال دیموکراتی سویدی	عوسمان حەمە رەشید گوروون	٢٠٠٨
٢٥٣.	جلال طالباني رجل القرار	حوار الفضائية العراقية	٢٠٠٨
٢٥٤.	لەکییە هاردیەوە بۆ گۆردن براون	سلێمان عەبدوڵڵا	٢٠٠٨
٢٥٥.	دەسەڵاتی دادوەری	گۆران ئازاد حمە گەمان	٢٠٠٨
٢٥٦.	جەنگی دەروونی	ئاراس فەریق زەینەڵ	٢٠٠٨
٢٥٧.	كركوك بموجب احصاء عام ١٩٥٧	قسم البحوث واستطلاعات الرأي	٢٠٠٨
٢٥٨.	مام جەلال جێگری سەرۆکی سۆسیالیست ئینتەرناسیۆنال (ی. ن. ك) ئەندامی هەمیشەیی	مەکتەبی بیروهۆشیاری	٢٠٠٨
٢٥٩.	گۆڤاری نۆڤین ـ ١٣ ـ	ـ	٢٠٠٨
٢٦٠.	پرۆژەی قانونی بەگژدا چونەوەی گەندەڵی	کاوسێن بابەکر	٢٠٠٨
٢٦١.	دەروازەیەك بۆ پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان	د. ئەنوەر محەمەد فەرەج	٢٠٠٨
٢٦٢.	كردستان والسياسة السوفيتية في الشرق الأوسط	تأليف: فاضل رسول ترجمة: غسان نعسان	٢٠٠٨
٢٦٣.	ئاشنا بوون بە سۆسیال دیموکراتی	کارزان کاوسێن	٢٠٠٨
٢٦٤.	جیهانێکی دادپەروەر شیاوە	کارزان کاوسێن	٢٠٠٨
٢٦٥.	لێپرسراوێتیو خۆشگوزەرانی هاوبەش	کارزان کاوسێن	٢٠٠٨
٢٦٦.	پێبەپێی میژوو بەرەوبەهەشت	کاوسێن بابەکر	٢٠٠٨

٢٦٧.	كردستان والحقوق القومية للتركمان	د. مكلام الطالباني	٢٠٠٨
٢٦٨.	قەیرانەکانی دیموکراسی	رالف دارن دۆف و. لەئەڵمانیەوە:ئیسماعیل حمەئەمین	٢٠٠٨
٢٦٩.	قضية إبادة الأرمن امام المحكمة أو قضية طلعت باشا	ت. عن الألمانية: غسان نعسان مراجعة: ماموستا جعفر	٢٠٠٨
٢٧٠.	ئیرلەندای باکوور	سلێمان عەبدوڵڵا یونس	٢٠٠٨
٢٧١.	ناوچەکانی ململانێ لەنێوان کوردو حکومەتەکانی عێراقدا	هەورامان کەمال میرزا عەبدوڵڵا تاریق رەئوف محەمەد	٢٠٠٨
٢٧٢.	نوروز عيد الأمجاد ومغفرة الأحفاد	د.أحمد عبدالعزيز محمود	٢٠٠٨
٢٧٣.	الكرد في كتاب تجارب الأمم وتعاقب الهمم	د.أحمد عبدالعزيز محمود	٢٠٠٨
٢٧٤.	نیچەو مەسیحیەت	و. لەفارسیەوە: مەسعود بابایی	٢٠٠٨
٢٧٥.	میژووی قەدەغەکردنی کتێب لەکتێبخانەی گشتیی کەرکدا	حەمەدیان	٢٠٠٨
٢٧٦.	علميني يا كركوك كيف ابكبك	محمد شوان	٢٠٠٨
٢٧٧.	چوار رۆژ لەکوردستانی ئازاد دا	موکەرەم تالەبانی	٢٠٠٨
٢٧٨.	مسألة إبادة الأرمن امام المحكمة ـ الطبعة الثانية	ترجمة: غسان نعسان مراجعة: ماموستا جعفر	٢٠٠٨
٢٧٩.	پرۆژە یاساکانی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی	سمکۆ ئەسعەد ئەدهەم	٢٠٠٨
٢٨٠.	یەکگرتووی ئیسلامی لەنێوان ئیسلامیبوونو نەتەوەیبووندا	بەختیار عبدالرحمان	٢٠٠٨